# بویروق

**فەرمانی حەزرەتی شێخ سەفی**

"کتێبی پیرۆزی شەبەک"

زنجیرەی لێکۆڵینەوەکانی یارسان

لە ژێر چاودێریی

د. محەمەد عەلی سوڵتانی

ژمارە ٦

گەنجینەی فەرهەنگ و باوەڕی عەلەوی
یەکەمین وەرگێڕاوی بویروق بە زمانی کوردی

# بویروق

## فەرمانی حەزرەتی شێخ سەفی

"کتێبی پیرۆزی شەبەک"

وەرگێڕانی:
ئارەشی ئەمجەدی


دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ۲۸ تشرین (۲) ۱۹۹۸ هاتووەتە دامەزران

بویروق - فەرمانی حەزرەتی شێخ سەفی
وەرگێڕانی: ئارەشی ئەمجەدی
کتێبی ئاراس ژمارە: ۱۱۵۰
چاپی یەکەم ۲۰۱۱
تیرێژ: ٦۰۰ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ۷۱۸ - ۲۰۱۱
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: فەرهاد ئەکبەری، شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

هو

بویروق (فەرمان، فەرمایشەکان، کتێبی پیرۆزی قزڵباشە عەلەوییەکانی کە گرینگایەتی و ئیعتبارێکی تایبەتی لەلای پێڕەوانی ئەو "گرووپە" هەیە). یاسا و فەرمانەکانی ئەم کتێبە پیرۆزە لەلایەن حەزرەتی ئیمام جەعفەری سادق علیە السلامە وە دەزانن کە ئەوەش لە لایەن بەڕێز شێخ سەفیەدینی ئەردەبیلییەوە تەڵقین کراوە و پێڕەوانی تەریقەتی شەبەک (شابەغ، شابەیگ، شابەگ) کە لە بنەمادا وشەیەکی کوردییە و هەروەها قزڵباش کە هەڵگری پێناسەیەکی باوەڕیی سەربازی و وشەیەکی تورکییە، هەردووکیان بە پێڕەوانی شا ئیسمائیلی سەفەوی و باپیرانی دەگوترێ. بیرورِا و بۆچوونەکانیان بۆ راز و رەمزە قووڵەکانی بڕوای عەلەوی دەگەڕێنەوە، چونکە لە سەردەمی شێخ سەفیەدینی ئەردەبیلی و شوێنکەوتووانیدا، هەموو تەریقەتە عەلەوییەکان بە بیرو هزر نهێنییەکان و داو و نەریت و رێورەسمەکانیانەوە چوونە ریزی تەریقەتی سەفەوی و پاشان لە بازنەی قزڵباشەکاندا دانران و گشت ئەو شتانەی ئەمڕۆ لە ناو گرووپە عەلەوییەکاندا سەرنجڕاکێشە و بیرو بڕوای خاوەن ڕایان و لێکۆڵەران و توێژەرانی خەریکی خۆ کردووە، دەبێ لەکتێبی پڕبایەخ و رێزداری بویروقدا پێ و شوێنی هەڵبگیردرێ.

لە راستیدا ئەم کتێبە بنەمای (دار التقریب)ی تاقمە عەلەوییەکانە و بەتەواوی لەم ئاوێنەیەدا، بنج و ریشەکانی داو و نەریت و رێورەسمەکانی یارسان، بەکتاشی، قزڵباش، عەلەوی و شەبەک، بەباشی دەبینرێتەوە.

بەتەوەرەبوونی حەزرەتی ئیمام جەعفەری سادق(ع) لە نێو عاریفە ئیسلامییەکاندا بەتایبەت عاریفەکانی بەستێنی خوراسان کە زێدی ئەندێشەی قووڵی ئاینی عەلەوی لە هەموو وڵاتە ئیسلامییەکان، لەوانە، ئێران، تورکیا (عوسمانی)، عێراقی ئێستاکە، سووریا (شام)، ئالبانیا، میسر و زۆرێک لە وڵاتانی ئەوروپاییە باسێکی هەراو و سەربەخۆ دەگرێتەوە کە لەم وتارەدا ناگونجێ.

شایانی باسە کە سۆفییان و سەر بەسۆفیبوون لە کتێبی بویروقدا بە واتا ئاساییەکەی خۆی لە گۆڕەپانی عیرفان و تەسەوفدا نییە، بەڵکو مانایەکی تایبەتی هەیە و پێڕەوانی بنەماڵەی سەفەوییە و شێخ سەفیەدینی ئەردەبێڵی دەگرێتەوە.[١]

بەختەوەرین کە توانیمان دەقە بەڵگەمەند و جێ متمانەکان کە برێتین لە پێوەندیی ژێرخانی و هەروەها پێوەندیی بڕوایی ـ ئیعتیقادی نێوان نەحلە یان تاقمەکانی (کاکەیی= یارسان= ئەهلی هەق) و (شەبەک = قزڵباش)، لە بواری لێکۆڵینەوەکانی یارسان، بە چاوەدێری و ڕێنوێنیی راستەوخۆی خۆ، بۆ یەکەم جار لە درێژەی مێژووی عەلەوییاندا بە یارمەتیی یاران. وەرگێڕینە سەر فارسی و کوردی و شرۆڤەیان بکەین.

لە هەق داوای سەرکەوتن دەکەین و ئاواتەخوازی تەندروستی و بەختەوەریی یارانی هاوڕێ لە سوڵتانی حەقیقەتین.

د. محەمەد عەلی سوڵتانی

---

١- سۆفییە قزلباشەکان (شەبەک) لە سۆنگەی بەیعەتکردن لەگەڵ بنەماڵەی شێخ سەفیەدینی ئەردەبیلی و تەشەڕوف بە تەریقەتی سەفەوییە، سۆفییان پێ دەگوترا. بەڵام، لە بواری داوونەریت و ئەرکاندا، بە شێوەی گشتی لە قوتابخانەکانی سۆفییە جیاواز و هەندێ جاریش دژ بە یەکترن. بێدەنگیی (نفحات الانس)ی جامی لەبارەی تەریقەتی سەفەویە و هەروەها سەرچاوەکانی نیعمەتوڵڵاهییە و تەریقەتەکانی تری سۆفیە، لە دژایەتییەوە سەرچاوەی گرتووە.

## ئەمەیە ریسالەی شێخ صفی [ سەفی ] رحمـة الله علیه

بسم الله الرحمن الرحیم

الحمدُ لله رب العالمین

محمد وأهله و اولاده و الأصحابه اَجمعین

برحمتك یا ارحم الراحمین

ئێستە بزانە کە بابەتە چوارینەکان، واتا شەریعەت، تەریقەت، مەعریفەت و حەقیقەت، لە لایەن خوای تەعالاوە لە رێی رەسوولّی خۆیەوە بە ئوممەتەکەی راگەیەندرا.

حەمد و سوپاس بۆ ئەو ئافرێنەرە کە ئافرێنراوانی خولّقاند، ئادەمی هێنایە ئاراوە و محەمەدی مستەفای لە نێو ئافرێنراواندا عەزیز و رێزدار کرد.

هەروەها ئادەمی بە خوو خدە و روالّەت و مەعریفەت هێنایە ئاراوە و کردی بە نەفسی ناتیقە و هەموو ئەرکانی شەرع و ئەحکامی تەریقەتی پێ فەرموو. وە درووود بۆ نەوەی ئادەم کە پاکژ و بێ خەوشە

ئێستا، مرازی ئەم هەژارە نادیارە ئەوەیە کە لە کەلامی سولّتانی ئەولیا و بورهانی ئەسفیا ـ شێخ سەفی درووودی خوای لە سەربێ ـ حالّی ئەهلی شەریعەت، تەریقەت، مەعریفەت و حەقیقەت، مەناقیبی شێخ، تەریقەتی ئەولیا، سرڕی مەشایخ، ئادابی مورید و خزمەتی تالیب، هەرکام چوارە و رۆح چوارە، نەفس چوارە، مەقامی ئەهلی حالّ چوارە:

مەقامی یەکەم شەریعەتە، بۆ خەلّکی ئاسایی،

مەقامی دووەم تەریقەتە، بۆ دەسپێک

مەقامی سێیەم مەعریفەتە، بۆ دواجار

مەقامی چوارەم حەقیقەتە بۆ کۆتایی

هۆی گێڕانەوەی ئەم قسانە ئەوەیە کە محەمەدی مستەفا (صلی الله علیە و سلّم)، کاتێ کە گەیشتە میعراج، بە بیست هەزار وشەی لەگەڵ هەق تەعالا دوا، و گیان و تەوەرەی کەلامی مەعریفەت (سرٌ الله)، بەڵام نەوەد هەزار وشەی [بە گوێی خۆی] بیست، کە سی هەزاری حەقیقەتە.

شەریعەت قەولی محەمەدە، تەریقەت، رێگەیەتی و مەعریفەت کردەوە و حەقیقەت، حاڵیەتی.

وە سی هەزار نوور، هێز و دەسەڵاتی هەق (سبحانَە وَ تعالا)، ئەولیا و عەلیی (لە کەلامی مەعریفەت)، دیت، ئەو دیتنیە وەلاوە نا و سەری سوا وە دەرگای مەولا. ئەمە مەقامی نیازە.

دەروێش، ئەگەر جەمالی خۆی وەک ئاوێنەی هەق ببینێ و سەیری بکات، بەردەوام جەمالی شێخ وەک جەمالی خۆی وەسف دەکات، بۆ خزمەت و کردەوە و ئەوینی ئەولیاش، هەوڵ دەدات. ئەوکات دەگاتە مەقامی «مَن عَرَف نفسە فَقَد عَرَف رَبّە»، کە بۆ ئەهلی خۆی بە تەواوی ئاشکرایە.

بۆ هەریەکە لە شەریعەت، تەریقەت، مەعریفەت و حەقیقەت، بەشێکمان دانا، یەکەم شەریعەتمان بۆ خەڵکی ئاسایی.

تەریقەتمان لە دەسپێک، مەعریفەتمان لە دواجار و حەقیقەتمان لە کۆتاییدا هاورد. هەر یەک لەمان بۆ ئەو کەسەی ئەهلی نەبێت، حەرامە. قۆناغەکان بەرەبەرە دەگوترێ تاکو رازی بکات، نابێ لەگەڵ ئەوەی کە نائەهلە، قسە بکرێت.

حەزرەتی شێخ صفی [سەفی] رحمە اللە علیە وا دەفەرمێ:

«ئەگەر دەروێشێ پارووی هەق بخورێنێتە نائەهلێک بدا، وەکو ئەوەیە لاشەی قالاوێکی پێ دابێت، جا ئەمەش خەساری لە دوادایە.

ئەگەر دەسپێک و کۆتایی یەکێک بن، وەکو دانی پارووی هەڵۆ بە چۆلەکە، چونکە ئەوکی چۆلەکە هەڵدەدرێ. ئەو کات ئەوەی خواردوویەتی تاوانبار دەبێ و بێ ئیمان دەمرێ، چونکە بۆ ئەو کەسەی لە چەمک تێ ناگات».

حەزرەتی رەسووڵ علیه السّلام، له حەدیسێکی شەریفدا دەفەرمێ:

«کلّم النّاسُ علی قدر عُقولِهِم»، واتا لەگەڵ مرۆڤدا به گوێرەی ئاوەزی بدوێن. دەبێ بزانرێت کە لەگەڵ هەرکەس بەگوێرەی تێگەیشتنی دەبێ قسه بکرێت و بەپێی ئەوە دەبێ رێنوێنی بکرێت.»

ئەو کەسە لەم قسانە تێ بگات و لێیان بزانێ و بەگوێرەیان بجووڵێتەوە دیارە ئەوینی زیاتر دەبێت، ئاکارچاکی، خۆشەویستی، خزمەت، رێز و عیزەتیشی فرەتر دەبێتەوە. قسە ڕاست دەبێ و له دڵیدا شوێنێک بۆ کردەوەی شەیتان نامێنێ و له رێنوێنیکراوان دەبێت.

بەشی یەکەم: شەریعەته و حەوت ژێر بەشی هەیە،

دووەم: تەریقەته، که حەوت ژێر بەشی هەیە،

سێیەم: مەعریفەته، بەحەوت ژێر بەشەوە،

چوارەم :حەقیقەته، ئەوەش حەوت ژێر بەشی هەیە،

سەرجەم بیست و هەشت ژێر بەشە، له بەرئەوەی کە پیتەکانی قورئانی پیرۆزیش بیست و هەشتن و ئاسمانەکانی هەق تەعالا و زەوینەکانی، هەرکامەیان حەوت نهۆمن، هەربۆیه ئەو ژێر بەشانەمان حەوت حەوت دانا.

بەشی یەکەم

## شەریعەت بۆ خەڵکی ئاسایی

ژێربەشی یەکەم: شەریعەت هی ئاگرە

ئێستا، بزانە شەریعەت هی ئاگرە، چونکە هەموو خاوەکان، بەئاگرەوە لە خاوی دەردێن و پێویست دەکا کە تەریقەت لە نێو شەریعەتەوە دەرکەوێ، چونکە کەماڵ و ئیرشادی، لە کردەوەکانی شەریعەت، سەرچاوە دەگرێ، قال الله تعالی: «اطیعوا الله واطیعوا الرسول و اولي الامر منکم»، واتا پێڕەویکردن لە خوا و رەسووڵی و فەرمانڕەواکانی ئیسلام، دژایەتی لەگەڵ شەرعی مەکەن و بەو رێگایەدا بڕۆن کە ئەو بانگهێشت دەکات.

چونکە شەریعەت کۆکراوەی فەرمان و نەهییەکانە و پێرەوی نەکردن لەوە رەتکردنەوەی سوننەتە.

ژێربەشی دووەم: وَاقیموا الصلاة

قال الله تعالی: «واقیموا الصلاة». بەو واتایە کە پێنج فەرزەی نوێژە لەکاتی خۆیدا بکەن و لە دەرفەتی بەینیاندا، خەریکی زیکرو تەسبیح و سوپاسگوزاری بن. خۆتان لە پشتەملێکردن و خەریکبوون بە کاری خراپ بپارێزن کە حەزرەتی رەسووڵ سەبارەت بە پشتەملێ دەفەرمێ: «الغیبتُ اشدُ من الزنا»، واتە پشتەملە لە زیناش خراپترە.

کەوابوو، لە هەر کردەوەیەک کە دژی شەریعەتە، دوور ببنەوە، تاکو رێگە، ئەرکان و دانیشتن و هەستانەوەتان بە پێی شەریعەت بێت و بەوە تەواو بێت.

ژێربەشی سێیەم: وآتوا الزکاة

واتای «وآتوا الزکاة» ئەمەیە کە خوای تەعالا پێتانی بەخشیوە، نیوەیەک لە هەر

سەدی هەقی خوایە. ساڵ بە ساڵ دەبێ بدرێت، بۆ ئەوەی کە لە کۆتاییدا حیساب و عەزابی هەیە و ئەگەر نەیدەن، دژایەتیتان لەگەڵ شەرعدا کردووە.

ژێربەشی چوارەم: و صوموا شهركم

قال الله تعالی: «وصوموا شهركم» واتا مانگێک ڕۆژوو بگرن.

ڕۆژووگر، دەبێ بە هەموو ئەندامەکانی ڕۆژوو بگرێ. بەجۆرێک کە زمان لە خراپە و چاو لە حەرام، دەست لە کردەوەی دزێو، گوێ لە غەیبەت و زار لە حەرامخواردن دوور بخرێتەوە کە لە ئەرکاندا کەمایەسییەک نەبێت.

ژێربەشی پێنجەم: من یعمل من الصالحین

مراز لەم ئایەتە «من یعمل من الصالحین» ئەمەیە کە کردەوەی چاک بکەن تاکو لە ئازاری جەهەندەم ڕزگار بن. مراز لە چاکە، بەجێهێنانی فەرمانی هەق تەعالایە و شەریعەتی ڕەسووڵی و خوازیاری دیداری هەق بوون. ربُّ العزّة بۆ هەموو پیاوان و ژنانی باوەڕمەند ڕێکی خاتەوە.

ژێربەشی شەشەم: وحج البیت من استطاع الیه سبیلا

وقال الله تعالی: «حج البیت من استطاع الیه سبیلا». لەم ئایەتە دەفەرمێ: واجیبە لەسەر هەر کەسێ تەوانایی ماڵ و سەروەتی بوو، بەرەو ماڵی خوا بەڕێ کەوێ.

ژێربەشی هەفتەم: فَاجْتَنبوه لعلکم تُفلحون

لە ئایەتی «فَاجْتَنبوه لعلکم تُفلحون»، دەفەرمێ کە لەکاری بێ ئەنجام و بەتاڵ دوور کەونەوە تاکو لەگشت کردەوە ترسێنەرەکان پارێزراو بن. ئێستا گوێ بیستی شێخ بوون، ڕەزای هەق و پێڕەویکردن لە ڕەسووڵە، کەچی کردەوەی بە ویست و ئیرادەی خۆ، دژایەتیکردن لەگەڵ هەق و ڕەسووڵە.

دژایەتی لەگەڵ پەروەردگار، کردەوەی شەیتانە، چونکە کردەوەی بەپێچەوانە، ستەمکردن لە نەفسی خۆیە. مرۆڤێکی وا لە ئازاری دونیا و ڕۆژی پەسڵان ڕزگاری نابێت.

ئەمە سیفەتی مونافیقە. ئەوەی کە مونافیق نییە، بەزانست و خواستی خۆ

کردەوەی نییە. مونافیق ئەوەیە کە لە دڵدا ترسێکی نەبێت. لە هەق نەترسێت و لە ڕەسووڵیش شەرم نەکات و هەمیشە ملەجەڕێ بکات و پاساو بهێنێتەوە. بەڵگە کردەوەی شەیتانە.

بەشی دووەم

## تەریقەت بۆ دەسپێک

ژێربەشی یەکەم: دەسپێک

بزانە کە دەسپێک هی تەریقەتە، چونکە هەموو کردەوەکانی تازەکار، بە تەریقەتەوە دەست پێ دەکا.

لە خزمەتی ئەولیا، تەریقەت ڕێگەیەکی ڕاستەقینەیە. «انَّ هذا صراطُ مُستقیم»

دەبێ بەشەکانی تەریقەت، چ ئەوانەی کە فەرزن، چ ئەوانەی کە سوننەتن، جێبەجێ بکرێن. بەلای عاریفانەوە، تەریقەت یەکێکە، نەزانە ئەوەی وا، بەدوو یان سێیانی دەزانێ. لەبەر ئەوە کە ئەگەر پێڕەوی فەرمانی هەق نەبێت، شەرم لە ڕەسووڵ نەکات و ترسی لە ئەولیا نەبێت و لە کردەوەی خۆ ڕازی بێت، ئەو کەسە، ڕەتکراوەی هەتا هەتاییە. پێڕەوی فەرمانی مەشایخ نابێت و بەپێچەوانەی ڕێنوێنی دەخولێتەوە هەیە و دژایەتیی دەکات، نازانێ خۆی لە دەرگا دوور دەخاتەوە. نعوذ بالله.

ڕەتکراوە لە دنیا، ڕەتکراوە لە دەرگای ئەولیا و ئەنبیا. تەریق و ڕێگە بەرەو لای هەق تەعالا دەڕوا. لەم دونیایەدا دەبێ لە مەشایخ، گەورەیانی ڕووم، عاریفان و عاشیقانیش بترسێ و شەرم بکات.

خوای تەعالا لە کەلامی قەدیمدا دەفەرمێ: «وَ من کان في هذه اَعْمی فَهُوَ في الاخرة اَعْمی». ئەوەی کە لەم جیهانەدا نەبینێ و نەیدۆزێتەوە، لە ڕۆژی پەسڵانیش نابینێ و لە عاریفان و عاشقان لە هەر دوو جیهاندا بێ بەشە. (اسری، ٧٢/١٧)

ژێربەشی دووەم: یەکەم (قۆناغ) لە تەریقەتدا تەوبەیە

قال الله تعالی: «یا ایها الذین آمنوا توبوا الی الله توبةً نصوحاً.»

لەم ئایەتە دەفەرمێ: «ئەی بەندەگانی من کە بڕواتان بە من هێنایەوە، لەگوناح

تۆبە بکەن. من لێتان دەبوورم و دەتانبەخشم.» (تحریم، ٨/٦٦)

حەزرەتی رەسووڵیش دەفەرمێ: «مَن تابَ مِنَ الذنبِ کَمَن لا ذنبَ له.»

ئەگەر کەسێک تووشی گوناحێک ببێ و پاشان تۆبە بکات، دەڵێی قەت ئەو گوناحی نەکردووە.

تەوبە، پەشێوانییە. داوای لێبووردنکردنە لە گوناح. نیشانەی موئمینە. مرۆڤی بڕوامەند بەردەوام ترسی لەدڵدایە و خەریکی عیبادەتە. دەبێ سەری لە ئەرز بێ و دایمە بپاڕێتەوە.

بەڵام مونافیق هەمیشە بەپێچەوانەوە دەڕوا و هەر خۆ دەبینێ. پشتەملێ و خراپەبێژی دەکا و رازی بە قسەی هەق نابێ. کەسێکی وا، تەماحکار و بێ شەرم بەبێ بەزەییە.

بەڵام تەوبە دووانە: یەکێک بە ڕواڵەتە (زاهیر) و ئەوی تر لەناخی دڵەوە (باتین).

بەڕواڵەت ئەوەیە کە تەوبە بکات و ئیتر تووشی ئەو کردەوەیە نەبێت. هەق قبووڵی دەکا و ئەویش شیاوی جەنەت دەبێ.

لەناخی دڵەوە، واتە لە هەمبەر ئەولیا و عاشقاندا لە گوناحی خۆ داوای لێبووردن بکات. بیگێڕێتەوە و سەفا و نەزەر بیگرێت. لەم جیهانە و لە رۆژی پەسڵاندا، گیان بەخت بکات و شیاوی جەنەت ببێ.

ژێربەشی سێیەم: تەوحیدی تەریقەت

قال الله تعالی: «یا ایها الذین آمنوا أذکروا الله ذکراً کثیراً.»

واتا: «ئەی بەندەگەلی من کە بڕواتان بە من هێناوە، زۆر یادم بکەنەوە، شەو و رۆژ. منیش ئێوە یاد دەکەم و نیعمەتی جۆراوجۆرتان پێ دەبەخشم.» (احزاب، ٤١/٣٣)

مراز لە یادکردنی زۆر ئەوەیە کە دەبێ گوناحەکانمان لە هەمبەر عاریفاندا بگێڕینەوە و بە ئینسافەوە بجووڵێینەوە.

تاوانبارێک ئەگەر ئاگای لە تاوانی خۆ هەبێ، تەوبە بکات و خەریکی یادکردنەوەی من بێت، من دایمە لێی رازیم. رەزای من لە وێدا دیار دەبێت کە هەمیشە لە بەرامبەر عاریفان و عاشقان سەر نەوی بکا و بپاڕێتەوە، بەهەر

برایەکی موئمینی ئاکاری چاک بێت و بەردەوام داوای لێبووردن لە گوناح بکات و بۆ ڕەزامەندیی پەروەردگار و مەشایخ تێ بکۆشێ. ئەوکات من لێی ڕازی دەبم. وە پێویستە کە دەروێش دایمە لە ذکر و عیشق و حیجابی مندا بێ و ئاوازکری من بڵێ:

«یا محەمەد، یا عەلی، یا محەمەد
بسم الله الرحمن الرحیم
فَلم انّه لا اله الا الله
محمد رسول الله
و عليٌ وليٌّ الله
محمد مهدي، امين الله
ابومسلم سيف الله و رهبر مرشد الله»[1]

ئەگەر کەسێک مورشیدی خۆ بە هەق نەزانێ و لە زاهیر و باتیندا ترسێکی نەبێت، موناڤیقە. بەڵام ئەوەی کە بەرواڵەت و لە باتنیشدا ترسی هەبێ و لە زکردا بەردەوام بێت، هەق تەعالا دڵی مونەووەر دەکات و دڵ دەبێ بەڕێنوێنی دڵی ئەو و ئیلهامی ئەویش دەبێ بە ئیلهامی.

لە هەر شتێکەوە نەزەر وەردەگرێ و ئیلهامی ڕەبانی وە دەست دێنێ و پێش دەکەوێ و دەگاتە پلەیەکی بەرز. ئیدی حیجابێکی بۆ نامێنێ. بەهەرلا بڕوانێ هەقی تێدا دەبینێ و نووری جەماڵی هەق لە هەموو شتێکدا دەبینێ. هەر ساتێک بڕوانێ چی نابینێ غەیری جەمالی هەق، ئەوە دەبینێ و نووری تەوحید و تاقانەپەرستی، دڵی ڕوون دەکاتەوە.

ژێربەشی چوارەم: پەروەردگار (مربي)

پێغەمبەری مەزن صلی الله علیه وسلم فرمود: «من عرف نَفسَه فقد عرف رَبَّه»[2]

---

١ «ئەی محەمەد، ئەی عەلی، ئەی محەمەد، بە ناوی خوای دەهەندە و دلۆڤان. خوایەک، جگە لە خوای تاقانە نییە. محەمەد نێردراوی خوایە. عەلی، وەسیی خوایە. محەمەد مەهدی ئەمینی خوایە. ئەبوموسلیم شمشێر و ڕێبەر و مورشیدە».

٢ هەر کەس خۆی بناسێ، خوای خۆشی دەناسێ.

له حەدیسێکی تریشا دەفەرمێ: «لَولا المُربيّ، ما عَرَفْتُ رَبّي.»[1]

وە دەفەرمێ کە: «جبرەئیلی ئەمین منی رێنوێنی کرد.»

رێنوینیی مرۆڤ، پیری رێگەی هەقە، چونکە پێغەمبەر فەرمووی: «ئەگەر جبرەئیل منی رێنوێنی نەکردبا، رێگەی هەقم ئاوا پێ نەدەزانی.»

ئەگەر کەسێک پەروەردەکار و رێنوێنی نەبێت، چلۆن هەق و رێگەی هەق دەناسێ؟

وابێ، شێخی ئەو، شەیتان دەبێ.

بەڵام پەروەردەکردن، مافی کەسێکە کە رێنوێنی، نەزەر، ئەرکان و ئاکاری پتەو بێ و گشت حەفتا و دوو نەتەوە، بە یەک چاو ببینێ، لە مورتەزا عەلی و نەوەکانییەوە، عیرفان و دڵنەواییی پێ بگات و شەریعەتی محەمەدی بۆێ تەواو ببێ.

هەتا مورشیدێک رێگە و شەریعەتی نەبێت، دەست و زمان و دڵ و چاوی پاک نەبێت، (رێنوێن نییە) و هەر کەسێک بەرێنوێنی بزانێ، دەبێتە موریدی. لە سەر سوجدەی رەسووڵ دانیشتن و ئەرکانی تەراش بەجێهێنان بۆی رەوا نییە. نابێ بەو کەسە بڵێی رێنوێن و خەلیفە.

وە ئەرکانی ئەولیا بیست و هەشت پرسیاری هەیە. دەبێ لە وەڵامدانەوەدا بە توانا بێ.

دەڵێی ئەو پرسیارانە چییە؟

یەکەم تەوحید، دووهەم عەدڵ و داد، سێیەم نوبووەت، چوارەم ئیمامەت، پێنجەم ئەمر بە چاکە، شەشەم نەهی لە خراپە، حەفتەم تەوەللا، هەشتەم تەبەڕا، نۆیەم ئەگەر پرسیاریان کرد، کوڕی کێی؟

بڵێ: کوڕی رێگام.

دەیەم ئەگەر پرسیاریان کرد رێگا هیی کێیە؟

بڵێ: رێگای محەمەد و عەلییە.

یازدەم ئەگەر پرسیاریان کرد رێگای محەمەد و عەلی کامەیە؟

---

[1] ئەگەر پەروەردەکارەکەم نەبووایە، خوای خۆم نەدەناسی.

وەڵام بدەرەوە کە شەریعەتە، تەریقەتە، مەعریفەتە و حەقیقەت.

دەوازدەم ئەگەر پرسیاریان کرد تاج و خیرقە بۆ کێ هاتووە؟

وەڵام بدەرەوە کـە یەکـەم بۆ ئادەم سـەفی اللە، دوای ئەو بۆ نـووح و پاشـان بۆ ئیبراهیمی خەلیلوڵڵا هات.

سێزدەم: ئەگەر پرسیاریان کرد

وەڵام بدەرەوە کە جلوبەرگی کەسکە.

چواردەم: ئەگەر پرسیاریان کرد بە چ رەنگێک بۆ محەمەد و عەلی هات؟

وەڵام بدەرەوە: بۆ محەمەد سپی و بۆ عە لی سوور هات.

پازدەم: ئەگەر پرسیاریان کرد سوننەتی تانج چییە؟

بڵێ: خزمەتی پیر.

شازدەم: ئەگەر پرسیاریان کرد بنەمای ئەوە چییە؟

وەڵام بدەرەوە: ئیستیغفارە.

حەڤدەم ئەگەر پرسیاریان کرد بابەتی لاوەکیی تانج چییە؟

بڵێ: وازهێنان لە کردەوەی بێ ئەنجام و بەتاڵ، ئاکارچاکی و گەیشتن بە ئەولیا.

هەژدەم ئەگەر پرسیاریان کرد خۆراکی ئەو چییە؟

بڵێ: بەخاوەنبوونی ئامۆژگاری کران، پاراستنی خۆ لە خەڵک و دژایەتی نەکردن لە هەمبەر رێنوێن و بەجێهێنانی هەرچی عاریفان و عاشقان دەیڵێن.

نۆزدەم: دووڕی تانج چییە؟

وەڵام بدەرەوە: خەلیفەیەکە بە هیچ چەشنێک دژایەتی نەکات.

ئەگەر لە رێگەی خۆیدا راستبێژ نەبێت، لە هەر دوو جیهاندا رەت دەکرێتەوە و هەر کەسێکیش لە گەڵیا هەڵسوکەوت بکات رەتکراوە، چونکە بە زمان دانی پیا ناوە و بڕوای نەهێناوە.

ئەوەی کە لە حاڵی ئەولیا تێ نەگات و پێڕەویی لێ نەکات، مونافیقە.

بیستەم، ئەگەر پرسیاریان کرد وشەی تانج چییە؟

بڵێ: گەیشتن بە پیر

بیست و یەکەم ئەگەر پرسیاریان کرد تەرکەکانی تانج چییە؟

وەڵام بدەرەوە ئەنجام نەدانی ئەو شتانە کە عەلیی مورتەزا ئەنجامی نەدان.

پێڕەویکردن لەوە. دژایەتی نەکردن لەگەڵ خوا و رەسوول. ئەوەی کە لەگەڵ خوا و رەسووڵی دژایەتی بکات، کافری تەواوە. نعوذ بالله من ذلك.[1]

بیست و دووەم: جەغزی تانج دەگاتەوە بە دەوازدە ئیمام.

بیست و سێیەم: ئەگەر پرسیاریان کرد ئیمانی تانج چییە؟

وەڵام بدەرەوە: ئیمانەکەی رێنوێنە.

بیست و چوارەم: ئەگەر پرسیاریان کرد پیر چییە؟

بڵێ: دان پیانانە (اقرار)

بیست و پێنجەم: ئەگەر پرسیاریان کرد پیری چییە؟

بڵێ: «موتوا قبلَ اَن تَموتوا» واتا: بمرن بەرلەوەی کە بمرن

بیست و شەشەم: ئەگەر پرسیاریان کرد ژیانی تانج چییە؟

بڵێ: لەسەر نانەوە بە دەستی پیر. پیر عاریفە. کەسێک کە دەبێتە هۆی دانپیانان بە محەمەد عەلیدا.

بیست و حەوتەم: ئەگەر پرسیاریان کرد مردنی تانج چییە؟

وەڵام بدەرەوە: ئەوەی کە بە دە ست ببیستێ. پیری عارفە؛ (اقرار) داننان بە محەمەد و عەلییە.

بیست و هەشتەم ئەگەر پرسیاریان کرد: راستیی ئەوە چییە؟

بڵێ: بەچاوی سووک سەیری کەس نەکەین، هەفتاو دوو نەتەوە بە یەک چاو دیتن و رێزگرتن لە هەمووان. ئەمە خراپە و ئەوە باشە ناڵێت. دایمە ئاکارچاک بێت. وەڵامی ئەم و ئەو نەداتەوە. ئەمر و نەهی قبووڵ بکات (ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە بکات). لەسەر پێنج فەرزەی نەچێ و پابەند بێ بەشەرع و موریدی تەریق و رێگەی ئەنبیا و ئەولیا بێت. ئەم حوکم و ئەرکانە بەوردی و لە کاتی خۆیدا. بزانێ و (هەمبەر بە پیران) بینوێنێ و ئەنجامیان بدات. چونکە ئەگەر سوورنەبێت لەسەر

---

١ لەم حاڵە پەنا دەبەینە بەر خوا.

شەریعەت، راستییەکەی بەدی نایەت و ئەگەر پیرێک ئەم پرسیارانە و ئەم ئەرکانە نەزانێت، بە قەولی ئیمام جەعفەری سادق، ئاکار و ئەفعالی دروست نییە و ناونانی وەک پیر، رەوا نییە و بەپێی وتەی زانایان ناپەسندە.

هذا سلطان شاه عباس بن سلطان شاه طهماسب بن سید شاه اسماعیل بن شاه اسحاق واتا شێخ صالح بن سید شاه عیوض بن سید شیخ پیر. شاه بن سید شاه شێخ فخرالدین بن سید شێخ داوود بن سید امام موسی کاظم، امام جعفر بن امام محمد باقر بن امام زین العابدین بن امام حسین بن امام علی المرتضی، صلواة الله تعالی علیهم اجمعین.

ئێستا دەڵێم، چۆن دەبێ لە ئەحواڵ و ئەقوال و ئەرکانی ئەم شایانە پرسیار بکرێت؛ ئێستا ئەی عەزیز! بزانە کە یەکەم رێگە و تەریق ئەوەیە کە ئەهلی تەریق کۆ ببنەوە و پیری دەستی ئەو برادەرە تازەهاتووە کە لە رێگە و لە ئەرکاندا شێلگیرن، بگرێتە دەستەوە و بیهێنێتە ناو و بڵێ:

«السلام علیکم یا اهل الطریق والعهد والوفا؛

السلامُ علیکم یا اهل مروت و الصفا؛

السلامُ علیکم یا اهل بیت محمد المصطفی و علي المرتضی.

هاتنمان هەر بۆ هەقە. ئەم برادەرە باوەڕمەندە روو لە تۆزی پێتان دادەنێ و لەم مەقامە هەستاوەتەوە، مرازی ئەمەیە کە قۆڵی بۆ هیممەتی ئێوە گەورەیان و مەشایخەوە هەڵماڵێ، ببێتە خاوەن تەریق و ئەیەوێ ببێ بە خزمەتکاری شای ویلایەت عەلی ئەمیرولمۆئمنین و عاشقانی ئەو. لە هەق ئەودا چی دەڵێن.

پیر دەڵێ: «چی دەڵێن ئەو گەورەیان» جا ئەوانیش «هاتنتان پیرۆز بێ» دەڵێن. ئەوکات ئەرکانی گەورەکان و داو و نەریتیان ئەنجام دەدات و خوتبەی ئەو دەخوێنێ. لە بەردەم پیرەوە ئەژنۆی راست بەرز دەکاتەوە، ئەژنۆی چەپ دەچەمێنێ، بەدەستی راست، دەستی راستی تالیب (لە رێکاورێکی دووکەڵەمووست) دەگرێ و تەوبە و تەڵقینی پێ دادەدا و دەڵێ: «استغفرالله، تەوبەم کرد لە هەموو گوناحەکان و ئیتر استغفرالله من کلّ ذنبٍ عامداً او خاطعاً او سراً اَو علانیة و اتوبوا الیه من الذنب اعمده و من الذنب الذي لا اعمده.

انتَ علام الغیوب. توبوا الی الله توبةً نصوحاً. ان الله یُحبّ التوابین المتطهرین.

اللهم، ربي، تائبٌ اليك في لن و خطيراً استغفرُ الله.»[١]

له هەمـوو نـەهیکراوەکـان تـەوبـەم کـرد، هذا شـاه عـبـاس بن شـاه طـهـمـاسب. لەدەسـتی ئەو تەوبەم کرد. لە سـەردەسـتی گـەورەکـان، ئەگـەر روو وەرگـێـڕم، مـاڵ و گیان و سەرم، گشت لە پێناوی ئەولیادا بێت.»

هەموو پیران دوای ئەم قەولانە ئەم بەیعەتنامە بخوێنن:

«بسم الله الرحمن الرحيم

انَّ الّذين يبايعُونكَ انّما يبايعون الله يدُ الله فوق ايديهم فمن نكث فانّما نيكُث على نفسه و مَن اَوفي بما عاهَدَ عليه الله فَسَيُؤتيه اجراً عظيماً.[٢]

لم ينقصوكم شيئاً ولم يُظاهروا عليكم احداً فَاَتِموا اليهم عهدهُم الى مُدتهم انّ الله يحبُّ المُتّقين.»[٣]

پاشـان بیـر لە دوازدە ئیـمـام بکاتەوە و پەسنی عـەلی و گشت داو و نەریتـەکـانی ئەولیا فێر دەبێ، ئینجا دەڵقین و تەمێ دەکات.

وە مـراز لە پیری ئەوەیە کە گشت داو و نەریت و ئەرکانەکـان (پیـر؛ نیشـانی تالیب دەدات و لـە شـەڕی شـەیتـان و فێـڵی، هەروەها لـە نەفسـی ئەمـارە رزگـاری بکات. تا ئەو رادەیە بکۆشێ کە لە هیچ حاڵێکدا پێویستی بە کەس نەبێت و پرسی خۆی لە کەس نەپرسێت و داواکاریی بە کەس نەڵێت.

---

١ لە هەمـوو گـوناحـێک، چ بە ئەنقـەست و چ بێ ئەنقـەست، چ نـهێنی و چ ئاشکرا، پەنا دەبەمە بەر خوا. لەو گوناحانەی کە کردوومن و ئەوانەیش کە نەمکردوون، تۆبە دەکەم. خواوەند تۆبەکارانی ڕاستەقینەی خۆش دەوێن. خوای من، پەروەردگاری من، لە نیاز و کردەوەی خراپ تۆبە دەکەم. پەنا دەبەمە بەر خوا.

٢ ئەو کەسانەی لەگەڵ تۆدا بەیعەتیان کرد، لە ڕاستیدا لەگەڵ خوادا بەیعەتیان کردووە. خوا لە هەمووان باڵادەستترە. دوای ئەوەی کە بەیعەت بشکێنێ، لە راستیدا دەبێتە هۆی زەرەر و هەلاکەتی خۆی و هەر کەسێکیش پابەندی بەڵێنی خۆی بێ، بەم زووانە خوا پاداشتێکی گەورەی پێ دەدا. (فتح ٤٨/١٠)

٣. .. قەت بەڵێنی ئێوەیان پێشێل نەکردبێ و پشتگیریی هیچ کام لە دوژمنانی ئێوەیان نەکردبێ. کەوابوو تا لەسەر بەڵێنەکەتان سوور بن، چونکە خوا ئەوانەی خۆش دەوێن کە لەسەر بەڵێنی خۆیان دەمێننەوە.

پێویستە کە ئەولاد لە هەر بابەتێکدا ملکەچی ڕەزای ڕێنوێن بێت و گیان و ماڵی بۆ ئەو بێت. چونکە پەروەردگـار لە جـێگای بـابدایە و تالیب لە جـێگای کـوڕ. هەروەها ڕێنوێن دەبێ لە هەر حـاڵێکدا تالیب بپـارێزێ و پـاڵپـشـتـیی لێ بکات. چونکە کـوڕ هەرچی لە بابی ببینێ، هەمـان ئەنجـام دەدات. ڕێنوێنیش هەروایە و دەبێ تالیب بەڵێنی خۆی پێشێل نەکات. ئەگەر بەڕواڵەت گوێبیستی فـەرمانی ڕێنوێن بێت، بەڵام لە شـوێنێکی تردا بە ویستی خۆی کردەوەی هەبێت، مونافیقە، وەکو یەزیدە.

حەزرەتی ڕەسووڵ دەفەرمێ: «کم مِنَ الکریمِ اذِ وَعَدَ وَفی.»[1]

موئمنێک کە لە سەر بەڵێنی بمێنێتەوە، لە هەر دوو جیهاندا ڕووسپییە و شیاوی دەرگـای مـحـەمـەد عـەلی دەبێ و ئەگەر ڕێنوێن ویستی لەگەڵ تالیبدا بدوێ، نابێ تالیب ڕووی خـۆی لێی وەربگێڕێ کـە ئەگـەر وابکات لە دەرگـای دەوازدە ئیمـام و مـحـەمـەد عـە لی ڕەتکراوە و بێبەش دەبێ. چونکە درۆزنە. حـەزرەتی ڕەسـووڵ لە حەدیسی شەریفیدا دەفەرمێ: «الکذابُ لا امتي» واتا درۆزن لە ئوممەتی من نییە.

خوای تەعالا لە کەلامی قەدیم دا دەفەرمێ: «وَیلُ یوْمَئذ للمکذبین»[2]

بەو واتـا کـە لە جـەهەنـدەمـدا شـوێنێک هەیە بە نـاوی «وەیل». درۆزنان لەوێدا ئازاریان پێ دەدرێ. نعوذ بالله.

الله، مـحـمـد، علي، لەو سیـفـەتە بمانپـارێزن. جا ئـەگـەر کـەسـێک شـێـخـێکی نەبێت، شێخی ئەو شەیتانە.

«من لا شیخ له لا دین له.»[3] هەڵبەت بۆ هەرکەسێک، مـورشـیدێک پێویستە، کە دەستی بگرێ. چونکە باڵندە، بە بێ ڕێنوێن هەڵنافڕێ. لەکاتی مردندا، بە ئیمانەوە دەمرێ، چونکە لە ڕۆژی پەسـلاندا. لەگـەڵ ئەو کەسـە وا دەسـتی گـرتووە و بە ئەو دین (و خـودایە) کە پەرستیویەتی، لەگۆڕ هەڵدەستێتەوە. «ئەو کەسـەی ڕێنوێن و مورشیدی نییە، لە ئوممەتی من نییە.» خوا بمانپارێزێ.

---

١ کەریمان بەڵێنی خۆیان جێبەجێ دەکەن.

٢ وەی لە درۆزنان (بێ باوەڕان)، لەو ڕۆژەدا. (مرسلات، ٧٧/١٥)

٣ ئەو کەسەی شێخ (پیر)ی نییە، دینی نییە.

ژێربەشی پێنجەم: الحیاءُ مِنَ الایمانْ

قال رسول اللّه علی السلام: «الحیاءُ من الایمان.»[1] واتا ئەو کەسەی حەیای بۆ نییە، ئیمانی نییە. ئەگەر گیانێک ئاکار چاکیی نەبێت، لە سیفاتی گەورەکان چووەتە دەرەوە.[2]

گیانێک کە بووبێتە دەروێش، کەوتووەتە سەر ڕێگای ئاکارچاکی.

پێویستە کە ژێربەشەکانی شەریعەت، تەریقەت، حەقیقەت و مەعریفەت لە کاتی خۆیان تێ پەڕێنێ. دەلاقەی بڕوا بکاتەوە و لە ناخی دڵەوە گوێ بیست بی. بڕواتە ریزی بێ دەنگانەوە، واتا بێدەنگ ببێ. تا کاتێک پرسیاریان لێ نەکردووە، وەڵام نەداتەوە و لەکاتی وەڵامدانەوە بە ژیری و بە باشی بدوێ. لە کەلامی ئەولیا بڵێت و بۆ رواڵەت و نهێنی و ئاماژەی شێخ بڕوانێ.

ئەگەر کەسێک بابەتێکی سرنجڕاکێشی دیت، ئەوە بەچاویدا نەداتەوە. ئەگەر بەم حاڵە بەڕواڵەت بەرگی شەریعەتی لە بەر کردووە و لە نهێنیدا بەرگی تەریقەتی لەبەر کردووە، لە بەرگی حەقیقەتدا بشارێتەوە. لە نهێنیی کەس ئاگادار نەکرێت.

ژێربەشی شەشەم: سەبارەت بەدانپیانان (ئیقرار)

رەسووڵی خودا علیە السلام فەرمووی: «الاقرارُ من الایمان.»

ئەگەر کەسێک ئیقرار نەکات، ئیمانی نییە و پاشان ئەوەی کە تالیب ئیقراری خۆی بۆ کێ دەربڕێ؟ بە شێخ صفی (سەفی) رحمە الله.

حەزرەتی رەسووڵ دەفەرمێ: «الدنیا جیفەُ و طالبها کلاب»[3]

واتا ئەم دونیایە وەکو کەلاکێک وایە، کە داواکارەکەی وەکو سەگێک وایە. دوو کەس کە دیعایەی ئیمان دەکەن (دوو موئمین)، ئەگەر لە سەر ئەم کەلاکە لەگەڵ یەکدا شەڕ بکەن و بەچاوی سووک خۆپەرستانە سەیری یەکتر بکەن و، لە چوارچێوەی ئەرکاندا نەجووڵێتەوە، ئامۆژگارییان لەسەردایە و رەوا نییە لەهەر دوو جیهاندا رووڕەش بن و بێ ئامۆژگاری بمێنن.

١ حەیا لە ئیمانە.

٢ ئەم ژێر بەشە لەژێر بەشی چوارەمدا، ڕێکوپێک کراوە.

٣ دنیا وەکو لاشەیەک وایە، کە سەگ هەڵپەی بۆ دەکا.

خـواوەندی مـەزن لە کـەلامـی قـەدیمدا دەفـەرمـێ: «انّي توكّلتُ عَلی الله رَبّي و ربّكُم ما مِن دابَّـةٍ الاّ هُوَ اخِذ بناصيتِها انَّ ربّي علی صراط مُستقيمٍ.»[١]

عـاریف ئەوەیە کـە چاو لەهـەر کـەس بکات، هـەسـتێکـی لێ وەردەگـرێ. کـەوابوو (بەم جـۆرە) دەگاتە مـەعریفەتـی خوداوەند. کەسـێک کە بـە ئیخـلاسـەوە بە فەرمـانـی خـوا و پـەروەردەکـردنـی شـێخـی بەتـەواو لە دارایـیی ئەم دنیـا بـێ بەقـایە تـێ پەڕێ، نامـرێ، ئـەم جیـهـانە، وەها کـەسـێک بەسـەرسـوڕمـانەوە دەنواڕێ. کاتێک چاو لە هـەلومـەرج و بارودۆخـی (جیـهـان) بکات، عـالەم وەکو خـەونێک بۆ ئەو وایە. ئەوکـات سەفا و نەزەری پەروەرندەی دەبێ بە سەرمایەی ئەو. Nice Faydalar Edeler

مورشـید دەڵێ: «ئەگەر کـەسێک لەڕووی نەزانینەوە پرسـی خـۆی بەلای کەسـێکی ترەوە بەرێ، پـێی بڵـێت و ئەویش قـبـووڵـی بکات (یارمـەتیـی بدات)، هـەردووکـیـان پلەوپایەی بەرزیان لە بەهەشتدا دەدرێتێ.»

ئێسـتـا مـۆئمـین ئەوەیە کە دڵی لە تـۆز و گـەرد پاک بووبێـتـەوە و پشـتی لـە دنیـا کردبێ. ئەگەر برا موئمینەکەی داواکارییەکی لێی هەبێت، بەگوێرەی توانای خۆی ویستی دابین بکات. دڵی لە نیەت و کرداری شەیتانی و خۆپەرستانە پاک بکاتەوە.

سێ کەس بەهەشتیان بۆ نییە: یەکەم: دەس قووچاو و ڕنود، دووەم: لەخۆبایی و سێیەم: کەسێکە کە فێڵ بکات و ئاوێتەی دنیا ببێت، درۆ بکات.

کـەسێک کـە سیفاتێکی وای هـەبن و ئیدیعـای ئیمـان بکات، لەهـەر دوو جیـهـاندا ڕووڕەش دەبێ، چونکە ئـەمـانە بەشک و دوودڵی دادەنرێن. لە شـتـە هـەرە ناشـیرین و، بێ نرخـەکانی دنیـان. گومـان و ئیمـان لەگەڵ یەکدا ناگونجێن. ئەو کـەسـە لەم حاڵەدا بێت بێ ئیمان دەبێت. محەمەد عەلی و دوازدە ئیمام و گەورەکان نەفرەت لە کـەسێکی وا دەکـەن. و ئیـدی بە شـیـاوی دەرگـای خـۆیانی نـازانن و ئەو کـەسـەی پشتەملێ دەکا و خراپەی ئەوانی تر دەڵێ، سووک و بێزراوە.

ئەو کـەسـەی خـۆی تێکەڵاوی دنیـا بکات و ئیـمـانی بە مـورشـیدی خـۆی نەبێ، لە دەرگـای محـەمەد، عـەلی و دوازدە ئیـمام بـێ بەشـە. ڕێنوێنێک کە بۆ دونیـا و لە بەر پارووی‌ەک کە لە زاری تالیبی بنێت دنەی بدا کردەوەی دژ بە ئاینی گشتی ئەنجام

---

١ من تەوەکـولم کـردووە بە خـوایێک کـە پـەروەردگـاری من و ئێـوەیە و دەسـەڵاتی گشت گیاندارێکی بەدەستە، بەڕاستی ڕێنوێنیی پەروەردگاری من بۆ سەر ڕێگەی ڕاستە.

بدات، بۆ هەتاهەتایە ریسوا دەبێ.

مەگەر دەرگای پەنا بەرێتە بەر پیاوچاکان، ئەگینا گیان و ماڵی دەبێتە میراتی دادوەران، چونکە رێنوێن لەسەر هەقن، چونکە لە سەر جێگەی رەسوول دادەنیشێ، بۆیە پلە و جێگەی بانتر لە ئەوانی ترە و ئازاریشی لە حوزووری هەقدا فرەترە.

گوناحی تالیب، هەر یەکێکە، بەڵام بۆ رێنوێن سەدهەزارە. بۆیە گشت تالیبەکان تاوانکار دەبن.

ئێستا برایانی بڕوامەندی من، دادوەران و عاریفان کە لە خەوشی دنیا بە دوورن و وازیان لێی هێناوە. و راستگۆن، بیر لە چاکە دەکەنەوە و کردەوە (نیازی)ی شەیتانی لەدڵ دەردەکەن. دەبنە خاوەن ئیرشاد و دڵنەوایی و لە شەڕی هەمیشەیی بەرانبەر بە نەفسی خۆ رزگار دەبن. بەڵام ئەو کەسەی دژایەتیی رێنوێنەکەی بکات و ئەو کردەوە ناپەسندانە ئەنجام بدات، خراپەکار و تێکدەر دادەنرێ.

ژێربەشی هەفتەم: عالەمی دواجار (مونتها) (دوایی)

خواوەن تەعالا دەفەرمێ: «والله عليمٌ حليم». واتا: خواوەند زانا و خاوەن سەبرە.

پێویستە کە دەروێش عەلیم و حەلیم بێ و نەفسی ئەمارە سەرکوت بکات، چونکە وتراوە: «كُلُّ نفسٍ ذائقة المَوت»[1].

ئەوکات: «المؤمنون لايموتون بل ينقلونَ من دارالفناء الى دار البَقاء»[2]

واتای ئەم حەدیسە ئەوەیە: «موئمین نامرێ، بەڵکو لە ماڵێکەوە بۆ ماڵێکی تر دەڕوا. واتا لە موڵکی دنیا دەچێتە دەرەوە و بە موڵکی ئاخیرەت دەگوێزێتەوە بەو کەسە دەڵێن موئمین کە خۆی [لە حاڵەتی موتمەئینەدا] ببینێ، ئەوکات دەگاتە مەقامی «من عرف نفسه فقد عرف ربه»[3]، واتا ئەگەر کەسێک خۆی بناسێ، دەگاتە مەعریفەتی حەق تەعالاش.

---

١ هەموو کەسێک تامی مردن دەچێژێ. (آل عمران، ٣/١٨٥)

٢ باوەڕمەندان نامرن، بەڵکو لە عالەمی نەمێن بەرەو عالەمی هەرمێن دەگوێزنەوە.

٣ هەر کەسێک خۆی بناسێ، خوای خۆشی دەناسێ.

ئێستا زانین ئەوەیە کە پێڕەوی لە نەفسی ئەمارە نەکرێت، چونکە نەفسی ئەمارە کوفر و نیفاقە. پێڕەوکاریشی هەر مونافیقە.

هەروەها ئەوەی کە نەفسی ئەممارە زوهدە، نەفسی مولهیمە عیشقە، نەفسی موتمەئینەش عیرفانە. ئەگەر ئەم نەفسانە بناسێتەوە، لە ئەحواڵیان ئاگادار دەبێ و ئەگەر نەیانناسێ ستەمی لە خۆ کردووە. «انه کان ظلوماً جهولاً».[1]

هەروەها ئەگەر کەسێک بەسیفات (نەفسی موتمەئیننە) تەیار بکرێت، لە هەق ئاگادار دەبێ کەسێکی وا خۆبەزلزانین سەرکوت دەکات و دونیا و ئەوەی تێیدایە لە چاویدا بێ بایەخ دەبێ.

ئاکاری ئەولیا دەپارێزێ، ترسی هەق و ئەولیاشی، لە دڵدا دەبێ.

ئەولیا لە هەرشوێنێکدا بە چاوەدێر بزانێ و لە چوارچێوەی ئەرکان نەچێتە دەرەوە. دیسان پیر قەت بە قازانجی خۆی دژایەتی ناکات، دایمە خۆی بە مورید بنوێنێ و هەستی بگۆڕێتەوە بە نەست. هەرچەند جار ئەگەر تووشی کردەوەیەکی بەتاڵ بێت، ئاگاداری کەمایەسیی خۆ ببێ و دیسان دێتەوە ڕێگەی ئینساف و ئەگەر خەوشی کەسێک ببینێ، دیسان بەخۆ دەنوارێ (نەک بەو کەسە)

١ بە ڕاستی کە مرۆڤ غەدرێکی زۆر لە خۆی دەکات و فرەش نەزانە. (احزاب، ٧٢/٣٣)

بەشی سێیەم

## مەعریفەت بۆ دواجار

ژێر بەشی یەکەم: المؤمنُ مرِآةُ المؤمن

المؤمنُ مرآةُ المؤمنين، حُسن الخُلقِ المُنتها.[1]

خوای تەعالا دەفەرمێ: «ئەی بەندەکانی من، خوو خدە و جوامێریم ئافراند. خوو خدەم بە محەمەد و جوامێریم بە عەلی بەخشی.

کەوابوو ئەگەر موئمینەکان و موسوڵمانەکان خوو خدە و جوامێری و دەهەندەییان نەبێت، شیاوی دۆستایەتیی محەمەد عەلی نابن. و ئەگەر خوو خدە و دەهەندەییان هەبێت و جوامێرییان نەبێت، هێشتا شیاوی دۆستایەتیی ئەوان نابن و موئمنیش نابن. رووی نالەبارو خانۆش بە کەس نانوێنێ و دایمە بە خۆشەویستییەوەیە، چونکە بۆ موئمین خووی محەمەدی و جوامێریی عەلی پێویستە. وە لە هەڵسوکەوت لەگەڵ دادوەران و گەورەکاندا هەستی خۆی دەرنەبڕێ و پەسنی خۆ نەداتەوە. دایمە ئاتاج بێ و دژایەتی لەگەڵ قسەی هەق و باشێک کە پێی دەڵێن نەکات و کردەوەی دەروێشانەی هەبێت.

ئەگەر بەنیازی کارێکە، دەبێ بە ویستی شای ئەولیا ئەنجامی بدات، نەک بەویستی خۆی (کە ئەگەر وابێ)، لە نهێندا لێیان جیا کراوەتەوە بەویستی خۆ رۆیشتن ویستێکی شەیتانییە. ئەگەر گەورەکان بڵێن: «مەکە» (نابێ) بکات. ئەگەر کەسێک تالیبی خۆ بپارێزێ، بەڵام ئەو لا نەکاتەوە زۆری لێ نەکەن و تەنیا بڵێن «خوایە! تۆ زانای»

ئەگەر کەسێک کردەوەی بەپێی حەقیقەت بێت، کردەوەی بەپێی تەریقەت نییە. چونکە روانگەی بەپێی حەقیقەت و مەعریفەتە، (کەوابوو)، شەریعەت و تەریقەت

---

[1] موئمین ئاوێنەی موئمینە. ئاکارچاکی دواین قۆناغە.

تێیدا ناگونجێ. لەبەرئەوەی کە شەریعەت وەکو ماڵێکە کە ئەزموون و چوونەناو بەهەرچەشنێک لە چوارچێوەیەکدا ئەلوێ و تەریقەت رێگەیەتی. ملی رێگا بگرن و برۆن، بەڵام مەعریفەت و حەقیقەت وەکو دەریایە، کە شەریعەت پاپۆڕ و تەریقەت رۆژەگاری (سەوڵ)ی ئەو پاپۆڕەیە. شەریعەت وەکو دارێکە، تەریقەت لقەکەیەتی، مەعریفەت گەڵاکەیەتی و حەقیقەت بەرهەمەکەیەتی.

مراز لەمانە ئەوەیە کە بەم حاڵە بمێنێتەوە و لە ناخی دڵەوە و بەخۆشی بچێتە ریزی عاریفانەوە، تا لە دەرگای محەمەد عەلیدا قبووڵ بکرێت. ئەگەر لە هەر حاڵدا پشوودرێژ و نهێنیی پارێز نەبێت، نەفسی خۆی بۆ رێگەی هەق تەرخان نەکات و دایمە خۆبەزلزان بێت، ئەو کات یەزید خۆشی ئەوێ. نعوذ بالله.

کەچی دەبێ خۆی ملکەچی هەق بکات کە ئەمە پلیکانی پێشکەوتنە.

تا ئەوکاتەی بەو پلیکانەدا سەر نەکەوێ، قەت پێشکەوتن نالوێ، بۆ ئەو کەسەی ئەم رێگایە نەگرێ، ئەحکام و ئیلهامی رەبانی لە ئارادا نییە.

ژێربەشی دووەم: تەسلیمی مونتەها و مەعریفەت

ئێستا ئەی ئەهلی حاڵ و خاوەن کەمالان! بزانن ئەو کەسەی وا ئەهلی کەماڵە، دەبێ خۆ ملکەچی هەق بکات [هەم دەستی هیمەت لە بیر بکاتەوە] و بەعیشقەوە رێبازی ڤیان بگرێ و یەکجاری چاو لە خۆی بپۆشێ.

لە رێبازی هەقدا خۆبەخت بکات و بڵێ: «و أُفَوِّضُ اَمري الى الله انّ َالله بَصيرُ بالعباد.»[1] هەروەها خۆشیی بەهەشت و ترسی جەهەندەمی لە دڵدا نەبێت.

لە پێناوی محەمەد عەلیدا ماڵ و گیانی خۆبەخت بکات و بەرەیان لەبەر هەق و بۆ هەق خۆشەویستی بن و بە چی لە ئەوان دەکات، رازی بێت.

موریدی راستگۆ و عاریف ئەوەیە کە بەقەرا توانای خۆی، ئەم مەرجانە بەجێ بهێنێ. لەنێو دۆستانی خۆشی ژیان بەرێتە سەر. لە هەق ناهومێد نەبێت و قۆناخی حەقیقەت بەتەواوی ببڕێ و بگاتە ئەهلی مەعریفەت. ئێستا ئەو کەسەی گەیشتووەتە ئەم ئاستە، ئەهلی مەعریفەتە.

١ من چارەنووسی خۆم دەدەمە دەست خوا، بێگومان ئەو باشترین چاوەدێری بەندەکانی خۆیەتی. (غافر، ٤٠/٤٤)

ژێربەشی سێیەم: سەبری مونتەهای مەعریفەت

قال الله تعالی: «انَّ الله یحبُ الصابرین. اجرهم به غیر حساب»[1] واتای ئەمەیە کە خودا بەندە پشوودرێژەکانی خۆی خۆش دەوێ. بزانە کە خوای تەعالا کردەوە بەتاڵەکانی پشوودرێژان و خاوەن سەبران، دەگۆڕێتەوە بە چاکە. حەزرەتی رەسووڵ (د.خ) سەبارەت بە پیت و بەرەکەتی سەبر فەرموویانە: «من لا صبر لە، لا دینَ لە»، واتە ئەو کەسەی سەبری نییە، ئیمانی نییە.

دەروێشی عاریف کە هەر حاڵێکە پشوودرێژە، دیسان رەسووڵ (د.خ) دەفەرمێ: «الدنیا سجنُ المؤمن» واتە دنیا بەندیخانەی موئمینە و بەهەشتی کافر. موئمین ببڕای لە سوپاس بێژیی هەق دەست هەڵناگرێ و رازی بە رەزای ئەوە و داو و نەریت بە جێ دێنێ. لە تەریقەتدا هەرچی ببینێ، پشوودرێژی دەگرێتە بەر و سوپاس بێژە. سا چون لە هەمبەر مەینەتییەکانی دنیادا پشوودرێژی بووە، لە ئازاری رۆژی پەسڵان رزگار دەبێت فەرمانی هەق و قەولی رەسووڵلا ئاوایە. هەروەها قەولی پیران و مورشیدان و حوکمی زانایان.

ئەو کەسە لە هەمبەر بەڵای دونیادا پشوودرێژ بێت.

ئەگەر لەبەر ئەوینی هەق تەعالا، کردەوەی چاکی کردبێ، هەزار ئازاری لێ دوور دەخرێتەوە. لە ئاخیرەت و لە دونیادا لە نێوان گشت ئافرێنراواندا عیزەت و رێز پەیدا دەکات.

ئێستا گەیشتین بە شاری فەنا، سەبارەت بە فەنا، کەسێک کە تۆسقاڵێک خاوەنی دنیا نەبێ، جیهان بگاتە فەنا، هەر بەرەو لای نارِوات و بەیەک چاو سەیری گشت ئافرێنراوان بکا و ببێت بە خاوەنی خۆشەویستی و ئیرشاد.

فەقیر ئەمەیە. چونکە دونیا فەنایە و ئاخیرەت بەقایە (هەر مان)ە.

ئەگەر مرۆ گیانی خۆی بەخت نەکات، ناگاتە ژیانی هەر مان، نەمان، ملکەچیی تۆخە. دایمە خاکسارێک دەبێ، کە خاک لە هەموو شتان خوارترە. هەمووان پێی لەسەر دادەنێن و ئەو هیچ سکاڵا دەرنابڕێ.

ئەم گیایانە، گیانلەبەران بخۆن. هەنگوێن، دۆن و بەرهەمانی جیاجیا بەرهەم

[1] بێگومان خوا خەڵکی سەبووری خۆش دەوێ و پاداشتی ئەمانە لە هەژمار نایەت.

بهێنن. تێکڕای ئادەمیزاد و گیانلەبەران دەبڕێنەوە. لە مناڵدانی دایکەوە دەردێن و بە فەرمانی حەق بەرهەم دێن.

ئەولیا و ئەنبیا و مەشایخ و، چۆن مورشید، کامیل و عاریف و عاشق ببێ. لە یەکتر پێشکەوتن و دواکەوتنیان هەبێ. ئەم هەموو فەیزی ڕەبانییە بە دی بێ. هەرچی بڵێی، لە خاک هەڵدەستێ.

دەروێشی دەردەدار ئەوتۆ فەیزێکی هەیە. هەرچی پاداش دابین بکرێ، دەروێشی gönülyapmak بەدی دێ.

ئێستا ئەی براکەم، لەئەوپەڕی فەناوە، حەقیقەتە. ئەمەش قەولی زانایانی تەریقەتە. خۆشەویستیی دادوەران و عاشقان و ئەولیا و عاریفانە. دایمە ملکەچی ڕەزا بوونە. ئەم قسانە ئەگەر بەدواداچوونی هەبێ و ئاکار بپارێزێ، دەگاتە ئاستی ئەولیا. ئەگەر گشت موئمینان و موسڵمانان کەمتەرخەم نەبن، دەیلوێنێ.

ژێربەشی چوارەم: ئەوپەڕی مەعریفەت

دەروێش ئەهلی مەعریفەتە. خۆشەویستیی دونیای بەجێ هێشتووە. دڵی بەرەو ڕەزای هەق داناوە و میسداقی «موتوا قبل ان تموتوا»[1] ببێ و خۆی ملکەچی هەق بکات و دایمە سوپاسبێژ بێت. ئەوکات ئەوکەسە ئەهلی مەعریفەتە و لەچوار قۆناغ دەگاتە کەماڵ. زمان و قسەی هێز پەیدا دەکات. دۆستی هەق لە هەق جیا نابێتەوە. ئەو کەسە دەبێتە ئەهلی تەسەوف و ئەگەر لە ڕێوڕەسمی جەماعەتدا ئامادە بێ، شیاوی ئەو جەمعەیە.

بەڵام سۆفی کێیە؟ دەڵێم:

سۆفی ئەو کەسەیە کە یەکڕەنگ و بێگەرد بێ. لە سەرچاوەکانی: تەسەوفدا وا هاتووە کە ڕازەکانی ڕوون و دایمە و بێگەرد بێ. بەڵام ڕازەکان زاهیر و باتینیان هەیە و بۆ ئەمە دەگوترێ ڕوونیی ڕازەکان چ کاتێ گەردی لی دەنیشێت؟

نابێ بەڕواڵەت عیبادەت بکات و مەبەستی بۆ هەق نەبێ. نابێ خۆی بەبچووک و کەمبایەخ بزانێ دەبێ تەنیا شانازیی بەهەقەوە بکات پشتی پێ ببەستێ بایەخ بە ڕواڵەت نەدا. عیبادەتیش کە دەیکات، لە هەق چاوەڕوان نەبێت، ئەوەندەی خزمەتی

---

[1] بمرن بەر لەوەی کە بمرن.

مەولای دەکات، ئەوەندەش خۆی بە وی بسپێرێ. کەمایەسیی خۆ ببینێ و ملکەچی کەلامی ڕێنوێن و ڕێبەرانی بێ، تاکو ئاگاداری نهێنییەکانی فێرکاران و بنەماکانیان ببێ و لە گەڵیاندا هەڵسوکەوتی هەبێ و هەروا کە ئەهلی حاڵ وان لەگەڵ تازەکاران هەڵسوکەوت نەکات. ئەگەر وا بکات، تاوانبارە. ئەگەر ببێ بە ئەهلی حوجەت و دایمە بەپێچەوانەی (ئەوەی کە دەبێ) بجووڵێتەوە و پێبەندی قەولی وەستایان نەبێ، یان ئەمەی کە بە ڕواڵەت ملکەچ بێت و دیسان بە ویستی خۆی بجووڵێتەوە، ئەوکات دەسپێردرێتە شمشێری باتین و لە دەرگا ڕەت دەکرێتەوە.

عارف ئەو کەسەیە کەمتەرخەمی نەکات و غەیر بە فەرمانی باب و ڕێگەی برادەرانی بزاوتێکی نەبێ و بەلارێدا نەڕوات کە ئەمە راسپێریی هەقە. دەروێشی ئەهلی مەعریفەت مەحرەمی ئەسراری دوازدە ئیمامە. لە کردەوە و ئەحواڵ و ئەقوالی محەمەد و عەلی ئاگادارە. سەیری شتێک بکا، هەقی تێدا دەبینێ و ئەو کەسەی لە ڕێبازی هەقدا سەروگیان و مڵک و ماڵی خۆی بەخت کا، شیاوی گەیشتن بە لووتکەی وەحدەتە. ئەوکات هەموو نهێنییەکان ئاشکرا دەبن. چاوی دڵ بکاتەوە و بێ وچان بینەری نووری هەق بێت. ئەو تۆ کەسێکی وا دەبێتە ئەهلی مەعریفەت و هیچ کەمایەسییەکی نییە. لە «من عرف نفسه فقد عرف ربه» تێ بگات و نهێنییەکەی بۆ دەرکەوێ. لەگەڵ هەموو مورشیدانیشدا (وەکو) «لحمُك لحمي»[1]، بێت.

ئیدی، لەدرێژەی تەمەنیدا، دنیا نایەتە بەرچاو و ئاگر بۆی دەبێ بە نوور. ئینجا هەنگاو دەنێتە مەقامی «هو» چونکە گوێ بە قسە و قسەڵۆک نادا. و بووەتە ئەهلی حاڵ. ستەم تەمێیە. ئیتر لە ئەرکانی محەمەد عەلی تەواو بووەتەوە. ستەمێ کەلی دا و ئەرکانی ئەو ساز بکات.

دەست و نەزەر و فەرمانی ئەو پاک دەبێتەوە. چونکە ئەگەر

(Yuyucu pak olmaya cak Yudug u dahi pak olmaz)

تالیب دەبێ پاک و بێگەرد بێ و ئەم ئامۆژگارییانە قبووڵ بکات. ئەگەر کردەوەی نەبێ ستەم ڕەوا نییە. هەروەها مامۆستایان قەولی ئەوەیە کە ئەوکەسەی ستەم

١ گۆشتت، گۆشتمە.

بكات و ئەو كەسەی ئامادەی ئەنجامدانی ببێت، رەتكراوەن.

هەر كەسێک ئەم راسپێرییانە بە جێ بهێنێ، چ مورشید بێت، چ تالیب، هەق هەقی نواندووە. نهێن و ئاشكرای دەبێتە یەک و دەگاتە ئاستی وەحدەت. لە دنیادا هیچ داواكارییەک نەمێنێت.

ژێربەشی پێنجەم: موساحیبی مونتەها و مەعریفەت

هاورێییەتی لە محەمەد عەلییەوە بە جێ ماوە. ئەگەر پرسیار بكەن: سەرچاوەی لە كوێیە؟ جبرەئیل لە دوایین حەججی موحەممەددا (هاتە خوارەوە) و ئەم ئایەتەی هێنا «یا ایها الرسولُ بَلِغ ما انزل علیك من ربك. وان لم تفعَلُ فما بلغتُ رسالته»[1]. ئەوكات رەسووڵ فەرمووی كە ممبەرێک دابمەزرێنن.

ئەسحاب وتیان ئەی رەسووڵی خوا لێرە چ دەست ناكەوێ (تا ممبەرێكی لێ ساز بكەین) كە حەزرەت چووە ناو فیكرەوە، لەو حاڵەدا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە: «والله یعْصمُك من الناس»[2]

كەوابوو رەسووڵ فەرمووی لە كورتانی وشترەكان ممبەرێكیان ساز كرد. پاشان دەستی عەلیی گرت و بردیە بان ممبەرەكە. فەرمووی: «یا معشر الناس الستُ بربكم و انفسكم» و ئەوانیش (قالوا بَلی) یان وت. پاشان حەزرەتی رەسووڵ فەرمووی: «یاعلي! من شاری زانستم و تۆش دەرگاییت» و عەلیی وەک هەڤاڵ و هاورێی خۆی راگەیاند. جیبرەئیل بەرگی ئەو (رەسووڵ)ی لە بەهەشت هێنابوو (دەبا بكاتە ساحیبولزەمان و دووبارە عەلی لە بەری بكات).

ئەوكات پێغەمبەر فەرمووی: «لحمك لحمي، جسمك جسمي، دمك دمي، روحك روحي»[3]

رەوایەتێكی تریش هەیە: مورشیدی كامڵ برادەری خۆی كە گەیشتووەتە پلەی رێنوێنی، دەناسێ، چونكە ئەوە بابەتێكی نهێنییە. ئاواتەخوازی ویساڵ، بۆ

١ ئەی پێغەمبەر ئەوەی لەلایەن پەروەردگارەوە بۆت هاتووە، رای گەیێنە، گەر وا نەكەی ئەركەكەت جێبەجێ نەكردووە. (مائدة، ٥/ ٦٧)

٢ خوا لە شەری خەڵک دەتپارێزێ. (مائدة، ٥ / ٦٧)

٣ گۆشتت، گۆشتمە، جیسمت، جیسممە، خوێنت، خوێنمە، رۆحت، رۆحمە.

ماوەیەک خزمەتی مورشیدی کامڵ دەکات.

پاشـان حـەزرەتی رەسـووڵ دەفـەرمێ: «انا منكَ و انتَ منّي». واتە من لە تۆم و تۆ لە من. فـەرمـووی: «هـەمـوو ئەنبیـا، ئەولادیان لە پشـتـی خـۆیان بوون، بەڵام ئەولادی من لە پشتی تۆن.»

عـارف لـەم رازە تێ دەگـا. رەسـووڵی خـودا دەشـفـەرمێ: «ئوممـەتی من هەفـتـا و سێ فیرقەن. لەوان (تەنیا) فیرقەیەک ئەهلی بەهەشتن. ئەوان تاقمی رزگاریدەرن.»

ئەسحاب پرسیاریان کرد: ئەی رەسووڵی خوا، ئەوان کێن؟

حـەزرەتی رەسـووڵ وەڵامی دایـەوە: ئەوان لە نزیکانـی ئوممەتی منن. ئەوانەن کـە پێڕەوی من و ئەولادم، شـەریعـەتم، ئەرکان، نەفـەسـی مـامۆسـتایان و ڕێنوێنی خـۆ و مـورشـیدن و ئەو کـەسـانە کـە بەم شـێوەیە نەڕۆنە پێشـەوە، نەک لە ئوممەتی منن و نەک بـەندەی هـەق (بەڵکو) ئەهـلی دونیـــان، خـــۆبـەزلزان و نـافـــەرمـــان. کـــەوابوو ڕووڕەشن و مونافیق. ئەرکان و فەرمانی من بۆ وان حەرامە.

پاشان ئەسحاب وتیان: ئەی رەسووڵی خوا، جارێکی تر بۆمان بیسەلمێنە.

ئەوکات رەسووڵ و عەلی ئەو بەرگەیان لەبەر کرد و بوون بە سـەرێک و دوولەش. ئەوکـات دیسـان ئەو بەرگـەیان لەبەر کـەند و دیسـان لەبەریان کـرد و بوون بە دوو سـەر و دوو لەش و سـێـیـەم جـار بوون بە سـەرێک و لـەشـێک. ئەوکـات ئەوان کـە هـاوڕێی راسـتەقینە بوون، وەک هـاوڕێ مانەوە و هەندێک ئیرەییـان برد و هەندێک بوون بە ئەهلی ئینساف.

ئەولاد، ئەو ئەهـلـی ئینسـافـەن کـە لەم رۆژگـارەشـدا مـوئمـینن، موئمین هەر لە سـەرەتاوە مـوئمـینـە و مـونافـیـقـیش هەر لە سـەرەتاوە. ئەولادی ئەو مـونافـیـقـانە ئەمڕۆش هەر مونافیقن. ئەرواحی ئەو مونافیقانە کە دێن، هێندێکیان بە موئمین دەبن. هـەندێک لە ئـەرواحی ئەو مـونافـیـقـانە دەبنە مـوئمین، جگە لە هەندێک لە پڕکێـشـان کە لە دوژمنان و ئیـرەیی بەرانن و دژایەتی دەکەن و واز لـە خـۆخـوازی ناهێنن.

ئەوان لە بەردەم دۆستدا ڕووڕەشن، چونکە خاوەن حـوجەت و خاوەن گێڕانەوەن ئەمەیە قەولی مامۆستایان.

هەندێک لە دووی ئێرەییەوە «لحمك لحمي»[١] یان وەک خزمایەتی و برادەری ناوبرد. مراز وەلە «جسمك جسمي»[٢] مامەزایی و لە «روحك روحي»[٣] فاتیمەیە کە ئەوی بە عەلی دا.

حسێن لەوان کەوتەوە. مراز لە «دمك دمي»[٤] ئەوەیە کە گشت رۆحەکان لەو ئافرێندراون، بەڵام وەڵامی «روحک روحی»[٥] دروستە.

هەموو ئەرواح سەرچاوەگرتوو لە حەزرەتی رەسووڵن. لەبەر ئەوە کە شەریعەت بە من و تۆ گەیشتووە. بەڵام لە قەولی، حەقیقەتدا، هاوردنی من و تۆ، کوفرە. چونکە هەموو رۆحەکان لە جیسمی رەسووڵی خوایە کە (ئەو) نوور و زاتی خوایە. لەو برادەرە راستەقینانە کە نوێندراون، وتەکان، بیستراوەکان، بینراوەکان، تەنانەت رێکردنیشیان نوێنگەی نووری هەقە. بەم جۆرە، هیجابێک لە مابەنیدا نامێنێ، ئەوەش بە هوی فەنا. بەڵام بنەما بەقایە.

بزانە کە ئەم مەقامە، مەقامی ئەهلی حاڵە و هیی برایانی مەعریفەت و حەقیقەت. جگە لە ژنانیان، لە رزق و ماڵیان لە یەک جیا نین، چونکە دەفەرمێ: «لاتقربُ الزنا» واتە نزیکی زنّا مەبنەوە. رەوایەت هەیە کە ئەگەر پیاوێک نەزەر لە نامەحرەمێک بکات، پلەو جێگاشی لە عەرش لەوبانتر بێت، دەکەوێتە سەر فەرش.

بەڵام ئەو کەسانە گەیشتوونەتە ئاستی حەقیقەت، ئیتر لە هاوسەر و دارایی و ماڵدا نێوانیان جیاوازییەک نییە و (هەموو شت) لە سەر بنەمای برایەتی و هاوزمانییەوە دادەمەزرێ. هەموو رێبەران و پیران و دۆستانی، ئەگەر لێهاتووی بزانن، ئەوکات لە دەرگای مامۆستایان قبووڵ دەکرێ. بەڵام ئەگەر شیاو نەبێت، حەرامە. چونکە دووڕوویی دێتە ئاراوە. ئەوانە کە شیاو نین، مەبەستیان خواردن و خواردنەوەیە. لە نێوانیان من و تۆیی دێتە پێش. ئەوکات پیرێک کە بیبینی و هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات، ئەویش مونافیقە و لە دوو جیهاندا ڕووڕەشە و لە

---

١ گۆشتت، گۆشتمە.

٢ جیسمت، جیسممە.

٣ ڕۆحت، ڕۆحمە.

٤ خوێنت، خوێنمە.

٥ ڕۆحت، ڕۆحمە.

دەرگای وەستایان ڕەتکراوەیە. موحەممەد و عەلیش ئەو کردەوەیە پەسند ناکەن.

جا ئەگەر دۆستێک سامانداربێت و ئەوی تر نەبێت، ئەوەی وا دەوڵەمەندە، دەکەوێتە داوی زریق و باقی دنیاوەو بەچاوی سووکیش سەیری هەژارەکە دەکات. لە دەرگای محەمەد و عەلی و دوازدە ئیمامیش بێ بەشە و بەڕواڵەت بێزراو. چونکە حەزرەتی ڕەسووڵ لە حەدیسێکدا دەفەرمێ: «الدنیا ملعونٌ وطالبها مغبون»[1]

واتە دونیا لەعنەت کراوەیە و خوازیارەکەشی زەرەرمەندە. هەروەها ئەمەش کە دنیا وەکو کەلاکێکە و خوازیارەکەی وەکو سەگێک وایە. دیسان ڕەسووڵ لە حەدیسێکی شەریفدا دەفەرمێ: «الدنیا جیفةٌ وطالِبُها کلابٌ»[2] ئەو کەسەی دنیای خۆش بوێ، سەگە و لەعنت کراوەیە.

حەزرەتی ئیمام جەعفەری سادق فەرموویەتی: «ئەگەر موسڵمانێک (ژن) جوان بێت و ئەوی دیکە دزێو بێت، و ئەگەر یەکێک گەنج بێت و ئەوی تر پیر، ئەگەر بەو دزێو و پیرە، بەچاوی سووک سەیری بکەن، یەزیدین.»

چونکە ئەوەی بە چاوی سووک سەیری کردووە، کردەوەکەی بەپێی ڕەزای هەق نەبووە، بەڵکو ملکەچی ڕەزای نەفسی خۆ بووە. ئەگەر بەم جۆرە بێ، لە چاو ئەولیا، عورەفا و عاشقاندا، ناوبانگێک لە ئارادا نییە و گشت وایان پێ دێ.

ئەو کەسە ناڕاست بڕوانێ، بەتەواوی کافرە و شیاوی دەرگای ئەولیا نییە. ڕەتکراوەیە.

مامۆستایان وایان فەرمووە و ئەو کەسە ئەم ڕاسپێرییانە ببیسێ و بەگوێرەیان نەجووڵێتەوە و تۆزقاڵێک دردۆنگ بێ، مونافیقە و ڕووڕەش.

ئەولیا لە ئاشکرا و نهێن، حازر و نازرن. ئەوانە کە بکەونە گومانەوە یەزیدین. موئمینانی پاک و موخلیس دەگەنە مەقامی عیشق. یەکتریان خۆش دەوێ و جەمالی یەکترن [ ]. ئەوان پێش دەکەونەوە.

نەزەری ناوبانگ لە ئارادا نییە. هەندێک بە مەجازی دەزانن، بەڵام مەجازێک لە ئارادا نییە و حەقیقەتە.

---

١ دنیا لەعنەت لێ کراوە و دنیاپەرستیش زەرەرمەندە.

٢ دنیا وەکو کەلاکە و خوازیارەکەشی وەکو سەگ وایە.

کەوابوو ڕێزدارترین ئافرێندراو مرۆڤە. چونکە هەق تەعالا دەفەرمێ: «و لقد کرمّنا بني آدم»[1]. حەبیبی خۆی موحەممەدیشی وەک خۆی خوڵقاند. «خلق الله آدم علی صورته»[2]

عاریفان بە خۆشەویستییەوە چاو لە یەکتر دەکەن و پاک و یەکڕەنگ دەبن. ئەمە لە سیفاتی هەقە و هەروەها بەخشینی برای ساماندار لە ماڵی خۆی، بە برای هەژاری، سوننەتی ئەولیا و سوننەتی ڕەسووڵە. ئەگەر نەبەخشێ برایەتی لێی حەرامە و لە ڕۆژی پەسڵانیش قازانج و بەهرەیەک لە یەکتر وەرناگرن، چونکە ئاخیرەتیان تەلەب نەکرد و خوازیاری دونیا بوون.

ئێستا ئەگەر کەسێک منی خۆش دەوێ، کردەوەی ئەوتۆیە، چونکە دڵاوایی بەری ئیمانە موحەبەت دێتە ئاراوە. «الشفقة من الایمان»[3]. ئەو کەسە بە بەزەیی نەبێ، بێ ئیمانە. ئەو بێ ئیمانیش، موئمین نییە.

ئەگەر موئمینێک ماڵی موئمینێکی تر بخوا، یان ئەوەی کە قەرزی لێ بکات و خۆ بشارێتەوە، ئەوکات بڵێ: «الحمد لله؟»

ئەگەر وەکو شەیتان "علیه اللعنة" پێڕەویی سیفاتی یەزیدی بکات، دەبێتە هۆی کەسرەت و دەڕواتە ریزی مونافیقین. بەڵام ئەگەر دڵسۆزی بنوێنێ، دەچێتە خاوەنی سیفاتی عەلی و خووی محەمەدی.

حەزرەتی شێخ سەفی وای فەرمووە: (ayan meyan) کافیری بەتەواوە.

دەروێشێک کە چاوچنۆکی بێ، دایمە لەشی پیسە، غوسلی ئەو تەوبەیە و ئەمەی کە بە عیشقی محەمەد و عەلی خێر بکا. دەروێش ئەگەر کردەوەیەکی نالەبار ببینێ، دەبێ بە داوێنی داپۆشێ و ئەگەر بە دڵ بیپۆشێ لە دەروێشیدا، کامیلە و دەبێتە ئەهلی حەقیقەت. بەڵام ئەگەر دایمە عەیبی خۆ ئاشکرا بکات، تانج و خیرقەی پێ حەرامە و لە دنیا و ئاخیرەتدا ڕووڕەشە.

---

١ ئێمە ڕێزمان لە بنیادەم گرت... (اسری، ١٧/٧٠)

٢ خواوەند ئادەمی بە شکڵ و شێوەی خۆی ئافراند.

٣ شەفەقەت لە ئیمانە.

ژێربەشی شەشەم: ئەرکانی تەسلیم تەرجومانی تەریقەت

ئەرکانی تەسلیم تەرجومانی تەریقەت بەیان دەکات:

ئەگەر تازەکارێک گوناحێک بکا، چ ئەو گوناحە گەورە بێت و چ بچکولە ئەگەر تۆبە بکا چاوپۆشیی لێ دەکرێ. ئەگەر دووپاتی بکاتەوە، سزا دەدرێ، بەلام تەرجومانی لێ ناگرن، چونکە هێشتا سیفاتی زاهیرییە. تەرجومان گرتن لێشی رەوا نییە. ئەگەر بۆ جاری سێیەم گوناح بکات، دیسان سزای دەدەن و لەوانەش کە سێ جار سزا دراوە (تەمێ کراوە)، یەک ئاقچە تەرجومان دەستێنن.

بۆ چوارەم جار، سێ ستەم (لێ دەدەن)، دیسان یەک ئاقچە تەرجومان دەستێنن. پێنجەم ستەم، ئەگەر رێنوێن بیلێ، لیێ دەدەن. بەلام لە سێ ئاقچە تەرجومان (لەبەر ئەوەی کە گەیشتووەتە موحاسلی مونتەها)، زیاتری لێ دەستێنن. نابێ تۆسقاڵێک زیاتر تەرجومان وەربگیردرێت. چونکە ستەم و تەرجومان نابێ زیاتر لە رادەی پێویست بێت، بەو هۆیە کە تازەکارە و لە دەسپێکی رێگەدایە، کەوابوو نابێ لەو پەڕی توانای بێت.

ژێربەشی هەفتەم: ئەلمونتەها (دواهاتوو)

ئەو کەسە گەیشتۆتە قۆناغی حەقیقەت، لە مونتەهادا، ئەگەر تاوانبار ببێت و ئاگاداری گوناحی خۆی بێ، دێتەوە مەیدان و هەم تۆبە دەکا و هەم سێ ئاقچە تەرجومان دەدات. ئەمەش کاتێک قبووڵ دەکرێ کە گوناحەکەی بە ئەنقەست نەکردبێ و ئەو گوناحەیش کەبیرە نەبێت. دەبێ وا بکرێت. بەلام ئەگەر گوناحەکەی بشارێتەوە و کەسێک بیبینێ و ئەو داوای لێبوردن بکات، ئەوکات سزایەکی قورس دەدرێ و (تەرجومانی) زۆر دەدات. چونکە تاوانبارە.

هەروەها ئەگەر گوناحێکی گەورە بکا و دانی پێیدا بنێ و پاشان بێت، دوازدە لێدانی ستەم و دوازدە تەرجومان لە سەریەتی.

ئەگەر دوو برادەر تێکهەڵبچن و دوژمنایەتی پەیدا بکەن، یەکێکیان دان بە گوناحەکەیدا بنێ، دوازدە (لێدان) ستەم و دوازدە تەرجومانی لێ وەردەگرن.

ئەگەر کەسێک پرکێشی بکات و پاساو بێنێتەوە و بڵێ «من لەم بارەیەوە تاوانبار نیم»، دۆستان بە (مرووەت) لێی قبووڵ دەکەن.

ئەمەیە قەولی زانایان. چل (لێدان) ستەم و چل ئاقچە تەرجومان، بەبێ ئەوەی کە ئاقچەیەک کەم بکرێتەوە، بۆ ئەوەی کە کەمکردن رەوا نییە. ئەجرەکەی رێنوێن و ئاینی گشتی قەرەبوو دەکاتەوە.

ئەگەر کەسێکیش دایمە بۆ پیرەکەی پاساو بهێنێتەوە، بەو چەشنە کە پیرەکەی لێی بڕەنجێت، شتێکی ناپەسندە. یان ئەگەر رازێک ئاشکرا بکات و لەمپەر بخاتە بەردەم، هەتاهەتایە. حاشای لێ دەکرێ. چاوپۆشی لێ کردنیشی، بەندە بە بڕیاری زانایانەوە.

ئەگەر (مرۆڤ)، فازیلێکی کامل بێت، کە دڵنەوایی لێ بگرن، قبووڵ دەکرێ. بەڵام هەشتا (لێدان) ستەم لێ دەدەن و سەدو شەست ئاقچە تەرجومانی لێ وەردەگرن. کەمکردنەوەشی رەوا نییە.

## بەشی چوارەم

## حەقیقەت بۆ کۆتایی (ئینتیها)

ژێربەشی یەکەم: سوننەت و فەرز

لە مەڕ چاکەکاریی ئەولیادا بەم جۆرە هاتووە (ئەرکانی پاشایەتی، شادەیلێ): «سێ سوننەت و حەوت فەرز هەیە». ئەڵبەت نابێ سۆفی لە ئەرکانیدا حەوت کەمایەسی هەبن.

یەکەم: دەبێ سۆفی وشەی تەوحید لە سەرزمانی نەکەوێت.

دووەم: سوننەت، کیبر و خۆخوازی و خۆ بەرزنواندن لە دڵی سۆفی دەسڕێتەوە و خۆخوازیی لێ دەستێنێتەوە.[1]

سێیەم ئەوەی کە فەرزەکان بناسێت و جێبەجێیان بکا.

فەرزی یەکەم ئەوەیە کە نهێنیی پارێز بێ و ئەرکانی خۆی لە زاهید بپارێزێ. بەو جۆرەی کە زاهید ئیمانی خۆی لە شەیتان دەپارێزێ.

فەرزی دووەم ئەوەیە کە: پاساو نەهێنێتەوە و نەفەسی هەق، وەکو هەق بزانێ.

سێیەم ئەوەی کە بەرانبەر بە داوای لێبووردنی، ئەهلی نیاز بێت.

چوارەم، هەقی پەروەرندە بە هەق بزانێت و ملکەچی بێت.

پێنجەم: هەقی موساحیب بە هەق بزانێت و لە نێو کۆدا دەری برێ.

شەشەم: ئەهلی تەوبە و خاوەن ڕێنوێنی (ئیرشاد) بێ.

هەفتەم: لە تانج پێڕەوی بکات و ملکەچی وەستایان بێت و شوێنکەوتووان ئاینی گشتی بە هەق بزانێت، بەڵام ئەگەر سۆفی سوننەتێک بەجێ نەهێنێ، ئەگەر تالیب

---

١- لە سەرەتای بابەتەکەدا، دوای زیکری سێ سوننەت، دەهاتە ئەژمار. چوارەمی ئەوەیە: «چوارەم ئەوەیە کە خۆپەرستی نەکات.».

بێ، بە حاڵی خۆ بە جێی دەهێڵن تا بە گوێرەی توانای خۆی خزمەت بکات.

بەسۆفییەک کە سوننەتی دووەم ڕەچاو نەکا، (لێدانێک) ستەمی لێ بدەن و سێ ئاقچە تەرجومان و سێ ئاقچەی نەزری لێ وەربگرن، بەڵام بۆ خەلیفە فەرزترە.

بە سۆفییەک کە سوننەتی سێیەمی ڕەچاو نەگرێت، سێ زەربە (ستەم) لێ دەن و سێ ئاقچە تەرجومان بۆ دادوەرە، و نە ئاقچە نەزری شای لێ بستێنن.

ئەو کەسە فەرزی. یەکەمی ڕەچاو نەگرتووە: حەوت لێدانی لێ بدەن و حەوت ئاقچە تەرجومان بۆ دادوەران و نۆ ئاقچە نەزری شای لێ وەربگرن.

لەوەش وا فەرزی دووەمی ڕەچاو نەکردووە: نۆ ئاقچە تەرجومان وەربگرن. حەوت ئاقچە بۆ خەلیفە، حەوت ئاقچەش بۆ نەزری شا.

ئەو کەسە فەرزی سێیەمی ڕەچاو نەکرد. چواردە (لێدان) ستەمی لێ بدەن و دە ئاقچە بۆ خەلیفە و حەوت ئاقچە تەرجومانی بۆ دادوەران و دەوازدە ئاقچە بۆ خەلیفە و چل ئاقچە نەزری شای لێ وەربگرن.

ئەوەش وا لە فەرزی چوارەم ماوەتەوە: هەڤدە تەریق (لێدان) لێ دەن و هەڤدە ئاقچە تەرجومان بۆ دادوەران و دەوازدە ئاقچە بۆ خەلیفە و چل ئاقچە نەزری شای لێ وەربگرن.

ئەو کەسەش لە فەرزی پێنجەم بووەتەوە: چل (لێدان) ستەمی لێ دەن و چل ئاقچە بۆ دادوەران و هەڤدە ئاقچە بۆ خەلیفە و چل و حەفت ئاقچە نەزری شای لێ وەربگرن.

ئەوەش فەرزی شەشەمی بەجێ نەهێناوە: چل و حەوت تەریق (لێدانی) لێ دەن و هەفتا ئاقچە تەرجومان و چل و یەک ئاقچە نەزری شای لێ وەرگرن و نەوەد ئاقچەش بۆ خەلیفە تەرخان بدەن.

بەڵام ئەگەر بڵێین سزای ئەو کەسە فەرزی حەوتەمی پێشێل کردووە، چییە؟

تانجی لێ دەستێننەوە و لە موساحیب بێ بەشی دەکەن، ئەگەر قبووڵ بکرێت، هەشتا (لێدان) ستەمی لێ دەدەن، چل و حەوت ئاقچە تەرجومان بۆ دادوەران و نەوەد ئاقچە بۆ خەلیفە و چل ئاقچە نەزری شای لێ وەردەگرن.

بەڵام سۆفییەک کە لەم فەرزانە جێبەجێ نەکا، بۆ هەتا هەتایە ڕیسوا دەبێ،

دەبێ خۆ بگەیێنێتە مامۆستا. ئەگەر لەو دەرگایە قبوول نەکرێت، بەهەمیشە بێ بەری دەکرێ و ئەگەر مامۆستایان قبوول بکەن، گشت داراییەکەی لێی دەستێندرێ. ئەگەر رازی نەبێت رەتکراوەیە و ئەگەر رازی بێت، محەمەد و عەلی دوازدە ئیمام لێی رازین.

بەڵام سزادان لە پرسگەلێگی وەک فرۆتن و سەندن بریتییە لە چل ئاقچە نەزری شا، سێ ئاقچە بۆ خەلیفە و سێ ئاقچە بۆ رێنوێن و ئاقچەیەک بۆ تەریق لێدەر (ئەو کەسەی لێ دەدات). پاشماوەکەش تەرجومانە بۆ دادوەران.

غافڵ مەبن کە ئەمە قەولی مەشایخە.

ژێربەشی دووەم: سەبارەت بە حاڵاتی موساحیب

ئەو کەسە موساحیبی نەبێت، تەرجومانیش ناگرێت (ناخوات)، کە ئەگەر ئەم کارە ئەنجام بدات لەهەر دوو جیهاندا رووڕەشە و ئیتر لەناو گەلدا بە بێ موساحیب دادەنیشێ. ئەرکانیش نییە کە موجەرەد بن و هاوسەریان نەبێت و ئەو کەسە موساحیبی هەیە و ئەوەی نییەتی، دەبێ هاوسەری هەبێت. چونکە وتاری هەم عام و هەم (خاص الخاص) دەبێ.

وتاری عام ئەوەیە کە موبتەدی و مونتەها بە بێ هاوسەر دادەنیشن و وتاری خاس ئەوەیە کە موساحیب و بێ موساحیب لەگەڵ یەکدا دادەنیشن. ئەوکات حەقیقەت دەبێ بە هەق. هەموو کوفر دەبێ بەئیمان و قەولی تر ئەوەیە کە لە حوزووری ئەهلی تەریق، نەفسی مامۆستایان، تەریقی ئیمانە.

ئەگەر پرسیار بکەن لە تەریقدا نیاز چییە و سوجدە چییە؟

وەڵام بدەرەوە کە ملکەچی تەریق بوونە.

وە مراز لە بەختکردنی سەر و گیان و ماڵ، بەختکردن بۆ رێگەیە. لە مەودوا (ئەمانە) هیی من نییە، هیی ئێوەیە، چونکە مەیدانی ئەولیا مەیدانی هەقە. سەر و گیانی ئەوەی کە پێ بنێتە ئەم مەیدانە، بەخت کراوە. راستگۆییەکی وا لە تەریقدا بەپتەو دەدرێتە قەڵەم و تەئیید دەکرێ.

بەڵام ئەو کەسە کە ئاکار چاک بێت، تەسلیمی ئەو کۆتایی نایەت. بزانن.

ژێربەشی سێیەم: سوجدە

ئەگەر پرسیار بکەن سوجدە چییە؟

وەڵام بدەرەوە کـە خـوای تەعـالا هەویری ئـادەمـیزادی بـە دەسـتی توانای خـۆی شێلا و ئەو داڕێژراوەی ئافراند و بە فریشتەکان فەرمووی سوجدە بەرن بۆ ئادەم. ئەوکات، خۆی لە داڕێژراوەدا ئادەمیزاد بوو. هەر بۆیە فریشتەکان نیازیان هاورد. دواجار دەرکەوت کە سوجدە لە ئادەم، لە بەر ئەو (خواوەند) بووە. هەق جل و علی دەفەرمێ: «سوجدە لە غەیرە ئادەم نابێت. ئەگەر کەسێک سوجدە بۆ خەڵک بەرێت، کوفری کردووە.»

ئێستـا ئەی تالیبی خـوا، ئەرکانی تـەریقـەت ئاوایە و زانینی پەیمانی تەریقـەت، مەرجە.

هەروەها ئەگـەر پرسـیـاریان کـرد ناردنی یارانی رێگە، هەرکـامـە بۆ شـوێنێک، لەلایەن وەستایان، پاروو ناردنەوە لە کێ بە جێ ماوەتەوە؟

لە نێوان (ئەهل)، مونتەها لە ئادەمەوە بەجێ ماوە. هۆکەشی ئەوەیە کە ئادەم لە بەهەشت دەرکرا. دوو سەد ساڵ و بە ریوایەتێکیش سێسەد ساڵ گریا. کە هەستا لە بەهەشت، تەواو رووت بووبووەوە. بە دوودەست خۆی داپۆشی. (تەنانەت) توانای سەرخوراندنی نەبوو. لەمە کە هیجایی لەناو چووبوو، ترسا. چون تووشی ئەو زۆر بەڵا، ئەو رۆژە لە ناخی دڵەوە گریا. کە ئەو رۆژانە تێ پەڕین، رۆژێک جـیبـرەئیلی ئەمین هات. بە ئەمری هەق دوو دیاریی لە بەهەشت بۆ ئادەم هێنا. سـڵاوی هەقی راگەیاند و وتی: «ئەی ئادەم مزگێنی، کە هەق تەعالا لە گشت گوناحەکان خۆش بوو و دوو دیاریی بۆ ناردی، یەکـێک لەبەر گـریانەکـەت، ئەوی تریش لەبەر سەبرەکەت»

ئادەم ئەو پەیامە باشـەی بیـست و شـاد بووەوە، ئەوجـار وتی: «ربنا اننا ظلمنا انفسنا وان لم تغفر لنا و ترحمنا لنكونن من الخاسرين»[1]

پاشان جیبرەئیل (علیه السلام) فەرمووی: «ئەی ئادەم، نەوەیەک لە تۆ دەکەونەوە و تۆ پەیمان دەدەی کە ئەوان تەنیا گوێڕایەڵی فەرمانی هەق، بن»

---

١ ئەی پەروەردگارمان! ناهەقیمان لە خۆمان کرد. ئەگەر تۆ لێمان نەبووری و بەزەییت پێماندانەیە. بێ شک ئێمە لە زیانبارانین. (اعراف، ٧/٢٣)

ئادەم قبـوولّی کـرد و پەیمانـی دا. خـوای تـەعـالا عـەفـووی فـەرمـوو و خـۆراکی جۆراوجۆری لە بەهەشتەوە نارد و ئادەم لەو خۆراکانە چێژێکی زۆری وەرگرت.

پاشان خوای تەعالا فەرمووی: «الستُ بربكم، قالوا، بلي»[1]

واتە مـن خـوای ئێـوەم و ئادەم وەکـیلـی منە. لە ئـەرواح راگـەیێندرا: «بەڵـێ، تۆ ئافرێنەری ئێمەی.»

چونکە خـوای تەعـالا پـەیمانی لەگـەڵ بەست، ئـادەم پابەند بـوو بەو پەیمـانەوە. لەبەر ئەو پەیمانە، ئادەم (عليه السلام)، ئەو بەڵێننامەیەکی پێ دا. بەڵێننامەکەی لە شوێنێک دانا تاکو بیپارێزێ. دیسـان خوای تەعالا ئەمری فـەرموو: «ئەی ئادەم ئەو بەڵێننامـەیە لەسـەر حـجرالاسـود دابنـێ.» ئادەم بە فـەرمـانی هـەق وای کـرد و سـەد هەزار جار سوپاسی کرد و پاراستی.

لەو سـۆنگەیەوە هـەر سـاڵ حـاجـییـەکان زیـارەتی دەکـەن، ئەگـینا ئەوەش وەکـو بەردەکـانی تر، تەنیـا بەردێکی رەشـە. خـوای تـەعـالا دیسـان ئەمـری بـە جـبـرەئیل فـەرمـوو: «برۆ و تەبەقـێک هەڵوا لە بەهەشـت بێنە.» جـبـرەئیلیش وای کـرد و ئەو هەڵوایە بە ئەمـری هـەق پێـشـکێش بە ئادەم کـرد. جـا لەوسـاوە پێـشکێـشـکردنی دیاری لە دۆستێکەوە بۆ دوستێکی تر بە جێ ماوەتەوە.

ئادەمیش بـەشـێکی لێ بۆ حـەوا بەجێ هێشت. ئێـسـتا بەهرەناردنەوە لە لایەن دۆستێکەوە بۆ دۆستێکی تر لەوە ماوەتەوە. ئێستەش نەقیب دەبێ ئەمە بزانێ.

مـورشـیدی کـامـیل لێرە دیار دەکا کە ئاگاداری کاروبارە. مـورشـیدی کـامل لە نەگەیشتن و نەکردن تێ ناگات. ئەم سوننەتە لە ئادەمەوە بە جێ ماوە.

گـەورەکانی گـەل لە شـەریـعەت و تەریقـەت و مـەعریفـەت و حـەقیـقـەتدا کـامـیلن و بەپێی ئـەرکـان دەجـووڵێنەوە هـەیە و خـزمـەت دەکـەن. ئەهـلی تەریق بە ئاکـارچاکی رێگە بە یاران دەنوێن. کاتێک کە خۆراک لە سـەر سـفـرە دابنێن، سڵـاو لە ئەهلی تەریق دەکـەن و بە پێی سـوننەتی رەسـووڵ دەسـتـەکانیـان دەشـۆن و خواردنیـان پێ دەدەن.

یەکـەم، لە هـەمـبـەر گـەورەی (گـەل) سـفـرە دادەخـەن. پـاشـان بـە پێی پلە و جـێگە، بەرامـبـەر بە هـەرکـەس سـفـرەکە دەکـرێتـەوە. دوای خـواردنی خـۆراک، سـەرەتا

[1] ئەی من پەروەردگارتان نیم؟ گوتیان: بەڵێ. (اعراف، ٧/ ١٧٢)

موبتەدی بەری خۆ گلێر دەکاتەوە و پیر لە سەر سفرەدا دەڵێ: «الحمد لله، محمد و علی، حسن و حسین، شەهیدی دەشتی کەربەلا، رۆحی سەلمانی فارسی و وەقاس شاد بێت»، پاشان دەڵێ: «هەق بەرەکەت» و بانگ دەدات.

هەوەڵ «هوو» و ئاخر «هوو»ە. پاشان نیاز بکات و دانیشێت. ئەمە مەرجە بزانن. پاشـــان ئەگـــەر کـــەســـێک بیـــەوێ پارووپەک پێـــشکێـــشی برادەر بکات، دەبێ کـەڵەمووسـتی پێی راست بنێـتە سـەر کـەڵەمووسـتی پێی چەپ و بەپێی ئەرکـان پاروەکەی پێ بدات.

ئەگەر پرسیاریان کرد: وەها وەستانەوەیەک بۆ چییە؟

رۆژێک حەزرەتی رەسووڵ داوای ئاوی کرد.

ئیمام حسێن دەفرێ ئاوی برد بۆ پێغەمبەر. حەزرەت زانیی کەڵەمووستی پێی چەپی حسێن زامدار بووە. بۆیە کەڵەمووستی پێی راستی نا وە سەر کەڵەمووستی پێی چەپەوە تاکو حەزرەت لەکاتی خواردنەوەی ئاو ئەوە نەبینێ. ئاو بە خـۆشی بخواتەوە و نارەحەت نەبێ. ئەمەیە هۆی شاردنەوەی پێ.

جا ئەگەر بڵێن داواکردنی هەق، لەلایەن برادەرێکی ئەهلی تەریق، لەبرایەکی تر، لە کێ ماوەتەوە؟

لە غەزوەی حونەین، حەزرەتی رەسووڵ بە کەوانێکی بێ تیر، ئاماژەی فەرموو: «بەم جۆرە هەستن.»

لە نێو ئەنسـاردا کـەسێک هەبوو بە ناوی ئەسوەد کـوڕی ئەرکـە (ئەرکا). ئەو هەڵنەسـتـا. رەسـووڵ (علیـه السـلام) چووە پێـشـەوە و بەو کـەوانی دەسـتـیـەوە، کەوانێکی لە سکی دا. ئەو کەسە گوتی: «ئەی رەسووڵی خوا، ئایا خواوەند تۆی بۆ ئازاردان لەم دونیـــایە ئافـــراندووە؟ تۆ لە منت دا، کـــەوابوو منیش هەقم بە سەرتەوەیە.»

کـە رەسـووڵ ئەو قـسـەیەی بیـست، کـەوانەکـەی دا بەدەسـتی ئەسـوەدەوە و فەرمووی: «ها! هەر ئێستا هەقی خۆت بستێنە. ئەسوەد بە بیستنی ئەم قسەیە، ئەو کەمانـەی گرتە دەستـەوە، بەڵام لە راسـتـیدا مەبەستی ئەو ماچکردنی سکی پێغەمبەر بوو.» جارێک ماچی کرد و سوپاسی هەقی گوت. پاشان گوتی: «ئەی رەســووڵی خــوا، مــرازم لە مــاچکردنی سکی مــوبارەکت، دەربازبوون لە ئازاری

جەهەندەم و شەهیدبوون لە شەڕدایە.»

کەوابوو، داواکردنەوەی هەقی برایەک لە برایەکی تر لێرەوە سەرچاوە دەگرێ.

ئەگەریش پرسیار بکەن هەڵواسینی بەرد بە ملی تاوانبارەوە لە کێ بەجێ ماوە؟

بڵێ لە مووسا ماوەتەوە.

یان پرسیار بکەن، تەنیا دەبێ بەردی پێوە هەڵواسن؟

لەبەروەی کە لەشی موبارەکی حەزرەتی مووسای پاراست. مووسا (لەشی خۆی) بە کەس نیشان نەدەدا. بۆیە کافرەکان (لە پشت سەریەوە) دەیانگوت: «مووسا نەخۆشینێکی هەیە.» جووەکان تۆمەتیان دەخستە پاڵی.

بەهەڵکەوت رۆژێک مووسای پێغەمبەر بەمەبەستی غوسڵکردن ناو ڕووباری نیلەوە. جلوبەرگەکەی لە سەر بەردێکە دانا و چووە ناو ئاوەکەوە. بە ئەمری هەق، ئەو بەردە (سیپاڵەکانی) مووسای برد و رای کرد. مووسا بە دوایدا رای کرد تاکو بیگرێ. بەردەکە لەمبەرەوە پەڕییەوە ئەو پەڕی ئاوەکە. مووسا پێی گەیشت و سیپاڵەکەی لێ سەندەوە و دەبەری کرد. (پاشان)، بە گۆچان لێدانی دوازدە گۆشەی بەردەکەی کرد. بە ئەمری هەق ئە و بەردەکە هاتە زمان و وتی:

«ئەی مووسا؛ من بە فەرمانی خواوەند سیپاڵەکانتم لێ سەند و چووم. جووەکان بوختانیان دەکرد بە لەشی موبارەکت. ئێستا چاوانیان دیتی و گومانەکەیان رەوییەوە. تۆ بە ناهەق لە منت دا. من هەقێکم بە سەرتەوەیە.» پاشان مووسا (علیه السلام) داوای لێبووردنی لەو بەردە کرد و چونکە تاوانێکی نەبوو، مووسا ئەو بەردەی لەملی هەڵواسی. / جا گوتی، ئەی مووسا، تۆ و شوێنکەوتووانی تۆ پێویستتان بە ئاوە، من لە گەردنی خۆت بکەرەوە و نزا و دوعایەک بکە تا بە فەرمووەدەی خواوەند دوانزدە چاوگەی ئاو لە دوانزدە چمکی منەوە بتەقن و شوێنکەوتوانی تۆ لەو چاوگانە بخۆنەوە و ئەم بەردهەڵواسینەش لێرەوە ماوەتەوە.

ژێربەشی چوارەم: لێبووردن لە گوناحی (ئینسان)

حەزرەتی عەلی ئەمیرولمؤمنین کۆیلەیەکی هەبوو. رۆژێک هەڵەیەکی کرد. شای جوامێران پێی فەرموو «وەرە!» مەڵێ دەیویست بە زولفەقار بیکات بە دوو کەرتەوە.

ئەو کۆیلەیە هەستی بەوە کرد. پەنای بە مامی عەلی برد و گوتی: «شای ویلایەت

تووڕە بووە و ئەیەوێ بمکوژێ. یارمەتیم دەرێ.»

ئەو گوتی: «ئەی کۆیلە! کە گەیشتیتە خزمەتی عەلی، بڵێ کە خوای تەعالا دەفەرمێ: والكاظمين الغيظ والعافين عن الناس[1] و پاشان وەرەوە. کە کۆیلە گەیشتە خزمەتی حەزرەت، ئەم ئایەتەی خوێند. حەزرەتی عەلی فەرمووی: «لە کوناحەکەت خۆش بووم»

کە ئەوەشی بیست، دیسان گوتی: قال الله تعالى: «والله يحبُ المحسنين.» [2]

حەزرەتی شا فەرمووی: «تو ئیدی کۆیلە نیت و ئازادی.»

لێبووردنی گوناحان بەم هۆیەیە. چونکە (ئەگەر وانەبێ) سوننەتی عەلی پێشێل دەکرێ و پڕکێشی بۆ یەزید دەمێنێتەوە و ئێرەییش بۆ شەیتان.

ژێربەشی پێنجەم: شاردنەوەی خەوشی کەسان

پیویستە کە ئەهلی تەریق، خۆ لە کردەوەی بەتاڵی بەڕواڵەت و شاداوە بپارێزن. پێڕەوی فەرمانی هەق بن. عەیبی ئەم و ئەو ئاشکرا نەکەن و نزای هەموو باوەڕمەندان بۆ خۆ بستێنن، کە لە حەدیسی شەریفدا دەفەرمێ: «الغيبتُ اشدُ من الزنا.» واتە پشتەملێ خراپتر لە زینایە. ڕۆژێک حەزرەتی ڕەسووڵ (د.خ) لە غەزوەیەک دەگەڕایەوە. لە شوێنێک وەستا و خەریکی نانخواردن بوو. یەکێک (لە هاوڕێیان) پاشە ملە، باسی برایەکی موئمینی دەکرد. حەزرەتی ڕەسووڵ زانیی. ئەو کەسەی غەیبەتی دەکرد، لە حەزرەت داوای شلەی کرد. حەزرەتی ڕەسووڵ بە سەحابە فەرمووی: «شلە لای ئێوەیە.»

ئەوان گوتیان: «نییە.» حەزرەتی ڕەسووڵ فەرمووی: «گۆشتی ئەو کەسەی غەیبەتی دەکەن بخۆن.» کە ئەو قسەیان لە حەزرەتی ڕەسووڵ بیست، گشتیان تەوبەیان کرد. تەوبەکردن لە گوناح، دایمە پێویستە. داوای لێبووردن و ڕزگاری لە گوناحە. ئەو کەسە وا تەوبە ناکات، وەکو چاروای بێ هەوسار وایە.

---

١ ئەو کەسانە ڕکی خۆیان دەخۆنەوە و لە خەڵک خۆش دەبن. (آل عمران، ٣/١٣٤)

٢ خوا چاکەکارانی خۆش دەوێ.

دەردەبڕین، بەڕێگەی گەورەکاندا دەڕۆین.

ئاینی ئیسلام سەری هەڵدا و پێڕەوی زۆری پەیدا کرد. پێویست بوو کە موئمینان شوێنێکیان بۆ ڕێنوێنی و فێرکاریی ئەرکان هەبێت. حەزرەتی رەسووڵ (علیە السلام) فەرمووی زەوییەکیان ئامادە کرد و ماڵێکیان تێدا دروست کرد و نێوەکەشیان بە بۆن و بەرامەیەک بۆنخۆش کرد.

پاشان حەزرەتی رەسووڵ بە حەزرەتی عەباسی فەرموو: «ئەی عەبباس، خۆت بە موئمینەکان بناسێنە. وتەکانی من ولییان پێ بڵێیەوە و ئەرکانیان پێ بنوێنە و هەرکامەشیان بە پێی ڕێبازی خۆیان، ڕێنوێنی بکە.»

پاشان حەزرەتی عەلی و گشت موئمینەکان هاتنە ئەو ماڵە. سەرەتا حەزرەتی رەسووڵ دەستی عەلیی گرت «ئەی برام عەلی»ی گوت. ئیدی لەگەڵ یەکتر بوون بە برا. لەوەدوا هەزما و زەیدی کوڕی حارس بوون بە برا. ئەوکات سەرجەم موئمینان لەگەڵ یەکتر بوون بە برا. برادەری، لەوێوە ماوەتەوە.

بۆیە موئمینان یەکتر بە برا ناو دەبەن. جا رەسووڵ فەرمووی عەلی کوڕی منە و عەلی فەرمووی کە رەسووڵی بە ڕێنوێنی خۆ دانا. دەست یەکیان گرت و رەسووڵ خوتبەی تەریقەتی خوێندەوە:

«اللهم اشهد بك و كافر بك شهيداً و اشهدُ ملائكتك و رحمت عرشك»[1].

کە ئەو دیعایەی سەبارەت بە عەلی کرد، بڕێک لە ئەسحابەکان هەستانە سەرپێ. «يا على لحمك لحمي»[2] یان گوت و دانیشتن. حەزرەتی رەسووڵ دەستی عەلیی گرت و گوتی: «هذا اخي في الدنيا و الاخرة»[3] عەلی لە تەریقەتدا کوڕی من و لە حەقیقەتدا برای منە. دیسان فەرمووی: «انت رميتي واريني» ئەی عەلی تۆ وەسی و واریسی منی. پێشی فەرموو: «ئەی عەلی، هەستە!»

ئینجا هەستا و لەگەڵ ئەرکانی تەریقەت و حەقیقەتدا بەیعەتی کرد و خوتبەی خوێند.

---

١ خوایە! باوەڕم بە تۆ و بە فریشتەکان و بە عەرشەکەتە.

٢ ئەی عەلی، گۆشتت، گۆشتمە.

٣ ئەمە برادەری منە لە دنیا و ئاخیرەتدا.

سێ کەس لەگەڵ عەلی بەیعەتیان کرد.

یەکەم سەلمان، دووەم Amber ئومەییە و سێیەم، بیلالی حەبەشی

پاشان حەزرەتی عەلی و رەسووڵ (کرّم الله وجهه) بە سەلمان فەرموویان: «ئەی سەلمان، تۆ رێنوێنی فاتیمە و حسێن بە و فێری ئەرکانی تەریقەت و حەقیقەتیان بکە.»

سەلمان وتی: «ئەی عەلی! من چۆن رێنوێنیی فاتیمە و حەسەن و حسێن بکەم؟»

رەسووڵ فەرمووی: «عەلی منی بە رێنوێنی خۆی دانا. بۆیە رێنوێنیکردنی ئەوان بە من ناکرێ.» کەوابوو سەلمان بوو بە رێنوێنی فاتیمە و حەسەن و حسێن.

رەواش نییە رێنوێن لەگەڵ تالیبی خۆی هەڵسوکەوت بکات، چونکە دژ بە ئاکارە.

پاشان رەسووڵی خوا فەرمووی: «ئەی عەلی! شوکرانە بژێر بە تا بخۆین.»

عەلیش شوکری کرد و خواردیان. دۆعایان خوێند و بانگ لە خوا پاڕانەوە. شوکرانەی تەعام لێرەوە ماوەتەوە.

ئەگەر کەسێک لەگەڵ ئەم ئەرکانە دژایەتی بکات یان حوجەت بێنێتەوە و بڕوای پێیان نەبێ، لە دەرگای اللّه، محەمەد عەلی، حەسەن و حسێن و دوازدە ئیمام بێ بەشە و رووی ئەوەشی نییە بگاتە دەرگای ئەولیا.

فەرزە لە سەر رێنوێن کە عامل بە شەریعەت و کامیل لە حەقیقەتدا بێ و گشت ئەرکان فێری تالیب بکات. ئەو تالیبەش بە بەرەکەتی فێرکارییەکانی ئەو لە ئاشکرا و لە نهێندا رووسپی دەبێ.

لەسەر تالیبیشە ئاکار چاکی. ئەمەی کە دایمە، لە هەر شوێنێکدا محەمەد عەلی و دوازدە ئیمام حازر و نازر بزانێ. بەردەوام خەریکی عیبادەت بێ و خۆی بە ئاتاج بزانێ، کە حەزرەتی رەسوول (د.خ) فەرمووی: «لولا المربّي ما عرفت ربّي» واتە ئەگەر پەروەرندەم نەبووایە، خوام نەدەناسی. جا بزانێ کە رێگەی رێنوێن و تالیب بەم جۆرەیە.

بزانن کە ئەگەر ئیزن بە تالیب نەدات، تالیبیش (بە بێ ئیزن) کردەوەیەک ئەنجام بدات، لە رێگەدا تووشی کەمایەسی دەبێ. بۆیە جیبرەئیل هەرچی فێری رەسووڵی کرد، چیی نەگوت.

ئەگەر تالیب بە ئیزنی ڕێنوێن بجووڵێتەوە، عیشق بەو ڕەفتارە فرەتر دەبێت و ڕووناهی پەیدا دەکات. لە شەڕی شەیتانیش دەپارێزرێت. کارەکان هاسان دەبێتەوە و ڕێنوێن لە تالیب ڕازی دەبێ.

بەڵام ڕێنوێنیکردن لە لایەن هەرکەسێکەوە ڕەوا نییە. پیر دەبێ بەڵێنی خۆی بە جێ بێنێ. ئەوکات (ڕێنوێنی کردن) ڕەوا دەبێ.

پێویستە کە ڕێنوێن:

جوامێر بێ. دەلاقەی دڵی کراوە بێ. دەسقوچاو نەبێ. بە بەزەیی بێ. کەس لە زمان و دەست و شێوەی ئاکاری تووشی وەزەنگ نەبێ. دایمە ئاکاری چاک و دڵ بێگەرد بێ و لە خوو و خدەی نالەبار خۆ بپارێزێ. چیی بۆ خۆی ئەوێ، بۆ هەموو عالەمیش بیەوێ. هەموو عالەم ئەگەر تێک بچێ، خەمی نەبێ.

پارێزەری ویلایەت بێ. لەوانە بێ کە پشت بە خوا دەبەستن. لە بەرامبەر هەر بەڵایەکدا پشوو درێژ بێ. ئەوکات ڕێنوێنی و لە سەر تەختی ئەولیا دادەنیشێ و شیاوی دەرگای محەمەد عەلی دەبێ. دەبێ لە شەریعەتیشدا پاوەجێ بێت. ئەو کەسە لە شەریعەتدا پێبەرجێ نەبێت، دەروێش نییە و ئەگەر عالمیش بێت (نورٌ علَی نور).

خۆپەرستی خووی شەیتانە. مەگەر شەیتان یەکێک لە گەورەترین فریشتەکان نەبوو. لەبەر خۆپەرستیی سووک و ریسوا بوو. ئەگەر ڕێنوێن خودان ئەم سیفاتەی بێت، لە نێو تالیبەکان و خەڵکدا عەزیز و ڕێزدار دەبێت و لە دنیا و ئاخیرەتیشدا ڕووسپییە. ڕێنوێنان دەبێ ئاوا بن. دایمە لە حاڵی پێشکەوتندا بن، واتە خوو و خدەی و نەفس نزمی و بەزەییان ڕوو لە زیاتربووندا بێ تا لەناو ئاپۆرەی تالیباندا عیزەتیان فرەتر ببێت.

ئەگەر کەسێک لە تەریقەتدا گونابار بێت، لە حاڵی ئەو کەسە تێ بگات و ئەگەر وەکو ستەملێکراو و پەپتا پەپتا پێی بڵێ، بترسێ و بەو کەسە ستەم نەکات.

چونکە لە شەریعەت و تەریقەتدا زوڵم لە ئارادا نییە. مرۆ خۆ لە مەعریفەت و حەقیقەتدا هیچ نییە. زوڵم، لە یەزید و لە شەیتانە.

ژێربەشی حەوتەم: سەبارەت بە ئاکارچاکی (ئەدەب)

لە حــوزووری شــێخ یان ڕێنوێنێک کــە لە دەرگــای (وەســـتــا) هـاتووە، دوان، ستەمکێشان و هەڵسوکەوت و وتووێژ ڕەوا نییە. لەلای خەلیفە و ڕێنوێنێکیش کە لە دەرگای (وەستایان)ەوە هاتووە و لە حوزووری میوانی هەقدا، لەگەڵ ئەوانی تر قسەکردن و فەرمان بەستەم دان و پڕبێژی، دژ بە ئاکارە و تەنانەت گوناحیشە. مەگەر ئەوەی کە ماوە بدەن و بڵێن «فەرموو» ئەوکات دوان ڕەوایە. ڕۆکردن و فڕێدانی ئاوی دەمــولووت لە شــوێنی گـشـتـیـدا نەبێ و بێ کەڵکوەرنەگـرتن لە دەستەسڕ، شتێکی ناحەز و دژ بە ڕەوشتە. هەروەها نابێ لە تەنیشت وەجاخ و چراش بکرێ. چونکە وەجاخ و ئاگر وەکو چرا وایە. چونکە شتی کاڵ دەکوڵێنێ. لاق درێژکردنەوەش لەلای کەسانی تردا دژ بە ئاکارە، چاو لێکردنی ژنان دژ بە ئاکارە. دەبێ سەرەتاش پیرەکان دەست بۆ خۆراک بەرن، و پێتانی پێشکێش بکەن. لە هەمبەر عاشقانیشدا قاقای بە دەنگی بەرز پێ نەکەن.

بەڵێن بە برای خۆتان مەدەن چونکە ئەگەر بە جێی نەهێنن، بێ ئیمان دەبن و هەروەها درۆزن و خائین بە ئەمانەت دەردەچن. «الخائن لا اُمتي»[1].

هەر کەسێک سنووری خۆی بپارێزێ و داوای لێبووردن بکات و کەس نەڕەنجێنێ و فێڵ نەکات بەلاڕێدا نەبا، چونکە زولفەقار حازر و نازری ڕێگەیە. چونکە شمشێری ڕێگە، لەڕێدایە. هەقی کەس بە سەری کەسەوە نەمێنێت ئەگەر برادەرێک تووشی کەمایەسی ببێ، بە ئەرکان بیهێننە سەر ڕێگە و ئەگەر ڕێنوێنێکیش ستەم لە تالیب نەکات نابێ داوای هەق لە کەس بکات.

ئەگەر کەسێک ئەم ئەرکانە بەجێ نەهێنێ، ئەرکەکانی خۆشی ئەویش تەواو نابن.

---

١ خائین لە ئوممەتی من نییە.

## بەشی پێنجەم

## ئەرکان

ژێربەشی یەکەم: بۆ هەر کەسێک پازدە کردەوەیە

لەم ژێربەشەدا هەر کەسێک پازدە کردەوەی لەسەرە کە ئەگەر دەروێشێک خۆی بە دوور نەگرێ لە دەروێشی دەکەوێ.

دەبێ هەر کەسێک خۆی لە پازدە کردەوە بەدوور بگرێ.

یەکەم: بادەنۆشین لەگەڵ نامەحرەم

دووەم: زینا

سێیەم: لەوات

چوارەم: خۆپەرستی

پێنجەم: نیفاق و دووڕوویی

شەشەم: سیخوڕی

هەفتەم: سووکایەتیکردن و تووڕەبوون

هەشتەم: ئێرەیی

نۆیەم: درۆکردن بە ئەنقەست

دەیەم: تۆڵە ئەستێنی

یازدەم: لاڕێبوون

دوازدەم: خەیانەت لە ئەمانەت

سێزدەم: چاوەدێریکردنی خەیانەتکردن بە کەسێک.

چواردەم: بەڕوودا دانەوەی عەیبی خەڵک.

پازدەم: «بخيلُ لا يدخلة الجنّة.» واتە: دەسقوچاو ناچێتە بەهەشت.

ئەو کەسە خاوەنی ئەم سیفاتە بێ، دەروێشی حەرامیەتی.

ژێربەشی دووەم: ئەگەر کەسێک دوازدە سیفەتی هەبێ، لە ئەرکان نانەوەی ئەو ڕەوا نییە

شێخ سەفی رحمة الله علیه واسعە وا دەفەرمێ و قەولی (وەستایان)یش هەر ئەمەیە کە ئەگەر کەسێک دوازدە سیفەتی هەبێت، نابێ ڕێی بدەنە نێو ئەرکانەوە و تەریقی پێ بنوێنن، چونکە ئەم کارە حەرامە. هەرکەسەش تەریقی پێ بنوێنێ، تاوانبارە و موونافیق.

یەکەم: کافر، چونکە حاشا لە ڕەسووڵ دەکا

دووەم: درۆ و فێڵکردن لە خەڵک.

سێیەم: ئەو کەسەی دایمە لەگەڵ نامەحرەمدا بادە بنۆشێت

چوارەم: دەڵاڵەکانی کە موسڵمان بن، بەڵام وەکو کافرەکان بن

پێنجەم: دەڵاڵەکانی بازاڕ کە خەسار دەدەن لە موسڵمانان و نرخی شتومەک بەرز دەکەنەوە.

شەشەم: تانوپۆڵێنەران، کە درۆ دەڵێن بەدژی بەڵێنیان کردەوەیان هەیە. تانە لە شتومەک دەدەن و نرخەکان دادەبەزێنن.

هەفتەم: قەسابەکان کە دایمە خەریکی خوێنڕشتنن و دڵیان وەکو بەردی لێ هاتووە و بەزەییان نییە.

هەشتەم: ڕاوچییەکان، کە دایمە داو دەنێنەوە و بەفێڵ و دەهۆ گیانەوەران لەت لەت دەکەن.

نۆیەم: زانایان کە دایمە خەریکی داهێنانن، ستەم لە موسڵمانان دەکەن و مێشکی شەیتانییان هەیە.

دەیەم: گرانجانێک کە بەردەوام شمەکی گران دەفرۆشێ.

یازدەم: جەللادەکان

و دوازدەم: ئەو کەسانەن کە ماڵی هەتیو و بەیتولماڵ بخۆن. ئەوان دەڵڕەشن.

ژێربەشی سێیەم: بنەمای سوجدە چییە و سوجدە لە کێ بەجێ ماوە؟

ئەگەر پرسیاریان کرد بنەمای سوجدە چییە و لە کێ بە جێ ماوەتەوە و ئەوەی کە سوجدەی برد، پەسند کرا و ئەوەش کە نەیبرد، بێزراوە.

وەڵام بدەرەوە یەکـەم ڕەتکراوە، شـەیتـانە. ئەو کـە لە سـۆنگەی عیـبـادەتی زۆری خـوای تەعـالاوە بەهەق نزیک بووەوە و تەنانەت لـە ئاسـمـانەکانیش بەرزتر بووەوە. دەسـتی کـرد بە نەزەرکـردن لـە لەوحی کـەلیـمـە. شـیـاو بوو و کـرا بە خـەلیـفـەی فریشتەکان.

خـوای تەعـالا داوای لە کـەمـالی کـەرەم کـرد تاکـو ئادەم بخـولّقـێنێ. (کـەوابوو فـەرمانی دا کە خاک بێنن). جیبرەئیل و ئیسـرافیل و مـیکائیل نەیانتـوانی. چونکە شەیتان (علیه اللعنة) زەویی خەڵەتاندبوو کە، بەو بیانووەی:

«مـرۆڤ دێتـە ئاراوە و لە سـەری گـوناح و تـاوانی زۆر دەکـات. ئەوکـات تۆش ئالوودە دەبی.»

بۆیە زەوی، لەدانی گڵ خۆیان بوارد. فـریشـتـەکانیش سـوێندخـواردنی زەوییـان دیت و ئیتر لێی داوای خاکیان نەکرد. پاشان خـوای تەعالا فـەرمانی بە عیـزرائیل دا (کە خاک بێنێ). کەوابوو عیزرائیل گوێی بۆ سوێندخواردنەکان و هاواری زەوی شل نەکرد، هـەندێ گڵی لێ وەرگرت (بەرەگـەی جۆراوجۆر) و هێـنای. ئەوکات هـەق تەعالا بە لوتفی خۆی گڵی ئادەمی شێلا، پاشان نایە بەر خۆرەوە تا وشک ببێتەوە.

ئیبلیس دیسـان هاتەوە زەوی. چووە لای گـڵـە شـــێلراوەکە. دیتــــی کـە وەکو omucek. گوتـی: «چما خـەلیفـەیی ئادەم لە عەرشی ئەعـلادا نووسراوە.» خـۆی بەرز نواند و ویستی داڕێژراوەکەی ئادەم تێک بدات.

لەوکات خوای تەعالا فەرمانی دا بە فریشتەکان سوجدە بەرن: «وسـجدوا»[1].

گشت فریشـتەکان سوجدەیان برد. کەسـایەتیی شـەیتان تێک شکاو وتی: «بۆچی سوجدە بەرم بۆ لە گڵ ئافرێنراوێک.»

ئازا (خـێـرا) بـە ئەمـری هـەق بازنـەی لەحنـەت هـەڵواسـرا بە ملیـەوەو بوو بە لەحنەتکراوە و ڕەتکراوە و سـوجـدە بەرانیش بوون، بە قـبـووڵکراوان لـە دەرگـای هەق. ئێستا خۆپەرست فێڵباز، درۆزن و دووزمان، نابن بە دەروێش و موئمین. ئەو کەسانە کە لە کۆتاییدا، بە بێ ئیمانی دەمرن، ئەمانەن. لە دنیا و ئاخیرەتیشدا ڕووڕەشن. «نعوذ باللە من ذلك الحال.»[2]

---

١ سوجدە بەرن!.

٢ لەم حاڵەدا پەنادە دەبەینە بەر خوا.

ژێربەشی چوارەم: وەسییەتێک لە موحەممەدی موستەفاوە(د.خ).

ئەو مەبەشیرە، ئەو بولبولی باخی تەریقەتە و ئەو تەبیبی ئارامگەی شەریعەتە، ئەو بەحری حەقیقەتە، محەمەدی مستەفا، بە عەلیی مورتەزای فەرموو:

«ئەی ئەمیری موئمینان! ئێمە لەم جیهانەوە دەچینە جیهانی ئاخیرەت، بە ئەمری خوا. وەسیەتێکم بۆت هەیە، تاکو موئمینەکانی دوای ئێمە و پێڕەوانی تۆ بزانن. هەرکەس وەسیەتم بە جێ بێنێ، من لێی رازیم و سبەینێی رۆژی پەسڵان، شەفاعەتی بۆ دەکەم و هەق تەعالا، جەمالی خۆی پێ بنوێنێ. هەر تالیبێک کە ئەم وەسیەتە بە جێ بێنێ، دۆستی منە و هەرکەس بەپێچەوانەوە بجووڵێتەوە و وەسیەتەکە بەجێ نەهێنێ، دوژمنی منە.»

شێخ سەدروددین (رحمة الله علیە) دەڵێ: «مافی تالیب چییە؟»

شێخ سەفی وەڵام دەداتەوە: «مافی تالیب ئەوەیە کە لەگەڵ عەوامدا هەڵسوکەوت نەکات و لێیان دوورکەوێتەوە، چونکە عەوام ئەهلی شیقاوەت و دڵڕەقین و موئمینەکان ئەهلی سەعادەت و بەختەوەرین. نوور و زوڵمەت پێکەوە نابن. دوورکەوتنەوە لەوان عیبادەتە و هەڵسوکەوت لەگەڵیاندا دڵڕەقییە. سەعید و شەقی پێکەوە نابن.

مافی تریش ئەوەیە کە مەحرەمی خۆ بدۆزێتەوە و هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات، زانستەکانی خۆی لە بیر بکات و بەردەوام رەچاوی بنەوی (پرنسیپە)کان بکا. و گوێ بیستی ئەمری ئەولیا بێت رێزیان لێ بگرێت و ویلایەت بپارێزێ. مافی ئەولیاش ئەوەیە کە تالیب فێری رامان و بیرکردنەوە لە خۆی بکەن. ئەو تالیبە کە دڵی پاکی هەیە، جیای کاتەوە و رقی خۆی دەربڕێ لەوەی کە دڵی ناپاکی هەیە.

شێخ سەدرودین دەڵێ: «ئەی شێخ، دڵی تالیب دەبێ چۆن بێت؟»

شێخ سەفی وەڵام دەداتەوە: «بەرواڵەت نوێژ بکات و دڵی پڕ لە عیشق بێت و پارووی حەڵاڵ بخوات.»

ناپاکیش، لایەنگری لە یەزید و هاورێیەتیی ئەوە جەفا بە موئمینەکانە و لەبەر ویستی دنیا، لایەنگریکردن لە یەزیدە. وەها کەسێک بۆ خۆی یەزید و دڵڕەشە.

ئەنجامدانی وەها کردەوەگەلێک یانێ بە حازر نەزانینی ئەولیا کە هۆیەکەشی

بێ حەیاییيە و وەها کەسێک لە دەرگای محەمەد عەلی و دوازدە ئیمام بێ بەش و بێزراوە.

ژێربەشی پێنجەم: ئەگەر تالیبێک ئەم فەرمانانە بەجی نەهێنێ

کەلامی شێخ سەفی رحمة الله علیه و قەولی زانایان و مەشایخ ئەمەیە:

تالیبێک کە خاوەنی ئەم تایبەتمەندییە چاکانە و ئەم مەرجانە نەبێت و گوێبیستی ئەو باسانەی کران، نەبێت، نعوذ بالله من ذلک[1].

هەروەها ئەگەر تالیبێک بە ئیرشاد، ئەولیا دەرک بکات و لەگەڵ عاشقاندا هەڵسوکەوت بکات، بەڵام نهێنییەکان بۆ خەڵکی ئاسایی (عەوام) ئاشکرا بکات، دەبێ بە یەزید.

شێخ سەدرەدین دەڵێ: «موئمینەکان چۆن دەبێ لەگەڵ یەکدا بژین؟»

شێخ سەفی وەڵام دەداتەوە: «ئەگەر موئمینێک بڕواتە ماڵی موئمینێکی تر و ئەو موئمینە (خاوەن ماڵ)، بە چاوی سووک، چاوی لێ بکات و پارووی لێ بگرێتەوە، موونافیقە. نیفاق (دووڕوویی) کردەوەی شەیتان و یەزیدە، چونکە لە خۆپەرستی و بێ حەیاییيەوە سەرچاوە دەگرێ.»

شێخ سەفی دەڵێ: «تالیب وەکو وشترە، بۆ ئەوی کە تالیب دایمە بەلارێدا دەچێ. هەروەها تالیبانی تر دەبێ ئەو بهێننە سەر رێگە و دەبێ لە یەکتر پێڕەوی بکەن.»

شێخ سەفی دەڵێ: «ئەگەر دوو موئمین لە شوێنێکدا، یەکدڵ نەبن، موونافیق و رێگرن. دڵڕەشن.»

هەروەها شێخ سەفی دەفەرمێ: «موئمین دەبێ رواڵەتی خۆ لە خەڵک بپارێزێ و بە باتین لەگەڵ ئەولیادا بێ تاکو رووسپی بێت و ئەرکانی دروست بێ. موئمین ئەو کەسەیە کە ئەگەر موئمینێک ببینێ بیناسێت، چونکە خۆشەویستی هەر لە سەراوەردەویە و نەزانین درندایەتییە و مرۆڤایەتی دێتە ئاراوە، بۆ ئەوەی کە باتنی نژە لە خۆشەویستیی دونیا کردووە و کەمتەرخەمیی لەمەڕ عاشیقان، پێڕەوی کردن لە نەفسە، بۆیە وەک بیانییەک دەڕوانێ. چونکە رۆحی، رۆحی سولتانی نییە، رۆحی حەیوانییە. وەها کەسێک، وەکو حەیوان وەحشی دەبێت. وەها کەسێک

[1] لەمە پەنا دەبەینە بەر خوا.

مونکیر و خۆخوازه.»

حەزرەتی رەسـوولّ لە حەدیسـێکدا دەفەرمێ: «الدّنیا جیفـةٌ وطالِبُـها کِلابٌ»[١]. خوای تەعالا لەو سیفەتە بمانپارێزێ.

ئەگەر کەسێکیش تانجی ئەولیا لەسـەر بنێ و دووبارە لە سـەر هەلی بگرێ، یان ئەوەی کە تەوبەی خۆی بشکێنێ ریسوای هەتاهەتاییە.

ئەگـەر کـەسێک ئیـمـان بهێنێ بە ئەولیـا، ئەولیـا لە رۆهەلات بن و تـالیـبـەکـان رۆژاوا، دلّی ئەو کـەسـە دەبێ لەگەلّ ئەولیادا بێ. ئیمانی ئەو لە سـەر شـەیتـان چێر دەبێتـەوە و ئەگـەر تۆسـقـالّێک دلّی لە ئەولیا وەرچەرخێنێ، بە بێ ئیـمـانی دەمرێ. چونکە حەزرەتی رەسوولّ لە حەدیسێکی شەریفدا دەفەرمێ:

«ئەگـەر لە یەمـەندای، چێـوی منی، لەلای مـنی گـەر لەلای منی، چێـوی مـنی، لە یەمەندای»

شێخ سەدرەدیـن دەلّێ: «ئەگەر موئمینێک لەگەلّ مونافقێکدا هەلّسوکەوت بکات، بڕواتە مالّەکەی و چاو لە ژنەکەی بکا. ئەگەر یەزیدێک چاو لەژنێک بکات، ڕوومەتی یان شوێنێکی تر لە (جەستەی) ئەو ببینێ.»

شێـخ سـەدرەدین دەلّێ: «ئەگـەر موئمـین پارووەیەک دەرخـواردی مونافیـقێک بدات، حالّی ئەو چۆنە؟»

شێخ سـەفی دەلّێ: «چسا گۆشتی گیانی من بخوات.»

شیخ سـەدرەدین دەلّێ: «تالیب دەبێ شا چۆن ببینێ؟»

شێخ سـەفی دەلّێ: «مـوئمینەکان زیارەتی یەکتـر دەکەن، خۆشـەویسـتی یەکترن و لەگەلّ یەکتر دلۆڤانن. بەم جۆرە دەلّێی شایان دیتووە و منیان زیارەت کردووە.»

ژێربەشی شەشەم: (ئەی) تالیب، ئەولیا دوازدە قەولیان هەیە

هەروەها ئەی تالیـبـەکان! ئەولیا دوازدە قـەولیـان هەیـە. شـەش قـەول دەرهـەق بە تالیبە و شـەش قەول دەرهـەق بە مورشید.

یەکەم: نوێژ، دووەم: نیاز، سێـیـەم: موشـاهیـدە، واتە نەزەر بە هـەق، دانیـشـتن بە هـەق زیارەتـی یەکـتـر، چـوارەم: نەخـواردنـی پارووی حـەرام، پێنجـەم: درۆنەکـردن،

[١] دنیا وەکو لاشەیەکە و خوازیاریشی وەکو سەگ وایە.

شەشەم: زینا و لەوات کردن.

برادەرێک کە ئەم شەشەی بە جێ هێناوە، دۆستی محەمەد عەلییە.

بەڵام مورشید:

مورشید دەبێ جوامێر بێ و خاوەن ئیرشاد و دڵنەواییی ئەو بگاتە مورتەزا عەلی. لە ئەرکانی ئەولیا بزانێ و بە سەریاندا زاڵ بێ و پشوودرێژ و دلۆڤان بێ.

ئەمە فەرمانی وەستایە. کەمتەرخەم مەبن (کەمتەرخەمی نەکرێت)

شێخ سەفی دەفەرمێ: «ئەگەر برادەرێک مەناقیبی ئەولیا بخوێنێ و برایانی تر گوێ بگرن، خوێنەرەوە و گوێگرەکەش (هەردووک) دۆستی خوان.

بەڵام ئەگەر عامیل بەمە نەبن، بەتەواوی یەزیدن و لە دەرگای محەمەد عەلی بێ بەش دەبن. اَعوذ باللە.

ژێربەشی هەفتەم: سێ سوننەت و حەوت فەرز

ئەرکانی (وەستا) ئەوەیە کە شا (تەهماسب) فەرموویەتی. سێ سوننەت و هەفت فەرز، ئەگەر ئەم تایبەتمەندییانە لە سۆفیدا بن، ئەرکانەکەشی دروست نییە.

سوننەتی یەکەم: پێویستە کە سۆفی زمان لە وشەی تەوحیدی لەسەر زمان بێ و زاکری محەمەد عەلی و ئەولادیان بێت.

سوننەتی دووەم: خۆنواندن لە دڵ دەرکات و دەروونی خۆی پاک بکاتەوە.

سوننەتی سێیەم: فەرزەکانی (فەرمانە دراوەکان) بزانێ و بە پێی حوکم عەمەڵ بکات.

فەرزی یەکەم: رازگر بێت.

فەرزی دووەم: ئەرکان لە زاهید بپارێزێت. ئەگەر کەسێک نەفەسێک بڵێ بەهەقی بزانێ.

فەرزی سێیەم: بەرانبەر بە لێبووردنی خۆی ئەهلی نیاز بێ و لە هەر بەڵایەکدا ملکەچی رەزا بێت.

فەرزی چوارەم: پێڕەوی پەروەرندە بێت و ئەهلی حوجەت نەبێت.

فەرزی پێنجەم: موساحیب هەڵبژێرێ و هەقی ئەو بە هەق بزانێ.

فەرزی شەشەم: دایمە لە گوناحی خۆی تۆبە بکات.

فەرزی هەفتەم: پێڕەوی لە تانج بکات و ئەرکانە وتراوەکان بزانێ.

لە ڕێبازی کەمالدا تووشی کەمایەسی نەبێت و دژایەتیی ئەم ئەحکامە نەکات.

ئەهلی نیاز و خاوەن ئیرشاد بێ. پشوودرێژ و مەزڵووم بێ، کە ئەم سیفاتە، سیفاتی محەمەد عەلییە. والله علاّمُ بالثَواب.

تَمّتِ الكتابِ بعونِ الله الملكِ الوهاب.[1]

---

[1] بە یارمەتیی خوای پاشای بەخشندە، کتێبەکە تەواو بوو.

## صاحبُ الحروف "خاوەن حورووف"

## دەروێش حسێن

[ژێربەشی] ئیمامان لە کوێ نێژراون و هەرکامەیان بە دەست کێ شەهید کراون؟

یەکەم: حەزرەتی رەسووڵ علیه السلام، لە شەست و سێ ساڵاندا کۆچی دوایی فەرموو. لە مەدینەدا نێژراوە. ئەمیرولموئمنین ئیمام عەلی (کرّم الله وجهه)، پێنج ساڵ ئیمامەتی فەرموو. تەمەنی بەڕێزیشیان شەست و سێ بوو کە بە دەستی عەبدورەحمانی کوڕی مولجەم شەهید کرا و لە نەجەفدا نێژراوە.

ئیمام حەسەن شەش ساڵ ئیمام بوو و لە تەمەنی چل و حەوت ساڵاندا کۆچی دوایی فەرموو. کچی قەیسەر هاوسەری بوو. بەفیتی موعاویە ژەهردەرخوارد دا شەهیدی کرد. ئیمام حەسەن لە مەدینەدا نێژراوە. ئیمام حسێن هەفت ساڵ و چوار مانگ ئیمامەتی فەرمووە لە پەنجا ساڵاندا کۆچی دوایی فەرموو. بەدەستی شمری لەحنەتکراو شەهید کرا، و لە کەربەلا نێژراوە.

ئیمام زەینولعابدین بیست و دوو ساڵ ئیمامەتی فەرموو لە چل ساڵاندا بە دەستی کوڕی مەروان کوڕی عەبدولەلیکی وەلەد شەهید کرا. و لە مەدینەدا نێژراوە.

ئیمام محەمەدی باقر دە ساڵ ئیمامەتی فەرموو و لە چل و نۆ ساڵاندا بە دەستی کوڕی عەبدولەلیک، شەهریاری لەحنەتکراو شەهید کراو لە مەدینە نێژرا.

ئیمام جەعفەری سادق سی و چوار ساڵ ئیمامەتی فەرموو. لە پەنجا ساڵاندا بەدەستی مونەووەری قەهوور شەهید کراو لە مەدینە نێژرا.

ئیمام مووسای کازم پێنج ساڵ ئیمامەتی فەرموو. لە پەنجا ساڵاندا بە دەستی هاروونە رەشید شەهید کرا و لە بەغدا نێژراوە.

ئیمام رەزا ـ عەلی کوڕی مووسا ـ سی و دوو ساڵ ئیمامەتی فەرموو و لە پەنجا

ساڵاندا بە دەستی مەلعوونێک بە ناوی مەئموورورەشید [مأمون الرشيد] شەهید کرا. گڵکۆکەی لە خوراساندایە.

ئیمام محەمەد تەقی هەڤدە ساڵ ئیمام بوو. لە بیست و پێنج ساڵاندا لە لایەن موهبەد ئەلسەلەم شەهید کرا و لە خوراسان نێژراوە.

ئیمام عەلی ئەلنەقی سی و سێ ساڵ ئیمامەتی فەرموو و بە دەستی موزەببیی مەلعوون شەهید کرا و لە (ساتوور) نێژراوە.

ئیمام حەسەنی عەسکەری شەش ساڵ ئیمامەتی فەرموو. لە بیست و پێنج ساڵاندا بە دەستی موهەمتەد مەلعوون شەهید کرا و لە نەیشابوور دانێژراوە.

سەرگوروشتەی ئیمام مەهدییش هەمووان دەزانین.

**سەبارەت بە چواردە مەعسووم**

یەکەمین مەعسووم، موحەممەد ئەلئەکبەر کوڕی عەلی، (كرّم الله وجهه) و برادەری حسێن وەقییەی تاهیر و دایکی، فاتیمەی زەهرا کچی رەسووڵ (علیه آلسلام). چل رۆژ ژیا (من دار الباب ودفين الباقي).

مەعسوومی دووەم: عەلی کوڕی ئیمام حەسەن، لە حەوت ساڵاندا بە دەستی تەلحە کوڕی عامیل کوژرا. لە مەککەدا نێژرا.

[مەعسوومی سێیەم] عەبدولای کوڕی حسێن، لە دوو ساڵاندا بە دەستی عوبەیدی کوڕی عەزرەک کوژرا. لە کەربەلادا نێژراوە.

مەعسوومی چوارەم؛ قاسمی کوڕی حسێن. لە سێ ساڵاندا لە ئامێزی باوکیدا بە تینوویەتی کوشتیان. لە کەربەلادا نێژراوە.

مەعسوومی پێنجەم حەسەن کوڕی زەینولعابدین، لە شەش ساڵاندا بە دەستی مەنسوور کوڕی نووفلی کوڕی موعاویە کوژرا. گڵکۆکەی لە میسردایە.

مەعسوومی شەشەم، قاسم ئەلسەعید کوڕی زەینولعابدین. لە سێ ساڵاندا بە دەستی باقری کوڕی عەدوی کوڕی یەزیدی کوڕی موعاویە کوژرا. گڵگۆکەی لە میسردایە.

مەعسوومی هەفتەم؛ عەلی ئەلئیفتار کوڕی موحەممەدی باقر، لە شەش ساڵاندا بە دەستی ئەحمەدی کوڕی مەنسووری دیمەشقی، لە دوژمنانی ئیمام حسێن

کوژرا. گڵکۆکەی لە سیواسدایە.

مەعسوومی هەشتەم؛ عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەری سادق لە سێ ساڵاندا بە دەستی عوریان کوژرا.

مەعسوومی نۆیەم؛ یحیەلئەدی کوڕی جەعفەری سادق لە دە ساڵاندا شەهید کرا. گڵکۆکەی لە بەغدادایە.

مەعسوومی دەیەم، ساڵح کوڕی مووسای کازم، لە ساڵاندا بە دەستی عوسمان شەهید کرا. گڵکۆکەی لە شیرازدایە.

مەعسوومی یازدەم، تەییبی کوڕی عەلی کوڕی مووسا، لە حەوت ساڵاندا بە دەستی یووسفی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی موحەممەدی دیمەشقی کوژرا. گڵکۆکەی لە کووفەدایە.

مەعسوومی دوازدەم، جەعفەر کوڕی حەسەنی عەسکەری، بە دەستی نەسیر کوڕی قاسم کوڕی ئیبراهیمی دیمەشقی کوژرا. گڵکۆکەی لە جەزیرەدایە.

مەعسوومی سێزدەم قاسم کوڕی حەسەنی عەسکەری، بە دەستی نەسیر کوڕی قاسم کوڕی ئیبراهیمی دیمەشقی کوژرا. گڵکۆی لە جەزیرەدایە.

مەعسوومی چواردەم؛ موحەممەد مەهدی ئەلهادی، ساحیبوزەمانە.

ئەمانە چواردە مەعسوومن.

یەک بە یەک ئاماژەم بە ناوەکانیان کرد. کەلامولڵا سەدو چواردە سوورەیە. لە سەرەتای بیست سوورە موقەتتەعات هەیە. ئەو موقەتتەعات بە بێ دووپات کرانەوە دەبینن کە چواردە پیتن. ئیستا ئەو چواردە مەعسوومە پاکە لە هەمبەر ئەوانەدا ببینن. کەوابوو ئەگەر کەسێک لە تەریقەتدا ناو و ناسناوی دوازدە ئیمامی مەعسوومی پاک نەزانێت، دەروێشییەکەشی دروست نییە و خیرقە و تانجەکەشی تاهیر نییە و پارووەکەی حەرامە و چرا و سفرەشی پێی رەوا نییە. لە تەریقدا نابێ لە سەر سەجادە دابنیشێت. ئەهلی تەریق و ئەهلی کەمال لە سەر سوجدە دانیشتنی ئەو بەڕەوا نازانن.

**ژێربەش: سەبارەت بە تانجنامە لە قەولی ئیمام جەعفەری سادقەوە**

سوپاس و منەتی بێ پایان بۆ ئافرێنەری ئافرێنراوان

سـڵاو و سەڵەوات بۆ محەمەدی مستەفا (ع) و بۆ عەلی ئەمیرولموئمنین (کرّم الله وجهە) و تۆرەمەکەی.

حەزرەتی محەمەدی باقر لە ریسالەی ئیرشاددا دەفەرمێ:

ئەگەر پرسیاریان کرد تانج چییە؟ (üstüvasi)ی ئەو چییە؟ قوبەکەی چییە؟ کەناری چییە؟ لەنگەرەکەی چییە؟ ئیمانی چییە؟ کەلیمەکەی چییە؟ غوسڵەکەی چییە؟ کلیلی چییە؟ فەرزی چییە؟ سوننەتی کامەیە؟ گیانی چییە؟ حەیاتی چییە؟ مەماتی چییە؟ ئەسڵ و بنەمای کامەیە؟ فەرعەکەی چییە؟

وەڵام بدەرەوە کە پێڕەوی نوورە.

(üstüvasi) لە عالەمی خوارەوە بە عالەمی بانەوە گەیشتن

خاڵی تانج، سیرِی حەقیقەتە.

کەناری تانج، دەرکردنی حوکم لە هەر دوو جیهاندایە.

لەنگەری تانج، ئەستەوای ساڵحان و چاکەکارانە.

ئیمانی تانج، هەوارگەی حەقیقەتە.

کەلیمەی تانج، تەکبیرە.

قیبلە و رووگەی تانج، پیرە.

کلیلی تانج، حاڵی بێدەنگییە.

فەرعی تانج، خۆشەویستیی ئەولیایە.

سوننەتی تانج، خزمەت بە ئەولیایە.

گیانی تانج، قبووڵکران لە خزمەتی ئەولیایە.

حەیاتی تانج، تەهزیبە.

مەمات (نەمان)ی تانج، رەتکردنی دەستی خەڵکە.

غوسڵی تانج، داوای لێبووردن لە گوناهە و دەروێشییە.

ئەسڵ و بنەمای تانج، ئیستیغفارە. قال الله تعالی: «والله الغني و انتن الفقرا»[1]

فەرعی تانج، پارێز لە ژنان و پاک و موجەڕڕەد (تەنیا) بوونە.

لە سەر قوببەی تانج چ نووسراوە، لە ناوەڕاستی چ نووسراوە؟ لە داوێنیەکەی چ نووسراوە؟ لە ناویدا چ نووسراوە؟ لە دەرەوەی چ نووسراوە؟ لە پشتیدا چ نووسراوە؟

وەڵام بدەرەوە لە سەر قوببەی تانجدا نووسراوە: «کل شيٍ هالك الاّ وجهه»[2]

لە ناوەڕاستی تانجدا: «کل شيءٍ لا الله الا هو»[3]

لە داوێنی تانجدا: «یاسین. والقرآن الحکیم»[4]

لە ناوەوەی تانجدا: «سَنُریهم آیاتنا في الآفاق وفي انفسهم.»[5]

لە دەرەوەی تانجدا: «لا اله الا الله محمداً رسول الله و امیرالمؤمنین عليٌ ولي الله و محمد مهدي امین الله»[6]

لە خواری تانجدا: «فأینما تولّوا فثم وجه الله»[7]

لە پشتی تانجدا: «علم الاسماء الحُسني ثمّ ارادهم علی الملا»

ئەگەر پرسیاریان کرد تانج چەند جۆرە؟

بڵێ تانج دوو جۆرە. یەکێ تانجی عاریفە و یەکێک تانجی جاهیل (نەزان)ە. تانجی عاریف ئەوەیە کە دەگاتە محەمەد و عەلی. سەلماندنی بزانێ و تانجی جاهلیش ئەوەیە کە سەلماندنەوە نەزانی و بەلاساییکردنەوە لەسەری دابنێ.

تانج (تاج) سێ پیتە: ت و ئەلف و جیم-ە.

١ خواوەند ساماندارە و ئێوە هەژارن (محمد، ٤٧/ ٣٨)

٢ تەنیا هەر ئەو باقییە. (قصص، ٢٨/ ٨٨)

٣ هیچ شتێک جگە لەو شایانی پەرستن نییە.

٤ یاسین، سوێند بە قورئان، کە سەرلەبەری حیکمەتە.

٥ هاکا وامان کرد ئەوانە لە ئاسۆکانی زەمین و عاسماندا و لەناو خۆشیاندا نیشانەکانمان ببینن.

٦ هەر خوایە شایانی پەرستنە، محەمەد رەسووڵی خوایە و عەلی ئەمیرولمۆئمینین وەلیی خوایە و محەمەد مەهدی ئەمینی خوایە.

٧ روو بکەنە هەر لایەک خوا لەوێیە. (بقرة، ٢/١١٥)

هەرکەسێک تاج لەسەر دابنێ، دەبێ بڵێ: «ئەوە وازم لە هەوای نەفس هێنا و سەروگیانم فیدای ڕێگەی ئەولیا کرد. ئەگەر لەم بەڵێنەی خۆم پاشگەز ببمەوە، شەرمەزاری دەرگای هەق، محەمەد عەلی و دوازدە ئیمام دەبم.

هەروەها یەکێک ئەلفە بۆ ئیقامەت (اقامت)، واتە تانجم لە سەر دانا. لەسەر ڕێگەی ئەولیا ڕاستەوخۆ بوومەوە.

ئەگەر پشت لە بەڵێنەکەم بکەم، خوا گیر بم.

یەکێ (جیم)ە، ئاوێتەی جەلال و جەمال، واتە ئاکاری پەسندنەکراو دەگۆڕمەوە بە ئاکاری پەسندکراو و واز لە سیفاتی خراپ و بەتاڵی نەفسم هەڵدەگرم.

**پێست نامە، قەولی ئیمام جەعفەری سادق**

لە ئیمام جەعفەری سادق گێڕاوە کە پێست چییە؟

سەری ئەوە چییە؟ لاقی ئەوە چییە؟ ڕاستی چییە؟ چەپی چییە؟ ڕۆهەڵاتی کامەیە؟ ڕۆئاوای کامەیە؟ گیانی چییە؟ حەیاتی چییە؟ مەماتی (مردنی) چییە؟ شەریعەت، تەریقەت، مەعریفەت و حەقیقەتی چییە؟

وەڵام بدەرەوە کە سەری ئەوە تەسلیمە.

لاقی، خزمەتە.

ڕاستەکەی، دەستگرتنەوەیە.

چەپی، عیزەتە.

ڕۆهەڵاتی، سیرە.

ڕۆئاوای، دینە.

مەرجەکەشی، لە سەردانەواندنە لە هەمبەر ئەولیادا

دواکەشی خۆشەویستییە

میحرابی، دیدارە.

حەیاتی، تەکبیرە.

مەماتی، دوورەپەرێزی لە خەڵکە.

شەریعەتی، ملکەچی بەرانبەر بە ئەولیایە.

تەریقەتی، بەرەودەرەوە تەوق لەبەرکردنە.

مەعریفەتی، ترس لە پیرانە.

حەقیقەتی ئەوە، ئەوەیە کە ئەگەر داوای مانەوەی لێ بکەن، قبووڵ بکات.

لە گۆشەی پێستدا، چوار وشە نووسراوە.

ئەگەر دەروێشێک ئەم چوار وشەیە نەزانێ. پێست لەبەرکردن بۆی رەوا نییە.

لە ماڵی (پیردا) نابێ دانیشێ و پاروو بۆی حەرامە.

ئەو چوار وشەیە دەڵێم:

قال رسول الله صلى تعالى عليه و سلم: «المالُ لاغنى و قاله فقرا، بشر طهون»

لە چوار گۆشەی پێستدا ئەمەیە.

اكرمت عليك يا علي اسلمتُ عليك يا علي. انعمتُ عليك يا علي. عظّمتُ يا علي.[1]

بسم الله الرحمن الرحيم. الحمدلله رب العالمين. خلق السموات و الارض. لا اله الا هو الحي القيوم. الذي ليس كمثلة شيءُ و هو سميعُ عليم. لا نصايته لدواء لا نهايته لدواء.

فضل صلاة اكمل تحيات على رسول الله مختار الامين و عليه اجمعين و على ساير الانبياء و المرسلمين، آمين يا رب العالمين.

ئیمامی ناتیق و ئیمام جەعفەری سادق (ع) دەفەرمێ:

ژێربەشی سەبارەت بە: ئەرکانی تەریقەتی پیر، خیرقەی پەروەرندە

سیمای خیرقە، پیرە. یەمینی خیرقە، دەستی راستە. یەسارەکەشی، دەستی چەپە.

ژێربەشی سەبارەت بە: لە ئەحکامی تەریقەتدا شەش فەرز هەیە:

یەکەم: دڵاوایی، دووەم: مەعریفەت، سێیەم: یەقین، چوارەم: پشوو درێژی، پێنجەم: تەوەکول، شەشەم: تەفەکور

---

١ رێزت لێ دەگرم ئەی عەلی، سڵاوت لێ دەکەم ئەی عەلی، نیعمەتت پێ دەدەم ئەی عەلی، گەورەییت پێ دەدەم ئەی عەلی.

ژێربەشی سەبارەت بە: لە ئەرکانی تەریقەتدا شەش فەرز هەیە:

یەکەم: زانست، دووەم، پشوودرێژی، سێیەم رەزا، چوارەم: شوکر (سوپاس)، پێنجەم: زیکر و شەشەم: دوورەپەرێزی

ژێربەشی سەبارەت بە: لە بنەمای تەریقەتدا شەش فەرز هەیە:

یەکەم: راستگۆیی، دووەم: ئیجابەت، سێیەم: زوهد، چوارەم: تەقوا (پارێزکاری) پێنجەم: قنیات و شەشەم: ئاکارچاکی

ژێربەشی سەبارەت بە: لە بەجێهێنانی تەریقەتدا شەش فەرز هەیە:

یەکەم: ئیحسان، دووەم: زیکر، سێیەم: شوکر (سوپاس)، چوارەم: وازهێنان لە (کاری خراپ)، پێنجەم: خوێن، شەشەم: زەوق (چەشکە)

ژێربەشی سەبارەت بە: کەمەربەسراو لە شەدی خۆیدا چیی هەیە؟

دەگێڕنەوە کە (امام المتقین) عەلی کوڕی ئەبوتالیب (کرّم الله وجهه) فەرمووی:

گەورەکان کە لەسەر بەرزایی و نزماییدا دەخەون،

چارەسەری دەردی جودایی چییە؟

وەکو حەزرەتی خزری دەردەداران

چارەسەری دەردی جودایی چییە؟

لە سەر دەریایەوە.

ژێربەشی سەبارەت بە: شەدی کەمەر بەسراو بەچەن شێوە دەکرێتەوە

ئەو شتانەی کە دادەخەن دوازدە و ئەوانەش کە دەکەنەوە، چواردەیە:

سەرەتا: ئەوانەی کە دەیکەنەوە:

یەکەم: سفرەکەی دەبێ کراوە بێ.

دووەم: سەرشانی کراوە بێت.

سێەم: دەستی کراوە بێت.

چوارەم: گوێی کراوە بێت.

پێنجەم: زمانی کراوە بێت.
شەشەم: بزاوتی کراوە بێت (چالاکیی هەبێت)
هەفتەم: هەنگاوی کراوە بێت.
هەشتەم: شەوقی، کراوە بێت.
نۆیەم: لوتفی کراوە بێت
دەیەم: یەقین (باوەڕ)ی کراوە بێت.
یازدەم: خوو و خدەی کراوە بێت.
سێزدەم: ئەهلی تەوەککول بێ.
چواردەم: خوێنەری فاتیحە بێ (فاتیحە دابدات).

پاشان: ئەوانەی کە دادەخەن

یەکەم: سەیری نامەحرەم نەکات، دووەم: گوێ بۆ قسەی پڕوپووچ و بەتاڵ شل نەکات، سێیەم: شیرک بە زمانیدا نەیە، چوارەم: دڵ بۆ خۆخوازی نەکاتەوە، پێنجەم: فێڵ نەکات، شەشەم: دەسقوچاو نەبێت، حەوتەم: حیرس نەخوات، هەشتەم: تەماح نەکات، نۆیەم: چاو لە حەرام ببەستێ، دەیەم: دزی نەکات، یازدەم: خوو بە کرداریی ناپەسندەوە نەگرێ.

دەوازدەم: تەنیا پشت بەخوا ببەستێ و چاو لە غەیری خوا بنووقێنێ.

ژێربەشی: ئەگەر پرسیاریان کرد پیری تۆ کێیە؟

بڵێ: ڕێگە پیری منە. چونکە ڕەسووڵ فەرموویەتی: «مَن تشبّه قومٍ فَهُو مِنهُم.»[1]

ئەگەر پرسیاریان کرد: چ شتێک لە نێوان تۆ و پیرەکەتدا بەستراوە و بە چ شتێک بەستراوەتەوە؟

وەڵام بدەرەوە: بەڵێن و پەیمان.

ئەگەر پرسیاریان کرد لە نێوان تۆ و پیرەکەتدا چ شتێک بەستراوە و بە چییەوە بەستراوە؟

وەڵام بدەرەوە: شەدی شا و تەڵقینی پیر

١ هەر کەس لە قەومێک بچێ، لەوانە.

ئەگەر پرسیاریان کرد شەد (توندوتۆڵی) چییە؟
بڵێ: تەوەللا و تەبەڕا

ئەگەر پرسیاریان کرد پیر چی پێی گوتی؟
وەڵام بدەرەوە: ئامادەی خزمەت بە، بەباشی و بەعیزەت بدوێ و ئاکار چاک بە.
هەر کەسێک ئەم پرسیارانە نەزانێ، پتەو نابێتەوە.

ئەگەر پرسیاریان کرد، دوای ئەو ئیستیغفارە:
«بسم الله الرحمن الرحیم. یا ایها الذین آمنو توبوا الی الله توبة نصوحا.»[1]
«ان جمیع ما کرهه الله قولاً و فعلاً و خاطراً و ضمیراً.»[2]
قاله تعالي: «بسم الله الرحمن الرحیم
انّ الذین یبایعونك انّما یبایعون الله یدالله فوقَ ایدیهم فمن نکث فانّما ینکث علی نفسه و من اوفی بما عاهد علیه الله فسیؤتیة اجراً عظیماً.»[3]
«الا الذین عاهدتم من المشرکین یم لم ینقصوکم شیئاً ولم یظاهرو علیکم احداً فَاَتمّوا اَلیهم عهدهم الی مدتهم ان اللة یحبُّ المتَّقین.»[4]

---

١ وە ناو خوا کە دەهەندە و دلۆڤانە. ئەی گەلی خاوەن باوەڕان. بەرەو خوا بگەڕێنەوە گەڕانەوەی ڕاست و دروست. (تحریم، ٦٦/٨)
٢ لە هەموو شتێک کە خوا پێی خۆش نەبێ، وەکو قسە و کردار و نیازی خراپ.
٣ ئەو کەسانەی پەیمان لەگەڵ تۆ دەبەستن، با بزانن پەیمان دەگەڵ تۆ دەبەستن. دەستی خوا لەسەر دەستی ئەواندایە، سا هەر کەسێ پەیمانی بەجێ نەهێنێ، هەر خۆی لەو پەیمانشکێنییە زەرەر دەکا، هەر کەسێکیش ئەو پەیمانەی دەگەڵ خوا بەستوویە بەجێ بێنێ، لە دوارۆژ پاداشی گەورەی دەدرێتێ. (فتح، ١٠/٤٨)
٤ جگە لە بتپەرەستانێ کە پەیمانت دەگەڵ بەستوون و لەسەر پەیمانەکەیان لانەکەوتوون و دژی ئێوە یاریدەی کەسیان نەداوە، هەتا ماوەی پەیمانەکە بەسەر دەچێ، ئێوە پەیمانتان مەشکێنن خوا خەڵکی لە خواترسی خۆش دەوێ. (توبة، ٤/٩)

ژێربەشی سەبارەت بە: ئەگەر پرسیاریان کرد مراز لە پێست چییە؟

بلێ: اوّله سلامٌ، اوسطة طعامٌ، آخرة کلامٌ[1]

ژێربەشی سەبارەت بە: ئەگەر پرسیاریان کرد مەرجەکان و چۆنیەتیی کەمەربەستن چییە؟

قال الله تعالی: «وطفقا یخصفان علیهما من ورق الجنة»[2]

ریوایەت هەیە کە یەکەم کەمەربەستە لە دونیادا کێیە؟

خوای تەعالا دنیای لەبەر ئادەم خولقاند. ئاواتیشی ئەوە بوو کە دنیا بە ئادەم ببەخشێ. دوای لە دەستدانی سیپاڵەکەی، چوار بەرگی وەرگرت؛ یەکەم خاک، دووەم ئاو، سێیەم ئاگر و چوارەم (با).

پیران چوار تەکبیر دەڵێن. ئەم چوارەش بۆ وەسڵ (و پێوەند) دەڵێنەوە.

وەسێیەمی لە هەلاڵەی کۆفی پەروەردە کراوە و چوارەمین هەلاڵە یەکسانە. هەروەها پیران دەڵێن: یەکەم، تەکبیرە،

بسم الله الرحمن الرحیم

بسم الله و بالله و [لا اله] الا اله الله اکبر

دووەم، بسم الله الرحمن الرحیم و الحمدُ لله رب العالمین، الله اکبر

سێیەم: بسم الله الرحمن الرحیم، بسم الله و بامر الله و الیوم الاخرة، الله اکبر

قال الله تعالی:

لقَد صدَق الله رسوله الرُّویا بالحقّ لتدخلنَّ المسجد الحرام ان شاءَ الله آمنینَ مُحلّقین رؤوسکُم و مقصرین لاتخافون فَعَلِمَ مالم تعلموا فجعل من دون ذلك فتحاً قریباً هو الذي ارسل رسوله بالهدی و دین الحقّ لیظهره علی الدین کله و کفی بالله شهیداً. محمدُ رسولُ الله صلی الله[3] تعالی علیه و سلم.

---

١ لە سەرەتایدا سەلام، لە نێوەیدا چێشت و لە کۆتاییدا، کەلامە.

٢ کۆششیان کرد بە گەڵای داری بەهەشت خۆیان داپۆشن. (اعراف، ٢٢/٧)

٣ خوا ئەو خەونەی کە پێغەمبەرەکەی دیبووی، وەڕاست گێڕا، خوا حەزکا بەبێ هیچ ترسێک دەچنە کەعبەوە و قژی خۆیان کورت دەکەنەوە، یان دەیتاشن، ئەو شتانەی=

ژێربەشی سەبارەت بە: کەمەربەستەی یەکەم ئادەمە

و شازدە پێغەمبەر کەمەر بەستەن: یەکەم نووح (ع)، دووەم شەیس (ع)، سێیەم شوعەیب (ع)، چوارەم ئەیووب (ع)، پێنجەم مووسا (ع)، شەشەم عیسا (ع)، هەفتەم ئیبراهیم (ع)، هەشتەم ئیدریس (ع)، نۆیەم جرجیس (ع)، دەیەم یەحیا (ع)، یازدەیەم یووشەع (ع)، دوازدەم هوود (ع)، سێزدەم زەکەریا (ع)، چواردەم سالّح (ع)، پازدەم ئلیاس (ع)، شازدەم خزر علیە السلام.

قال الله تعالی: «هل اتبعُكَ علی ان تعلمن ممّا علّمت رُشداً»[1]

واتە مووسا (علیە السلام) ئەو کاتە لەبەردەست خزردا فێرکار بوو، بۆی دەست نەکەوت، بەڵام عیلمی تەریقەت لە خزرەوە فێر بوو. شەریعەت هی محەمەدە. تەریقەت هی عەلییە.

کەوابوو، دوای لێکۆڵینەوە زانیم کە ڕێنوێن محەمەد عەلییە، بەڵام خزر پێشەوای ئەولیایە.

ژێربەشی: بۆ پاڵەهەنگ حەوت ئاسمان دەبێ

لەوەی کە هەق تەعالا حەوت ئاسمان و حەوت هەرێم و حەوت هەسارەی ئافراند

قال الله تعالی: «خلق سبع السماوات ومن الارض مثلهنّ»[2]

ئادەم فەرمان درا بە سوجدە بردن بە حەوت ئەندامی (لەشیەوە)

جادەرکەوت کە پاڵەهەنگ دەبێ حەوت عەرش بێ و کەمەر بەستنیش حەوت بەندە.

هەر کامیان حەوت کەڵکیان هەیە و بەحەوت شێوە دەکرێنەوە.

یەکەم: دەسقوچاوی دەبەستێ و دڵاوایی دەکاتەوە.

---

= نەتزانیبوو، ئەو دەیزانی. وێڕای ئەمەش سەریش دەکەون. هەر خوایە کە پێغەمبەری خۆی نارد و ڕێنوێنی و دینی ڕاستیشی دەگەڵ خست، تا بەسەر هەموو دینێکدا زاڵی بکا. خواش باشترین پەناگەیە. محەمەد پێغەمبەری خوایە. (فتح، ٤٨/ ٢٧ تا ٢٩)

١ ئاخۆ دەتوانم دوات کەوم لەو زانستەی فێرکراوی، منیش وەکو خۆت ڕابێنی. (کهف، ٦٦/١٨)

٢ حەوت ئاسمان و وێڕای ئەوانیش زەوینی خوڵقاندووە. (طلاق، ١٢/٦٥)

دووەم: تەماح دەبەستێ و زوهد دەکاتەوە

سێیەم: جەهل (نەزانین) دەبەستێ و پاراستن دەکاتەوە

چوارەم: شەهوەت دەبەستێ و لەزەت (حەز) دەکاتەوە

پێنجەم: تێروتەسەلی دەبەستێ و برسیەتی دەکاتەوە

شەشەم: شەیتان دەبەستێ و دەهەندەیی دەکاتەوە

هەفتەم: حەرام دەبەستێ و حەلاڵ دەکاتەوە.

تاکو ناوی مەعریفەت بۆی بسەلمێندرێ و رازاوەیی شەریعەتی بۆ دەرکەوێ. جەوهەر (بنەمای) یەقین و سەفای خالس (بێگەرد) ئەم حەوت بەندەیە. سەری ئەوە دەدانەیە و ئەژدیهای حەوت سەر نەفسی ئەممارەیە، بەلام شاراوەیە رەحمەتە، ئەم حەوت جوانییە کە مرۆ دەکەنە ئەهلی تەوەکول.

قال الله تعالی: «انّ الله یحبُ المتوکلین»[1]، کەرەم (دلاوایی)، جوامێری، فوتووەت، بوێری، بیرکردنەوە، خزمەت، تەقوا (پارێزگاری) و ئەمانە لە کەمالاتی کەمەربەستەن.

ریوایەت کراوە کە حەزرەتی رەسووڵ (ع) کاتێک کە عەلی ئەمیرولمؤمنین ئیمام حەسەن و ئیمام حسێنی دەبەست، ئەم ئایەتەی خوێند؛ فاتیحەیەک، سێ ئیخلاس و نصر من الله یەک.

بەلام ئایەتێک کە پیرانی تر دەیخوێنن ئەمەیە:

قال الله تعالی: «یا ایها الذین آمنوا اصبروا وصبروا ورابطوا واتقوالله لعلکم تفلحون»[2] یا علي اَرسلِە، اَرسلِە.

لە (امیر المؤمنین) حەیدەر ریوایەت کراوە کە دەفەرمێ: «ئەهلی فەقر چییە؟»

وەلام دەداتەوە: «ئەهلی فەقر محەمەد عەلییە و ئیتر، راستییە و بنەمای فەقر، هەژارییە. گەنجی فەقر، زانابییە و خۆراکیشی مەعریفەت و خۆشەویستییە.»

---

١ خوا ئەوانەی خۆش دەوێ کە هەر تەنیا پەنا دەبەنە بەر ئەو. (آل عمران، ٣/ ١٥٩)

٢ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان، خۆڕاگر بن، لە خۆڕاگریشدا هەر لە پێشەوە بن. بۆ پاراستنی سنوورەکان هەمیشە ساز و تەیار بن. لە خواش بترسن، بەشکەم رزگار ببن. (آل عمران، ٣/٢٠٠)

ژێربەشی: ئەگەر پرسیاریان کرد کلیلی تەریقەت چییە و لە کام دینە؟

وەڵام بدەرەوە کلیلی تەریقەت سەبر (پشوودرێژی)یە و لە سێ دینە.

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدلله رب العالمين. الرحمن الرحيم. مالك يوم الدين...[1] هتد.

کەلیمەی تەوحید، کەلیمەی تەریقەت ئەمەیە.

«اللهم اشرك بكفا واشهد بعهدك واشهد ملائكتك الي بين السماء والارض بانك لا اله الا انت وحدك لاشريك لك.»[2]

ليغفرلك الله ماتقدم من ذنبك وماتاخر ويتم نعمته عليك ويهديك صراطاً مستقيماً.[3] برحمتك يا ارحم الراحمين.[4]

ژێربەشی: ئەگەر پرسیاریان کرد دەستنوێژی تەریقەت چەند شتە؟

وەڵام بدەرەوە چوار شتە. یەکەم ئەوەیە کە دەست بەتاڵ نەچێتە خزمەتی دەروێشەکان، مورشید، ڕێنوێنان و پیری کامیل.

دووەم: دایمە تەهارەتی کامیڵی هەبێ.

سێیەم: ئەمر بە چاکە بکات.

چوارەم: نەهی لە خراپە بکات.

ژێربەشی: ئەگەر پرسیاریان کرد مەرجەکانی تەریقەت چەندن و کامانەن؟

بڵێ: پێنج مەرجی هەیە. یەکەم ئەوەی کە دەگەڵ نامەحرەم بادە نەنۆشێ.

دووەم: یەک وشەی درۆ نەڵێ.

سێیەم: زینا نەکات.

---

١ فاتيحە، ١/١ تا ٣

٢ خوایە، باوەڕم هەیە کە بەڵێنەکانی تۆ هەقە، هەروەها ئیمانم بە فریشتەکان هەیە کە لە نێوان زەوین و ئاسماندان.

٣ هەتا خوا لە هەڵەکانی ڕابردوو و داهاتووت خۆش بێ، عافووت بکا و چاکەی تەواوت دەگەڵ بکا و ڕێگەی راستت نیشان بدا. (فتح، ٢/٤٨)

٤ هیوام بە ڕەحمەتی تۆیە، ئەی بە بەزەییترینی بەزەییداران.

چوارەم: دووزمانی نەکات.

پێنجەم: ئەو شتە بەدەستی خۆی نەیهێناوە، نەگرێتەوە.

ژێربەشی: ئەگەر پرسیاریان کرد تەریقەت چەند خوتبەی هەیە؟

بلێ: شەش جۆرە: یەکەم ئادەم (ع)، دووەم نووح (ع)، سێهەم: شەیس (ع)، چوارەم ئیبراهیم (ع)، پێنجەم حەزرەتی محەمەد (ع)، شەشەم حەزرەتی عەلی (ع).

ژێربەشی: ئەگەر پرسیاریان کرد تەریقەت چەند رێگەی هەیە؟

بلێ: هەزار و یەک مەقامی هەیە. هەر دەروێشێک کە ئەم مەقامانە نەناسێت، خیرقە و تانج و پاروو بۆی حەرامە. ئەگەر هەزار و یەک مەقام (بە تەواوی) نەناسێت، دەبێ چل و چوار لەو مەقامانە بزانێ. ئەگەر ئەم چل و چوارە نەزانێ، لانی کەم دەبێ شازدەیان بزانێ.

ژێربەشی: ئەگەر پرسیاریان کرد پیری تەریقەت چەند جۆرە؟

بلێ: چوار. یەکەم: ئیرشاد، دووەم: دوورانەوە (وصلە)[1]، سێیەم: یەقین، چوارەم: پیری نەزەر

پیرانیش گوتوویانە دەروێشان و عاشقان دەبێ بزانن، پێشەوای فەقر، چوارە.

یەکەم، پیرانی شام دەڵێن پێشەوای فەقر، بەندەییە.

پیرانی رۆم دەڵێن، پێشەوای فەقر، راستییە

پیرانی خوراسان دەڵێن، پێشەوای فەقر ملکەچی رەزابوون لە رێگەدایە.

پیرانی تورکستان دەڵێن، پێشەوای فەقر، راستگۆییە.

ریوایەت کراوە حەزرەتی رەسووڵ (علیە السلام) فەرمووی: پێشەوای فەقر مەعریفەتە.

ژێربەشی: ئەگەر پرسیاریان کرد ئەحکامی فەقر چەندن؟

وەڵام بدەرەوە: شەشە. یەکەم: بە مەعریفەت، خوا ناسین. دووەم: بەرانبەر بە

---

[1] وەسلە (وصلە) ئیستیلاحی دەروێشییە.

هەر کەس کە پێویستە، دڵاوا بێ. سێیەم: یەقین، چوارەم: سیدق (راستگۆیی)، پێنجەم: بیرکردنەوە لە سونعی هەق تەعالا، شەشەم: دڵ لە هەوەسی دنیا بگرێتەوە و خۆی سەرقاڵی دنیا نەکات.

ژێربەشی: ئەگەر پرسیاریان کرد ئەرکانی تەریقەت چەندن؟

بڵێ: شەشە. یەکەم تەوبەکردن لە گوناهان، دووەم ملکەچبوون لە بەرانبەر نەفەسی هەق، سێیەم پشوودرێژی لە هەر بەڵایەکدا، چوارەم پارێزگاری، پێنجەم دوورەپەرێزی لە خەڵک، شەشەم بەجێهێشتن.

ژێربەشی: ئەگەر پرسیاریان کرد مەقام چەند جۆرن؟

بڵێ: مەقامی یەکەم باشترینەکانە. مەقامی دووەم هی عیبادەتکارانە. مەقامی سێیەم هیی زاهیدەکانە. مەقامی چوارەم، مەقامی راستگۆیانە. مەقامی پێنجەم، مەقامی رازیانە. مەقامی شەشەم، مەقامی سوپاسبێژان و عاریفانە.

بەڵام تەییب، ئادەم (علیه السلامه).

عابد (عیبادەتکار) ئدریسە. زاهێد عیسایە، سادق ئەییووبە، رەزا مووسایە، سوپاسبێژ نووحە، دۆستدار ئیبراهیمە و عاریف محەمەد عەلیە، (صلوات الله علیهم اجمعین).

**ژێربەشی ئەرکانی تەریقەت**

ئیمام جەعفەری سادق رحمة الله علیه واسعه سەبارەت بە خیرقە و داو و نەریتی تەریقەت دەفەرمێ:

ژێربەشی: ئەگەر پرسیاریان کرد ئیمانی خیرقە چییە؟

[و] ئیسلام چییە؟ رووگەی قیبلە چییە؟ دینی خیرقە چییە؟ فەرزی خیرقە چییە؟ داو و نەریت (سوننەت)ی خیرقە چییە؟ دوێردی خیرقە چییە؟ بەهەشتی خیرقە چییە؟ غوسڵی خیرقە چییە؟ کلیلی خیرقە چییە؟ کەمالی خیرقە چییە؟ دەروێشانی خیرقە چییە؟ تەریقی خیرقە چییە؟ گیانی خیرقە چییە؟ نوێژی خیرقە چییە؟ بەرملی خیرقە چییە؟ داوێنی خیرقە چییە؟ نێوی خیرقە چییە؟ دەرەوەی خیرقە چییە؟

ژێربەشی: الجواب من هذه المذکورات (وەڵامی ئەم پرسیارانە)

ئیمانی خیرقە سەتار (چاوپۆشی لە گوناهان) بوونە. ئیسلامی خیرقە پاکژییە. دینی خیرقە ناسیاوییە. وشەی خیرقە یادکردنی تەعالایە. ساردیی خیرقە، شەوقە. کۆڵەکەی خیرقە، زاهێدە. گیانی خیرقە، ئیرادەتە. زمانی خیرقە، ریسالەتە. قیبلە و رووگەی خیرقە، پیرە. فەرزی خیرقە، دۆستییە. سوننەت و داو و نەریتی، دوێردە و دوێردەکەشی سیدق (راستگۆیی)یە. کلیلی خیرقە تەکبیرە. کەمالی خیرقە، راستییە. غوسڵی خیرقە، دوورکەوتنەوە لە کاروباری دونیایە. نوێژی خیرقە، موبەڕابوونە. پاکیی دەروێشانی خیرقە، ستر (چاوپۆشی لە گوناه)ە. تەریقەتی، تەکبیر گوتنەوە و پاکیشی، وەلانانەوەی ئاواتە.

پیسبوونی خیرقە ئەوەیە کە بتەوێ کەسێک ئازار بدەی. داوێنی خیرقە دەروێشییە. بەرملی خیرقە رازە و نێوی خیرقەش نوورە. دەرەوەی روانینە و رەنگیشی، مەشایخە.

ژێربەشی: ئەگەر پرسیاریان کرد، دەروێش چییە؟

دەروێش ئەوەیە کە ئەگەر عالەم نوقم ببێ، دەردێکی نەبی.

ژێربەشی: ئەگەر پرسیاریان کرد، تەوبە چییە؟

بڵێ تەوبە، داوای لێبووردن کردنە. ئیخلاس (دۆستایەتی لە ناخیدا)یە. خۆ توانەوەیە.

ژێربەشی: ئەگەر پرسیاریان کرد، پاکی چییە؟

وەڵام بدەرەوە: پێڕەویکردنە و راستی لەگەڵ خوایە.

ژێربەشی: ئەگەر پرسیاریان کرد، ئیمان چەند جۆرە؟

بڵێ: حەوتە. یەکەم، ئیمانی فریشتە پارێزەرەکان. دووەم، ئیمانی پێغەمبەرانی موقەڕەب، سێیەم، ئیمانی ئەولیای بەئاوات گەیشتوو. چوارەم، ئیمانی بەتەواوی مورید، پێنجەم، ئیمانی کافران، شەشەم ئیمانی موسڵمان، هەفتەم، ئیمانی باوەڕمەندان.

ئیمانی خوا و عینایەتی لە سەر ئەمانە.

بنەمای ئیمان، ترس لە خوایە. مەقامی ئیمان بنپۆک و قوولاییی دڵی باوەڕمەندانە. کاکڵی ئیمان، قورئانە. پێستی ئیمان حەیایە. جەستەی ئیمان، سوپاسبێژییە. دڵی ئیمان پارێزگارییە. مەرگی تەوبەیە و بەرهەمەکەشی عینایەتی خوایە.

ژێربەشی: ئەبدالان و ئەبراران (چاکەکاران)، سەبارەت بە چوار مەقام دەفەرموون:

مەقامی یەکەم جەبەرووت، مەقامی دووەم مەلەکووت، مەقامی سێیەم لاهووت، مەقامی چوارەم ناسووتە.

ئەگەر پرسیاریان کرد، جەبەرووت کامەیە؟

بڵێ شەریعەتە کە هیی جبرەئیلە. مەلەکووت تەریقەتە کە هیی میکائیلە.

لاهووت، مەعریفەتە، کە هیی ئیسرافیلە.

ناسووت حەقیقەتە، کە هیی عیزرائیلە.

دەروێشێ کە ئەم مەزکووراتە بزانێ، پارووی پیاوان و خیرقەی پیران بۆی حەڵاڵە و ئەگەر عیلمی ئەوانەی نەبێ، پێی حەرامە. چونکە ئەگەر کەسێک خیرقەی دەروێشی دەبەر بکات، دەچێتە ریزی ئەوانەوە.

پێویستە کە ئەو کەسە عیلمی شەریعەت، تەریقەت، مەعریفەت و حەقیقەت بزانێ کە ئەگەر لەمەڕ شەریعەت پرسیاریان لێ کرد، بە شەریعەت وەڵام بداتەوە. لەمەڕ تەریقەتیش پرسیاری لێ بکەن، بە تەریقەت وەڵام بداتەوە. لە بارەی مەعریفەتەوە پرسیاری لێ بکەن، بە مەعریفەت وەڵام بداتەوە و ئەگەریش لە حەقیقەت پرسیاری لێ بکەن، بە حەقیقەت وەڵام بداتەوە، تاکو تەواوکەری یەکتر بن.

بۆ وێنە، رۆژێ حەزرەتی رەسووڵ (ع) فەرمووی: «ئەوە، قەولی شەریعەت، کردەوەی تەریقەت، و حاڵی حەقیقەتە؟ بەم جۆرە بێ کە دەروێش لە هەق نەگەڕێتەوە. هەر موریدێک کە هەر چوار مەقام بزانێ. لە گرتنەوەی تەوەرەی تەریقەت بەهێز دەبێت و بەرگەی دژوارییەکانی تەریقەت و خزمەت دەگرێتەوە. تا ئەم چوار مەقامە نەزانێ، گشت ئەولیا لە رۆژی پەسڵاندا، لێی دەپێچنەوە داواکار دەبن.

ئەگەر مانای ئەم چوار مەقامە بزانێ و بەجێیان بێنێ، گشت ئەولیا دەبنە

شەفیعی. ئەگەر Bî-muîn بگاتە دەروێشی خیرقە، لە رۆژی پەسڵاندا، رووڕەشە. ئەگەریش هەڵگەڕێتەوە، دەبێ بە مورتەدی تەریقەت.

لەو رووەوە دەبێتە مورتەدی تەریقەت، کە مورتەدی شەریعەت ئەگەر جارێک «لا اله الا الله محمداً رسول الله عليٌ ولي الله» بڵێ، رزگار دەبێت. بەڵام مورتەدی تەریقەت بە هیچ کلۆجێ رزگار نابێت. لە رۆژی پەسڵانیشدا رووڕەشە.

ئەگەر پرسیار بکەن لە بەرملی خیرقە چ نووسراوە؟

بڵێ: «لا اله الا الله محمداً رسول الله عليٌ ولي الله»

لە سەر کەمەر(ناوقەد)ی خیرقە چ نووسراوە؟ یا قبووڵ، یا شەکوور، یا کەریم، یا مورشید!

لە داوێنی خیرقەدا چ نووسراوە؟ یا وەحید، یا سەمەد!

تاهیری خیرقە، عیززەتە و باتینی نوورە.

ئەگەر بە دەبەرکردنەوە، خیرقە لە ناو بەری، دەبێ کە ئەم مەرجانە بە جێ بێنی تاکو خیرقە بۆ تۆ حەڵاڵ بێت و خیرقە ئەوەیە کە لە نەستەوە بێ، چونکە هەموو گەلی خاوەن خیرقە، یەک جۆر خیرقەیان نییە. یەکەمین خیرقە، ئادەم (علیە السلام) دەبەری کرد و گشت پێغەمبەرانیش یەک جۆر جلوبەرگیان نییە.

قال الله تعالی: «و طفقا یخصفان علیهما من ورق الجنة»[1]

ژێربەشی: ئەگەر پرسیاریان کرد (لبادی) کێ دەبەر کردە و بۆ کێ هات؟

بڵێ: بۆ حەزرەتی عەلی هات. (بابێل) تەراشکردن، تابیعدانان و خیرقە دەبەرکردن، بەم شێوەیە دروستە.

دوێردی خیرقە و تاج قبووڵ، بکەن تاکو بچنە ریزی موتەعەبیدەکان و شیاوی چوونە رێزی سادقان (راستگۆیان) و عاشقان بن.

بسم الله الرحمن الرحيم، اذا شئنا بدّلنا امیالهم تبدیلاً[2]

---

١ کۆششیان کرد بە گەڵای بەهەشت خۆیان داپۆشن. (اعراف، ٢٢/٧)

٢ بەناوی خوا کە دەهەندە و دلۆڤانە، هەر کاتێک حەز کەین دەیانکەین بەوان. (انسان، ٧٦/ ٢٨)

پاشان، دەستی دەگرن و لەسەر پێستێک دای دەنیشێنن. دەبێ بەرد و تەبەق بگرێتە دەستەوە و لە دەلاقە تێ پەڕێ و ئەمە بخوێنێ:

«بسم الله الرحمن الرحيم، الحمد لله الذي جعل رأس خلق الجود والهاجر والموسى جبرئيل محمد(ع) ئیسلامی دەروێشی دەروێشان» و هەژاری بکات.

«بسم الله الرحمن الرحيم، الحمدُ لله الذي جعل التقوى لباس العارفين و لاخلاص الدين المر الدين و جعل القنون و المروت شوائر الموحدين و الصلات على محمد و آله اجمعين.»[1]

پاشان، سێ ئیخلاس و فاتیحەیەک بخوێنێ و سێ جار سەڵەوات بنێرێ و ئەمە بخوێنێ:

«ان شاء الله امنين محلقين رؤسكم و مُقصرينَ لاتخافونَ فَعَلِمَ مالم تَعلمُوا فَجَعَل من دون ذلك فتحاً قريباً.»[2]

پاشان تەکبیر بڵێت، چوار ئەلف بکێشێت (بنووسێ) و بڵێت: «بسم الله الرحمن الرحيم، بسم الله وبالله والله اكبر.»

بسم الله وبالله والله اكبر

وسلامُ على ملت رسول الله، الله اكبر

پاشان، ئەلفێک لە پشت رادەکێشێ و دەڵێ:

بسم الله الرحمن الرحيم. بسم الله و بالله و السلامُ علي ملت رسول الله، الله اكبر.

پاشان لە پشتیدا ئەلف دابکێشی و بڵێت:

بسم الله الرحمن الرحيم، بسم الله المبتلا رب الاخره و لا الى الله اكبر[3]

پاشان ڕیشی بتاشێت و ئەمە بخوێنێ: «بسم الله الرحمن الرحيم، كل من عليها

---

١ بەناوی خوا کە دەهەندە و دلۆڤانە، سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە لە خواترسیی کردە بەرگی عاریفان.

٢ خوا حەز بکا بەبێ هیچ ترسێک دەچنە ناو کەعبەوە و پرچیان کورت دەکەنەوە، یان دەتاشن. ئەو شتانەی کە نەتزانیبوو، ئەو دەیانزانێ. هەروەها بەم زووانەش سەر دەکەون. (فتح، ٤٨/ ٢٧)

٣ بەناوی خوا کە دەهەندە و دلۆڤانە، بەناوی خوا و سڵاو بۆ ئوممەتی رەسووڵی خوا، خوا گەورەیە.

فان و يبقى وجه ربك ذوالجلال والاكرام[1]. فناء عبدي بقائي، الله اكبر[2]

پاشان سمێڵ بتاشێت و ئەمە بخوێنێت:

بسم الله الرحمن الرحيم، كل شيء هالك الاّ وجهه له الحكمُ و اليه ترجعون[3].

پاشان بڕواتە شوێنی ئاوڕوو و ئەمە بڵێت:

بسم الله الرحمن الرحيم ثم دنا فتدلى فكان قاب قوسين او ادنى فاوحى الى عبده ما اوحى[4]. ئەمە بڵێت و تەكبیر بێژێ.

دەست بداتە دەستەوە و بەیعەت بكات و ئەمە بخوێنێ: بسم الله الرحمن الرحیم، سێ جار داوای لێبووردن بكات لە گشت گوناهان و بڵێ كە ئیتر درۆ ناكەم. زینا ناكەم و Komadigim yerden getirmeyem ئەمە بخوێنێت:

بسم الله الرحمن الرحيم، كل آمن بالله وملائكته وكتبه ورسوله واليوم الاخر ويؤمنوا بالله وقدره وخيره و شره الى الله تعالى.[5]

شـهد الله انه لا اله الا هو والملائكة و اولو العلم قـائماً بالقسط لا اله الا هو العزيز الحكيم. ان الدين عند الله اسلام.»[6]

---

١ ئەوەی لەسەر زەوییە گشتی فانییە. هەر خوای خاوەن شكۆت بەرز و بەڕێز باقییە. (الرحمان، ٥٥/ ٢٦ و ٢٧)

٢ فەنای بەندەم، بەقای منە (فەنا بۆ بەندەیە و بەقا بۆ منە).

٣ جگە لەو هەموو شتێ لە بەین دەچێ. فەرمان هەر فەرمانی ئەوە و هەر بۆ لای ئەو دەبرێنەوە. (قصص، ٢٨/٨٨)

٤ پاشان نزیک كەوتەوە و شۆڕ بووەوە، بەقەدماڵی دوو كەوانان یان نزیكتر، ئەوسا خوا هەر مەبەستێ كە وا ویستی بە عەبدی خۆی ڕای گەیێنی، پێی ڕاگەیاند. (نجم،/٥٣ ٨ تا١٠)

٥ بەناوی خوا كە دەهەندە و دلۆڤانە. گشت ئیمانیان بە خوا و فریشتەكان و كتێبەكان و رەسووڵ و ڕۆژی پەسلان و هەموو شتێك و قەدەر و خێر و شەڕێك كە لێوە پەیدا دەبێ، هەیە.

٦ خوا بۆ خۆی ئاگەدارە و فریشتەكانیش و زانایانی بە ئینسافیش باش دەزانن كە هیچ كەسێ جگە لە خوا، شیاوی پەرستن نییە و هەر خۆی بالادەست و حەكیمە، لەلای خوا دین هەر ئیسلامە. (آل عمران، ٣/ ١٨ و ١٩)

پاشان ئەمە بخوێنێت:

«اغتسل من غسل الفناء من جميع الاشتغال الدنيا وتشبه كذلك تقربُ الى الله تعالى.»[1]

پاشان فاتیحەیەک و سێ جار (سوورەتی) ئیخلاس بخوێنێ و سێ جار سەڵەوات بنێرێ و ئەمە بخوێنێت:

ان الذين يبايعونك انما يبايعون الله يدالله فوق ايديهم، فمن نكث فانما ينكث على نفسه و من اوفى بما عاهد عليه الله فسيؤتيه اجراً عظيماً[2].

پاشان ئەمە بخوێنێت:

«الحمد لله الذي لابيع الا وجهه بروح الا ملكه له الملك و اليه ترجعون. يا عبدالله اذكروني عهد الذي خرجتني الدنيا الى دارالفناء الاخرة. اشهد ان لا اله الا الله وحده لاشريك له و الهكم اله واحد احداً صمداً وخاتواً حياً قيوماً دائماً ديموماً باقياً دائراً ابداً لم يتخذوه صاحباً ولا ولداً، و لم يكن له كفواً احداً، و لم يكن له شريكُ في الملك. و اشهد ان محمداً عبده و رسوله بالهدى و دين الحق ليظهره على الدين كله و لو كره المشركون واشهد ان اميرالمؤمنين علي بن ابي طالب اسد الله الغالب اماماً معصوماً وارشاداً ماقبل الله تعالى ومن قبل رسول لله.

وبعد اولاد الحسن والحسين و علي بن الحسين و محمد بن علي وجعفر بن محمد وموسى بن جعفر وعلي بن موسى ومحمد بن علي و علي بن محمد وحسن بن علي ومحمد بن حسن صلوات الله عليهم اجمعين. هو الله على ما نقول وكيلا وان تولوا كما توليتم من قبل يعذبكم عذاباً اليماً.

«اذ تبرا الذين اتبعوا من الذين اتبعوا وراء العذاب و تقطعت بهم الأسباب.»[3]

اولياءهم اتولى و من اعدائهم التبرى و صلى الله على سيدنا محمد و آله اجمعين برحمتك يا ارحم الراحمين و الحمدُ لله رب العالمين.

تمَّتِ الكتاب بعون الله الملكِ المنّان.

---

١ بە فەنا غوسڵ بکەن، سەرقاڵی ئەم دنیایە مەبن و نزیکی خوای تەعالا ببنەوە.

٢ فتح، ٤٨ / ١٠

٣ لەو دەمەدا کە ئازار و جەزرەبە دەبینن، ڕێبەران حاشا لە پەیڕەوانیان دەکەن و پێوەندییان لێک دەپچڕێ. (بقرة، ٢/١٦٦)

## بەشی شەشەم

## ئەنفاس

**نەفەسی خەتایی**

فەزڵی هەقت بۆ بڵێم، (بەگیان) بیبیسە، گیانە!
گەلی عاریفان گوێ لەم قسە دەگرن
برادەرێک کە بێتەماڵەوە
کێ دەبێ دوازدە ئەرکانی (ببینێ)
ئەی واللە بڵێ و روومەمت لە خاک بسوو
ئەمەیە رو کنی یەکەم شای رەحمان
دووەم، سوجدە ببە بۆ دەرگا
سێیەم، مرۆ بە پێی راست دێتە ماڵەوە
چوارەم، دار بوەستە
بۆ ئەهلی ئیمان، ئەم دەوڵەتە بەسە
پێنجەم، بانگت بۆ دەخوێنن
ئامان! جوامێریت هەبێ و سوجدە بەرە
شەشەم، بۆ گەل، ئەوین بەسە
چارەسەری هەر دەردێک لە کۆبوونەوەدایە
ئەرکانی هەفتەمیش تەریقەتە
چەرخی پاڕانەوە لە (لای) راستی تۆ دەخولێتەوە
هەشتەم، مۆرەی پاڕانەوە
نۆیەم، دار وەستان بە ئەمان

دەیەم، دیسان بانگ بدەنەوە
دیسان جوامێریت هەبێ و سوجدە ببە
یازدەم، ڕێگەت نیشان دەدەن
بەدوای ( ) مەچۆ کە (دێر و زوو) لە بەرچاوتدا تێ دەپەڕێ
دوازدەم، چۆک بدە و سوجدە بەری
دەرهەق بە پیرو گەنج، ئاکار چاک بە
خەتایی من! تۆ ماویتەوە کە هەرکێ بگاتە (ئێرە)
ڕەحمەتی بۆ داوا بکەی لە هەق، بەهاسانی
ئەم نەفەسە لێرەدا کۆتایی هات
بە کۆتایی ئێمە مەڕوانە، ئەی هومام!

**نوتقی نەفەسی پیر سولتان:**

پیری من، شای پیاوان عەلییە
سـلاوێک، کە لە بەربەیانانەوە دێ
داوا دەکەم، شیاوی ئەوە نیم کە پیر بم
نزاکەرەوەی پیرم گشت ڕۆژێ بەربەیانان
شەو هات و ڕۆژ خۆی شاردەوە
تالیب خزمەتکاریی پیری خۆی دەکات
دوو موساحیب لەگەڵ یەکترا
هەموو کێشەکان کۆتایی دێ بەربەیانان
لە شوێنی ئێمە هەموو چاو دەکەن لە ئاقچە (مادیات)
ئاقچە بە ئاقچە دەدەن (پارە بە پارە دەدەن)
بەرەبەیان بولبول لە گوڵزاران دەنیشێتەوە.
فرمێسکی چاوی دەتکێتە سەرگوڵ، بەرەبەیانان
مرواریی یوهێژا لە دەریاکاندا دێنە ئاراوە

یەکێ گەوهەر، یەکێ سەدەف، یەکێ مرواری
ئێمەش پەنا دەبەینە شای پیاوان
فەلەک چێشتێکی لێ ناوە و دەڵێ وەرە و بە شوێنیا مەگەڕە و مەخۆ
سەدساڵ کاروبار (و سەرقاڵی)، دوایی هیچ
ئەم دونیایە گوزەرگای تۆیە، دەبێ بکۆشی و کۆچ بکەی
پیری سوڵتانم، رۆژێکی بەرەبەیان رۆیشت

**نوتقی نەفەسی پیر سوڵتان:**

ئێمە دورووود دەنێرین بۆ برادەری دەروێش
هەر رۆژ رووداوێکی نوێ لە پێشدایە
کێیە نەزەر لە ئاوێنەی دڵ ناکات
کێیە لە زەویی دوور کەوتووەتەوە
سەرپەنجەی چۆنە و سەری چۆنە
یان دەزانێ چلۆن تێپەڕ بووە ژیانی
چۆنە هەزار باڵی هەیە و جەستەکەی چۆنە؟
(سدر) و پرچی بۆ هاتووەتە خوار
شەست سەرپەنجەی هەیە و هەفتا سەری هەیە
مەولای بەتوانم دەزانێ چۆن هەزار (ساڵ) بە سەریا تێ پەڕیوە
هەشتا باڵی هەیە و نەوەد لەشی هەیە
[(لە) سیدرەتولنەهایەتەوە پرچ هاتووەتە خوار]
کێیە کە باخی بەهەشتی گەڕاوە
یان کە چۆن رۆنی قەندیل هاتە ئاراوە
کێ ئەنجومەنی وە رێ خست و کێ بوو بە ساقی
لە تەوێڵی کێیەوە بوو کە چرا هاتە خوارەوە بۆ زەوی (زەوی روون بووەوە)
ئادەم بوو کە بە باخی بەهەشتدا گەڕا

له زەیتوون ڕۆنی پڵیتە هاتە ئاراوە.
محەمەد ئەنجومەنی وەڕێ خست و عەلی بوو بە ساقی
لە تەوێڵی حەزرەتی فاتیمە چرای نوور هاتە خوارەرە [چرا گرسیاوە]
کێ بوو هەوارگەیەکی ئەوتۆی دامەزراند
کێ بوو برینی لە گیانی خۆیدا شاردەوە
ئەوە چ بوو کە ڕەشایی کێشا بە سەر سپیاییدا
ئەوە کێ بوو کە خۆی دوور خستەوە لە وەئاراداهاتن
بە ڤینی خوا بوو کە هەوارگەیەک وا دامەزرا
ئەیووب بوو کە برینی خۆی لە گیاندا هێشتەوە
قەڵەم بوو کە ڕەشایی کێشا بە سەر سپیاییدا
عەزازیلە کە ئیرانی لە خۆ دوور خستووەتەوە
[لە سەر چی ئاو و ئاگر، داوایان لە (با) کرد]
بابم دەروێش دەڵێ بزان چۆنە ناوی خوا
ئەوە کێیە کە شێر لێی فەرمان بەرێ
فورقان بۆ کێ بوو کە هاتە خوارەوە
[لە توانای تۆ ئاو و ئاگر (داوایان لە با کرد) ]
پیری سوڵتانم دەڵێ ناوەکان خوا هەزار و یەکێکە
سەلمان بوو کە شێر سەری بۆ دانەواند.
فورقان بۆ محەمەد هاتە خوارەوە

**نوتقی نەفەسی شا نەسیمی**

کە زانیت لە دڵی موئمیندا بیت الله (ماڵی خوا) هەیە
سابۆچی چۆک دانادەی لە هەمبەر ماڵێکدا کە ئەڵڵا تێیدایە
پاڵەوان ئەوەیە کە لە جیهاندا تەماح و نەفەس بکوژێ
ئەو لە مەجلیسی ئەولیادا ئەی وەڵـلای بۆ دەگوترێ

هەرچی هەیە لە ئادەمدایە، داوای هەق لە ئادەم دەکەن

وەک ئیبلیسی دڵڕەق مەبە، سیڕی خودا (سرّ الله) لە ئادەمدایە

ئەی حاجییەکان، ساڵێ جارێک دەچنە حەج، بەرەو کەعبە

تەوافی موئمینەکان بکەن کە ئەوان حەجی خودا (حج الله) یان هەیە، (چما حەجتان کردبێ)

گەنجی شاراوەیە حەقیقەت، ئە نەسیمی هیچ مەڵێ

ناوی یەکەم ئاشکرا مەکە، کە ئەم ڕێگەیە گومڕایانی فرەی هەیە.

**نوتقی نەفەسی پیر نەسیمی شا سوڵتان:**

لە دڵی خۆم نووسیم و پرسیارم لە دەرمان کرد، نەیزانی

گیان لە گیانان چی لێ هات، پرسیارم کرد، نەیزانی

ئاگر و ئاو و خاک و با لەو نێوانەدا سەمایان کرد

بەڵام ئەوکات کە ئەم سیڕەم لە لوقمان پرسی، نەیزانی

گشت شتانم گەڕا، چوار (لە) نۆ بوو، ئەم پاپۆڕەی نووحە، ئەمە نە فەلەکە لەو کەسانەی ئەو سەردەمەیان دیبوو، پرسیارم کرد، نەیانزانی

هەژدە هەزار عالی، هەق لە یەک نەفەسدا، گیانی پێیان بەخشی

گیان چییە؟ گیانان چییە؟ ئەم لە گیانانێکی فرە پرسیاری کرد، نەیانزانی کێشەکانی نەسیمی زۆرە لەم دنیایەدا

من نەمدەزانی، لەو کەسەی دیعایەی زانینی دەکرد، پرسیارم کرد، نەیدەزانی

**نوتقی نەفەسی کای گوسوز ئەبدال:**

وەرەوە، بێ، کێیە دەرمانی دەرد دەکا

ئەو کەسەی گیانی تۆ لە دەستی مەینەت رزگار بکاتەوە

پەروەردەیەکارێک پەیدا بکە کە مورشیدی ریگەی تۆ بێ

(تاکو) دین و ئیمانیت لە شەڕی شەیتان رزگار بکات

تا دەتپەرژێ و دەرفەتت هەیە، کاری خۆت جێبەجێ بکە.

تۆش وەک حەیوان بە دوای ئاسوودەیییەوە مەبە
ئەگەر بەندەیت، بەندەیی بکە (خوای) پاک و بێگەردیش وەک بینەر ببینە.
چاوان نیشانت دەدەن کە نەفەس دوژمنی تۆیە.
ئەمە باش نییە کە دۆست لە دوژمن بناسیتەوە.
کای گوسور ئەبدالْ دەڵێ کە ئەمە قسەی راستە.
خۆت لەگەڵ میوانی ماڵت هاونشین بکە.

**هو**

**نوتقی نەفەسی شاخەتایی (م):**

لە نواندنەوە (تجلّي)دا تاکو ئێستا، سوڵتانی دڵی من عەلییە
خوێنەری خاڵی بائی بسم الله عەلییە
ئەو کەسە لە چاوخشاندنێکدا هەژدە هەزار عالەم دەبینێ، عەلییە
ئێستا سەیری زەویی کرد، روم و شام و بەڕبەڕ
لافەتا بۆ کەسایەتیی ئەو هات، خوا پێی گوت شێری من
جبرەئیل بە ئەو شای قەدیمی ئەولیا، تەرجومانی دا
جبرەئیل لەو کاتە سەیف (شمشێر)ی ئەحمەدیی بۆ هاورد
ئەو شمشێرە کردی بە چوار پارچەوە یەکێکی حەبیبی خۆدیی
[سیانی لە دەستی حەزرەت ڕای کرد] الله اکبری هاوار کرد
هەر کەسێکی وەک زاتێک ناو برد ئەو قەدیمی هەرهە؟
لە وزەی ناردیە خوارەوە، خزمەتی هەرکامە بکە
یەکێک فاتیمە، یەکێک (Düldül)[1] بوو، لەو چوار پارەیە
یەکێک سەیف (شمشێر)ی زولفەقار، یەکێکیش قەنبەری عەلی
[شاخەتایی مە بۆ گشت ڕێنوێنە (Kemteri?)]
وَقَع الفرا غ من تحرير هذة الرسالة شيخ صفي قدّس اللّه سرّ (ه) العزيز ولله من

١ Düldül: ناوی ئەسپێکە کە حەزرەتی محەمەد (ص) بە حەزرەتی عەلیی دا.

الخاطي محمّد بن حبيب غفر اللّه له في (رۆژی ئەزمەنە) مانگی سەفەر رۆژی هەفتەم لە کاتی نوێژی عیشا و خەوتن لە لیوای ساروخان و واحدة عشرین بعد الف سنة ۱۰۲۱ [کۆچی مانگی]

(۷ سەفەر ۱۰۲۱) (۹ نیسان ۱٦۱۲)

## پێڕست

فەرمانی شێخ سەفی ........ 7
* بەشی یەکەم: شەریعەت بۆ خەڵکی ئاسایی ........ 10
* بەشی دووەم: تەریقەت بۆ دەسپێک ........ 13
* بەشی سێیەم: مەعریفەت بۆ دواجار ........ 26
* بەشی چوارەم: حەقیقەت بۆ کۆتایی (ئینتەها) ........ 38
* بەشی پێنجەم: ئەرکان ........ 50
صاحبُ الحروف (خاوەن حوروف) دەروێش حسێن ........ 58
سەبارەت بە چواردە مەعسوومی پاک ........ 59
ژێربەش: سەبارەت بە تانجنامە لە قەولی ئیمام جەعفەری سادقەوە ........ 61
ژێربەشی: ئەرکانی تەریقەت ........ 73
* بەشی شەشەم: ئەنفاس ........ 80